# سیستەمی سیاسیی لەڕوانگەی فیدرالیزمەوە

## (ئەڵمانیا، سویسرا، بەلجیکا، عێراق و هەرێمی کوردستان)

توێژینەوەیەکی سیاسی، یاسایی و شیکارییە



پرۆفیسۆر د. سالار باسیرە

ناوەرۆك

کورتکراوەکان..............................................................
پێشەکی..................................................................
تەوەری یەکەم
**بەشی یەکەم:**
باسی یەکەم: پێناسەی سیستەمی سیاسیو دامەزراوەکانی.
باسی دووەم: سیستەمی سیاسیو سیستەمی کۆمەلایەتی.
باسی سێیەم: کۆمەلگا پێویستی بەرێکخستن هەیە.
باسی چوارەم: هەر کۆمەلگایەك تایبەتمەندی خۆی هەیە.
باسی پێنجەم: سیستەمی سیاسی کۆمەلگای تەقلیدی.
باسی شەشەم: شێوەکانی سیستەمە سیاسیەکان (سیستەمە سیاسیە مەرکەزیو لامەرکەزیەکان)
بەشی دووەم
باسی یەکەم: زاراوەو چەمکی فیدرالیزم.
باسی دوەم: فیدرالیزم / سیستەمێکی سیاسیو کۆمەلایەتی.
باسی سێیەم: فیدرالیزم لەسیستەمی سیاسی دا، ئەلمانیا وەك نمونە.
باسی چوارەم: دروستبوون وکۆتاهاتنی دەولەتی فیدرال.
باسی پێنجەم: لایەنە زیانبەخشەکانی فیدرالیزم.
باسی شەشەم: دابەشکردنی دەسەلاتەکان.
باسی حەوتەم: کاریگەری هەرێمەکان لەسەر سیستەمی سیاسی ئەلمانیا.

**بەشی سێیەم:** سیستەمی سیاسیو فیدرالیزم لە ئەڵمانیا.
باسی یەکەم: هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن/ ئەلمانیای فیدرال.
باسی دوەم: ژمارەو دابەشبوونی دەنگەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی.
باسی سێیەم: پێکهاتەی ئەنجومەنی فیدرالی ئەلمانیا.
باسی چوارەم: سیستەمی سیاسی ئەلمانیا.
باسی پینجەم: سیستەمی سیاسی ئەلمانیاو فاکتەرەکانی سەقامگیری...
باسی شەشەم: رێکخستنی پرەنسیپی فیدرالیزم لەئەلمانیا بە رێگای دەستوری فیدرالیەوە.
باسی حەوتەم: رۆلو کاریگەری حیزبە سیاسیەکان لە ئەلمانیا لەسەر سیستەمی فیدرالی.

**بەشی چوارەم**

باسی یەکەم: توانا فیدرالیەکانی ئیتحاد لە عێراقو مافی هەرێمەکان لەدەولەتە فیدرالەکاندا.

باسی دوەم: مافە فیدرالیەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان دەستوری فیدرالیو هەرێمدا.

باسی سێیەم: بەربەستەکانی فیدرالیزم لەعێراق.

باسی چوارەم: ئەنجومەنی فیدرالی لەدەولەتی عێراق دا.

بەشی پێنجەم

باسی یەکەم: ئەزمونی دەولەتی فیدرالی سویسرا.

باسی دووەم: حکومەت لە سویسرا.

باسی سێیەم: سەرنجێك بۆ باری ئاینو زمان لەسویسرا.

باسی چوارەم: فیدرالیزم رێگاچارەیەکی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکیەکان (سویسراو بەلجیکا وەك نمونە).

باسی پێنجەم: سیستەمی فیدرالی / بەلجیکا لەبەراوردا.

بەشی شەشەم: نۆ مۆدێلی سیاسی بۆ عێراقی ئایندە.

خالی یەکەم: سیستەمی سەنترالیزم وکێشە سیاسیو فکریەکان..

خالی دووەم: سیستەمی ئیسلامی سیاسی.

خالی سێیەم: بە سێ هەرێم کردنی عێراق.

خالی چوارەم: بە پێنج هەرێم کردنی عێراق.

خالی پێنجەم: بە زیاتر لە پێنج هەرێم کردنی عێراق.

خالی شەشەم: فیدراسیۆنی کوردستانو فیدراسیۆنی عەرەبستان.

خالی حەوتەم: عێراق / سێ فیدراسیۆنی سونەو شێعەو کورد.

خالی هەشتەم: عێراق / سێ دەولەتی شێعەو سونەو کورد.

خالی نۆیەم: دوو دەولەتی کۆنفیدرالی کوردستانو دەولەتی عێراق.

**تەوەری دووەم**

بەهەرێم (کانتۆن) کردنی پارێزگاکانی باشوری کوردستان لە ناو یەکێتییەکی نەتەوەییو نیشتیمانیدا

پێشەکی

- ئەم پرۆژەیە بۆچی؟
- سودەکانی ئەم فرە هەرێمیە (کانتۆنیە) فیدرالیە
- پارێزگای سلێمانی وەک نمونە

- باری ئابوری پارێزگای سلێمانی بۆ بوون بە هەرێم (کانتۆن)
- ئەزمونی سویسراو مۆدێلی بەلجیکا
- ڕێگری یاسایی نیە بۆ بە هەرێم بوونی پارێزگاکانی باشوری کوردستان
- دەستوری عێراق (ماددەی 119)
- فیدرالی بۆ عێراق، مەرکەزیەت بۆ کوردستان

# کورتکراوەکان

CDU : Christ Demokratische Union حیزبی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی

CSU Christliche-Soziale Union in Bayern: حیزبی یەکێتی کۆمەڵایەتی مەسیحی

SPD : Sozialdemokratische Partei Deutschlands حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەلمانیا

BÜNDNIS 90/ DIE GRÜNEN : بوندنیس 90 / دی گرونن (هاوپەیمانی 90 / سەوزەکان)

BUNDESTAG : بوندستاگ (پەرلەمانی ئیتحادی ئەلمانیا)

BUNDESRAT : بوندسرات : ئەنجومەنی فیدرالی (هەرێمەکان)

DIE LINKE : دی لینکە، چەپەکان

# پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە خانەی سیستەمی سیاسی لەدیدی فیدرالیزمەوە. ڕەچەتەیەکی تەواو بوونی نییە بۆ پراکتیزەکردنی سیستەمی فیدرالّی، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك ئاڵۆزیو تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو لەژێر کاریگەریی چەندین فاکتەردایەو پڕکردنەوەیان ئاسان نییە. هەر وڵاتەو بەپێی تایبەتمەندیەکانی خۆی دەبێت شێوازی سیستەمە سیاسییەکەی خۆی دابڕێژێت. مرۆڤایەتی لەگەڵ گەشەکردنی مێژووی ژیانیدا بەکۆمەڵێك لەسیستەمی سیاسیدا ڕۆیشتووە. فیدرالیزمیش بەشێکە لەو سیستەمانەو شێوازێکە بۆ فەرمانڕەوایی دەوڵەتو کۆمەڵو لەزۆرێك لە دەوڵەتانی جیهان پیادەدەکرێ. بۆ دەوڵەتانێكو کۆمەڵگەی پلورالیزمی وەك عێراقو ئێرانو تورکیاو سوریاو هاوشێوەکانی پیادەکردنی ئەم شێوازی سیستەمە سیاسییە سەرەڕای کێشەو بەربەستەکان، بەڵام بەگونجاو دەبینرێت. ئایا فیدرالیزم وەك سیستەمێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئیداریی گونجاوە بۆ عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە؟، ئایا ئەم شێوازی سیستەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی دیموکراسییەتو سەقامگیری لەم دەوڵەتەدا؟، ئایا بە هەرێم(کانتۆن) بوونی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان/ باشوری کوردستان بەسوودە؟، کۆپیکردنی سیستەمی سیاسیی وڵاتێك بۆ یەکێکیتر دەقاودەق نەگونجاوەو پێویستە لەگەڵ بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو کەلتوریی ئەو وڵاتە خۆیدا گونجاوبێتو گەشە بکات، بەڵام سیستەمی سیاسی سەنترالیزم لە مێژووی سیاسیی عێراق بەڕوونی نیشانیدا گونجاو، ئەقڵانی نییە بۆ سروشتو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عێراق. فکری فیدرالیزم بەرهەمی کۆمەڵی عێراقی خۆی نەبووەو لەخوارەوە بۆ سەرەوە ئەنجامنەدراوە، بەڵکو بەرهەمی فکری ئەلیتەیەکی سیاسییەو هەربۆیە بڕیار لە کۆمەڵگەی عێراقیش لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەدرێ نەك بەپێچەوانەوە. فیدرالیزم یەکێکە لەشێوازی سیستەمە سیاسییەکان کە لەزۆرێك لە دەوڵەتان بەسەرکەوتویی پراکتیزەکراوەو بۆتە هۆی چارەسەری زۆرێك لە کێشەو جیاوازی ئەتنیکیو مەزهەبیو ئیداریو کەلتوریو فاکتەرێکی گونجاو بووە بۆ سەقامگیرییو دیموکراسیی. بەڵام لەهەندێك لە دەوڵەتانیش ئەم سیستەمە لێکهەڵوەشاوە، وەك لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، یۆگۆسلافیاو ئەنگۆلا. هەر لەم توێژینەوەیەدا نوسەر دە مۆدێلی سیاسی بۆ ئایندەی عێراق خستۆتەڕوو. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی بابەتەکە باس لەسیستەمی سیاسییش دەکات هەربۆیە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەم بۆ باسێك لەسەر ئەم بابەتە تەرخانکردوە. لەکاتێکدا تەوەری دوەمی کتێبەکە بۆ پرۆژەی بە هەرێم (کانتۆن) کردنی پارێزگاکانی باشوری کوردستان تەرخانکراوە.

dr.salarbasira@hotmail.com

## بەشی یەکەم

## باسی یەکەم:

### پێناسەی سیستەمی سیاسیو دامەزراوەکانی

سیستەم (System) وشەیەکی فەرەنسیەو بەواتای کۆمەڵە بنەمایەکی ڕێكو پێك دێت بۆ پێکهێنانی ئۆرگانێکی سیاسیو کارگێڕی. لە بواری سیاسیدا پتر بەواتای شێوازی حکومەتو پێکهاتەی سیستەمی سیاسی بەکاردێت1. سیستەمە سیستەمە سیاسییەکانو دامەزراوەکانی وەك (پەرلەمان، حکومەت، دادوەری)، دەوڵەت، حیزبو ڕێکخراوەکانیو ڕایگشتیو هاوبەشیی هاوڵاتی لەحکومەتو کارگێڕیدا، هەروەها ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان، دەسەڵاتو هێزو پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردن2. سیستەمی سیاسی چەند دامودەزگایەکە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا کە کاروباری بەڕێوەبردن دەگرنە ئەستۆ لە ڕێگای ئەو یاساو ڕێسا مولزیمانەی کە لە ئارادان، یان دانراوون لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پەیڕەوکراودا3. سیستەمی سیاسی بە تەنیا بریتی نییە لە دامەزراوە حکومییەکان بەتایبەت ئەوانەی وەك دامەزراوە ڕەواکانو بەڕێوەبەرایەتییەکان، بەڵکو بریتییە لەهەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بەهەموو ڕووە سیاسیەکانیەوە بۆ نمونە پێکهاتە تەقلیدیەکانیش کە لەسەر بنەمای خزمایەتیو عەشیرەت دامەزراون. بەواتا "سیستەمی سیاسی ئەو دیاردانەیە کە بەهەموویانەوە سیستەمێك پێکدێنن". سیستەمی سیاسی داینەمۆی دەوڵەتو ژیانی کۆمەڵگایە، هەروەها ئەرکی ڕێکخستنی کۆمەڵ دەگرێتەئەستۆ. سیستەمی سیاسی زیاتر تایبەتە بەڕێکخستنی شێوازو کاری دەسەڵاتو کۆمەڵو کۆمەڵە سیاسییەکانو کردەی سیاسی .

## باسی دووەم

## سیستەمی سیاسیو سیستەمی کۆمەڵایەتی

سیستەمی سیاسی لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە. دیاردەو کردە سیاسییەکان لە بنەڕەتدا دیاردەو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام هەموو ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتیش مەرج نییە بچێتە خانەی سیاسەتەوە بۆیە سیستەمی سیاسی زیاتر تایبەتە بە ڕێکخستنی شێوازو کاری دەسەڵاتو کۆمەڵو کۆمەڵە سیاسییەکانو ڕەفتاری سیاسی. سیستەمی سیاسی لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی پەیدا دەبێت. هەموو گۆڕانێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتی کار لە سیستەمی سیاسی دەکاتو ئەوانیش گۆڕانیان

---

1 ) فەرهەنگی ڕامیاری (نیگا)، ئامادە کردنو وەرگێرانی: ئازاد وەلەد بەگـ، هەولێر، 2005،ل.276 .

2) *Wolfgang Jung, Grundbegriffe aus Politik Gesellschaft, Wirtschaft, Frankfurt, 2005, S. 203-204.*

3 ) بەهادین ئەحمەد محەمەد، تیۆری دەولەتو سیستەمە ڕامیاریەکان، سلێمانی، 2002، ل. 139.

بەسەردا دێت. لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی تارادەیەك بریتییە لەسیستەمی کۆمەڵایەتی، بۆیە هەر جۆرە ناسەرکەوتنێك لە سیستەمی سیاسیشدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی سیستەمی کۆمەڵایەتی.

لەم بوارەدا حیزبو ڕێکخراوی سیاسی بەتایبەت گرنگیدان بەئایدۆلۆژیای ئەو حیزبە ڕۆڵی گرنگ دەبینێتو هێزێکی بەتوانایە بۆ گۆڕینو بەمۆدێرنکردن. پێشکەوتنی سیستەمی سیاسیی پێویستی بە هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەیە کە یارمەتی کۆمەڵ ئەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیستەمەکە. هوشیاری کۆمەڵایەتی ڕێگا بۆ هاوڵاتیان خۆش دەکات لەزۆر لایەنەوە چاودێری ژیان بکەن لەبواری کۆمەڵایەتی، کەسایەتی، ئەخلاقی ..تاد. کێشەی لەسەرخۆ گەشەکردنی کۆمەڵگا لە بوارەکانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی دەمێکە لەلایەن زاناکانو کۆمەڵناسەکان بایەخی پێدراوە. مێژووی مرۆڤایەتی ئەو ڕاستیەی بەڕوونی نیشانداوە کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو سیاسی پرۆسەیەکی حەتمیە. هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی لە ئاستی نزمی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیدان دەبێت بەو ڕێگایانە تێپەڕن کە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان پێیدا تێپەڕیوون. دەوڵەتی عێراقیش بەهەرێمی کوردستانیشەوە بێبەش نییە لەم یاسایە. بەڵام دیارە هەر کۆمەڵگایەك بەگوێرەی خەسلەتی نەتەوەیی خۆی بەم پرۆسەیەدا تێپەڕ دەبێت. بەم پێیە پێکهاتەی سیاسی حیزبی سیاسیو سیستەمی سیاسی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە خۆیەتی. بەواتا بەرهەمی واقعی کۆمەڵایەتییە.

## باسی سێیەم
## کۆمەڵگا پێویستی بە ڕێکخستن هەیە

کۆمەڵگا بەبێ دەسەڵاتی سیاسی ڕێکخراو مەحاڵە. بۆیە پێویستی بە دەسەڵاتیکی سیاسی، بە سیستەمێکی سیاسی ڕێکخراو هەیە تاوەکو بنەماکانی ژیانو گوزەران ڕێکبخات. دەزگاکانی دەوڵەت کە سیستەمە سیاسییەکە پێکدەهێنن وەك پەرلەمانو حکومەتو دادوەری ڕۆڵی گرنگ دەبینن تێیدا. لێرەدا حیزبی سیاسیش گرنگو پێویستە بۆ سیستەمی سیاسی کە بریتیە لە شێوازێك بۆ بەیەکەوە گرێدانو بەستنەوەی گشت پەیوەندیە سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابورییەکانی نێو کۆمەڵگا. هەروەها حیزب ئەرکی ڕێکخستنی کۆمەڵو ڕۆڵی بەڕێوەبردن لە ڕێگای ئەو یاسایانەی کە هەن لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی پەیڕەوکراودا دەگرێتە ئەستۆ[1]. ئەو کۆمەڵگایانەش کە پەیکەری

---

1 ) ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، سیستەمی سیاسی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، شوێن نادیارە، 2003، ل. 55.

دەوڵەتیان نییە دەکرێ دابنرێن کە سیستەمی سیاسیان هەیە. زاراوەکە بە شێوەیەکی دیاریکراو لە زانستی سیاسیدا بریتیە لە کۆمەڵێك پەیکەرو پرۆسەو دەزگا کە لەنێوان خۆیاندا کارلێك دەکەن. لەبەرئەوەی زاراوەکە بەفەرمانەکانیەوە دەناسرێت ئەوا دەکرێت ئاماژە بدات بەو ڕێکخستنە سیاسیانەی دەوڵەتو نادەوڵەتییش.1.

## باسی چوارەم
## هەر کۆمەڵگایەك تایبەتمەندی خۆی هەیە

بێگومان هەر کۆمەڵگایەك تایبەتمەندی خۆی هەیە. بیروبۆچوونی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی دەربارەی دەسەڵاتو سیستەمی سیاسی لەگەڵ ئەوی تردا دەگۆڕێ ئەویش بەپێی ڕەوشی تایبەتی هەر کۆمەڵگایەك لەڕووی مێژوویی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئاستی هوشیاری‌و جیۆپۆلەتیکەوە کە بە هەموویانەوە باری سایکۆلۆجی‌و کۆمەڵایەتی‌و هوشیاری سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگا دیاریدەکەن2. ئەم فاکتەرانە بۆنمونە لە وڵاتێکی ڕۆژئاوای ئەوروپا بەپێی تایبەتمەندیەکانی خۆی جۆرێکی ترە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتێکی تری دواکەوتوو، یان تازە گەشەکردوو. واتا سیستەمی سیاسی پەیڕەوکراو لە وڵاتو دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ. لەهەر دەوڵەتێکدا ڕادەی هوشیاری سیاسی کۆمەڵو بیروبۆچوونی مرۆڤەکانی دەربارەی دەسەڵات لەسەر بنچینەی قۆناغە مێژوویە جیاجیاکان بەخۆوە وەردەگرێ کە دەوڵەتی پێدا ڕۆیشتووە.

## باسی پێنجەم
## سیستەمی سیاسی کۆمەڵگای تەقلیدی

خەسڵەتی کۆمەڵگای تەقلیدی بریتییە لە کردەوە تەقلیدیە کۆمەڵایەتیەکان. واتا ئەو کردەوانەی کە لەسەر بنەمای ئەقڵو مەنتق دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو کردەوانەی کە سەردەمانێك کاری پێکراوەو جێگیربووەو بەمیرات ماوەتەوە وەك شتێکی تەقلیدی. یەکێك لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی تەقلیدی بریتیە لەپێکهاتەیەکی داخراوی کۆمەڵایەتی کە گران خۆی دەداتە دەست گۆڕانکاری بە تایبەت بەمۆدێرنکردنی هەرەمی سەرەوەی. جگە لەوە زۆربەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە سەربەخۆییان نییە، واتا بەستراونەتەوە بەنەریتی گشتی کۆمەڵگەکە. لێرەدا هوشیاری ئاینی زاڵە بەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەکە. دەسەڵاتی سیاسیش خەسڵەتێکی حوکمی فەردیە تێیدا. بۆیە ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە هەروەك ئامازەم پێدا بەپێی سروشتی خۆی، خۆی

---

1 ) نیگا، فەرهەنگی رامیاری، 2005، ل. 141– 142.

2) بەهادین ئەحمەد محەمەد، ل. 158.

کەمتر دەداتە دەست بەمۆدێرنکردنو زیاتر لە شوێنی خۆی دەچەقێو گۆڕانیشی کاتێکی دورودرێژی دەوێ کە ئەمیش بەندە بەکۆمەڵێك فاکتەرەوە. لەم سیستەمە تەقلیدیەدا ئابوری خزمایەتیو بارودۆخی پابەندبوونو پەیوەندی کەسیی دروستدەبێتو ڕۆڵ دەبینێت. بەم شێوەیە گەشەکردنی ئابوری گێڕ دەبێتو دەسەلاتەکە دەسەلاتیکی کلاسیکیو تەقلیدیەو هۆشیاری کۆمەڵ لەئارادا نییەو دەسەلاتداری تەقلیدیو کلاسیك سوود لەم دیاردەیە وەردەگرێو دەشیەوێ کەشو هەوا کۆمەلایەتیە دواکەوتوەکە هەر بەم شێوە کۆنە بمێنێتەوە لە شێوەی دابو نەریتە تەقلیدییەکان. هەموو پێشکەوتنو هۆشیارییەکی کۆمەلایەتی دەبێتە لاوازکردنو گۆرینی ئەو نەریتە تەقلیدیەی کە دواتر دەبێتە رێگر لەبەردەم دەسەلاتی دەسەلاتدارە تەقلیدیەکەدا، بەواتا سیستەمە سیاسیە تەقلیدیەکە. هەربۆیە بەگشت شێوەیەك ئەم لایەنە هەوڵی لەناوچونی پێشکەوتن ئەداتو دەیەوێ کۆمەلگە کۆنەکە کۆمەلگەیەکی داخراو بێتو بەهۆی ناهوشیاری کۆمەڵەوە بۆی بچێتە سەرو دەسەلاتدار جێگای یاساش بگرێتەوەو دەیەوێ لەم زیاتر کۆمەڵ هیچی ترنەبینێتو بەم شێوەیە کۆمەلگە بێبەش دەکات لەمێژووش1.

لەو کۆمەڵگایانەی هوشیاری سیاسی لای هاولاتیان کزولاوازەو هەروەها رەوشی ئابوریو کۆمەلایەتی تیایاندا لاوازە، ئەوا سیستەمی سیاسی پەیڕەوکراو لە دەوڵەتدا سیستەمێك دەبێت لەسەر زەبروزەنگو خۆسەپاندن بنیاد دەنرێت. لێرەدا پێشێلکردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵو سەربەستیەکانیانو بوارنەدان بەگروپی سیاسی جۆراوجۆر لەدەوڵەتدا شتێکی ئاسایی دەبێت. واتا سیستەمی دیکتاتۆری لەدەوڵەتدا پەیرەو دەکرێت، ئیتر ئایا ئەو سیستەمە دیکتاتۆریە سیستەمی دیکتاتۆری تاکە کەسی بێت یان رێچکەیی بێت2. بەلام پەیرەوکردنی هەر شێوەیەك لە سیستەمی دەسەلات لەدەوڵەتدا شتێك نیە بەردەوام بەزۆر بسەپێندرێ، یان هەتا سەر بڕبکاتو نەگۆڕ نەبێت، ئەگەر سیستەمە سیاسیە پەیڕەوکراوەکە لەگەل باری سایکۆلۆجیو فکریو کەلتورییو کۆمەلایەتیو خواستی خەڵکی ولاتدا گونجاو نەبوو، ئەوا ئەو سیستەمە سیاسیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زەمەنییش پەیڕەو بکرێت بەلام وەکو ئەنجام هەر هەرەس دێنێتو ئامانجی رێکخستنی دەوڵەت ناپێکێ کە لەراستیدا پێویستە بۆ خۆش گوزەرانیو سەقامگیر کردنی ڕەوشی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوری هاتبێتە کایەوە .

1) *Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Tübingen, 1980, S. 130.*

2 ) بەهادین ئەحمەد محەمەد، ل، 168.

## باسی شەشەم
## شێوەكانی سیستەمە سیاسیەكان (سیستەمە سیاسیە مەركەزیو لامەركەزیەكان)

ئەو سیستەمانەی لە مێژووی سیاسیدا فەرمانڕەواییان كردووەو لەخوارەوە ئاماژەم بە هەندێكیان داوە لە هاوكێشەی كۆتایدا سەرجەمیان دابەش دەبن بەسەر دوو جۆر لە سیستەمی سیاسی كە بریتین لە سیستەمی ناوەندیو ناناوەندی (مەركەزیو لامەركەزی). سیستەمە مەركەزیەكان ناكرێ لەگەڵ دیموكراسیەتدا كۆك بن چونكە خاوەن دوو جیهانبینی جیاوازن. بۆنمونە سیستەمی سیاسی بەعس لە عێراقو سوریا ئەم ڕاستیەی سەلماند. تەنیا دەسەڵاتی لامەركەزی خەسلەتی دیموكراسی پێوە دیارە. فیدرالیزمیش دەچێتە خانەی سیستەمی لامەركەزیەوە. مەركەزیەت خولیای مۆنۆپۆلكردنی دەسەڵات وبڕیارە،خولیای زەوتكردنی ماف وئازادیەو چارەنوسی ئەوانی ترە... بەڵام فرەیی تەنیا لەسایەی ئازادیدا دەتوانیت بەردەوام بێت ومانای خۆی لەدەست نەدات.

### سیستەمە سیاسیە لامەركەزییەكان

1. سیستەمی لامەركەزی پارێزگاكان
2. سیستەمی فیدرالی

جیاوازی لامەركەزی پارێزگاكان لەگەڵ ئەوەی فیدرالیەتدا لەم خالانەدا خۆی دەبینێتەوە:

- لە لامەركەزی پارێزگاكاندا یەك دەوڵەتو پارێزگاكان هەیە كە یەك دەستوری مەركەزیی تێدایەو یەك دەسەڵات دابەشە لەنێوان مەركەزو ناوچەو پارێزگاو یەكە ئیداریەكانی یەك دەوڵەتداو كاروباری ئیدارەی دەسەڵات ڕێكدەخاتو لامەركەزی پارێزگاكان هەیە.
- لە كاتێكدا لەفیدرالیەتدا چەندین هەرێمو ویلایەت دەچنە نێو ئیتحادێكەوە كە هەر هەرێمێك، ویلایەتێكی نێو ئیتحادەكە دەست لە بەشێك لە سیادەی ناوخۆی خۆیو هەروەها لەسەرجەم سیادەی دەرەوە بۆ بەرژەوەندی كیانە ئیتحادیە فیدرالیەكە هەلدەگرێت. دەوڵەتی ئیتحادی بەرپرسە لە سیادەی دەرەوەو هەندێ لایەنی نێوخۆش. لە كاتێكدا هەرێمەكانی، یان بەشەكانی تری ئیتحاد سەربەخۆیە بۆ باقی كاروبارەكانی نێوخۆ.
- هەرێمەكان یان ویلایەتەكان لە دەوڵەتی فیدرالی یەكەی دەستورین نەك یەكەی كارگێری هەروەك ئەوانەی پارێزگاكان لەدەوڵەتی یەككگرتودا هەیانە. هەموو هەرێمێك دەستورێكی هەریمی خۆی هەیە.
- سەرجەم كاروبارەكانی دەسەڵات لە ناوچەی لامەركەزی پارێزگاكاندا لەلایەن





دەستوری نیشتیمانیەوە ریکدەخریتو ریگا بەهەر پاریزگایەگ ئەدریَ کاروبارەکانی (الحکم المحلی) ریکبخات کە لەسەر ریکەوتنامەو تیگەیشتنی نیوان مەرکەزو دانیشتوانی ئەقلیمەکەیە. لە کاتیکدا دەولەتە ئیتحادیە فیدرالیەکان هەر یەکیکیان دەستورە تایبەتیەکەی خوی دەپاریزیتو بریتیە لە تەنازول لە کیانی نیوخوی ئیتحاد لە هەندیَ لەبەشەکانی دەسەلات بو هەریمەکانو هەروەها هەریمەکانیش بەهەمان شیوە بو بەرژەوەندی کیانی ئیتحادی. "1.

## بەشی دووەم
## باسی یەکەم
### زاراوەو چەمك و پیناسەی فیدرالیزم

فیدرالیزم وشەیەکی لاتینیە لە (foedus)وە هاتووە بەواتای یەکبوون (الاتحاد) دیتو لەبنەرەتدا پرەنسیپیکی ریکخراوەییە کە یەکەکان (هەریمەکان) بەرپرسیاریتیەکی خویان هەیە بەلام چوونەتە نیو سەرجەمیکەوە2. " . " سیستەمی فیدرالی وەك ریکخستنیکی رامیاریو دەستوری ناوخویی لیکدراوە، بەو پییە هەریمەکان ملکەچی دەولەتی فیدرالی دەبن"3. هەریمەکان مافی چارەی خونوسینیان هەیە لەچوارچیوەی دەسەلاتەکەیاندا بونمونە پەروەردەو هیزی پولیسو ئاسایش...تاد. بەواتای پیکەوەگریدانی چەند دەولەتیکیش دیت بو دەولەتیکی سەرجەم (یەکیتی فیدرالی). دەولەتی سەرجەم (الاتحاد) بو هەموو ئەو شتانە بەرپرسە کە لەبەرژەوەندی گەلدا بەئیتحاد دەبیت ریکبخرین، بەلام بوارەکانی تر هەریمەکان ئەنجامی ئەدەن . "

فیدرالیزم بەواتای بەشداری سیاسیو کومەلایەتی وئابوری دیت لەدەسەلاتدا، ئەمەش لەریگای پەیوەستیکی ئارەزومەندانەی نیوان نەتەوەو گەلان، یان پیکهاتە مرۆییەکانی سەر بە رەچەلەکی نەتەوەییو رەگەزی جیاجا، یان چەند زمان، چەند ئاین یان چەند کەلتوریکی جیاجیادا دیت. ئەمەش لەنیو سیستەمیکی یەکیتیدا کە قەوارە لەیەکترجیاکان لەیەك دەولەتدا یان لەیەك سیستەمی سیاسیدا یەکبخات لەگەل هیشتنەوەی قەوارە یەکگرتوەکان بە ناسنامەی تایبەت بەخویانەوە لەرووی پیکهاتەی کومەلایەتیو سنوری جوگرافیو زمانو کەلتورو ئاینەوە لەتەك بەشداری کاریگەرییان لە دارشتنو دروستکردنی سیاسەتو بریارەکانو قانونەکانی فیدرالی

1 ) نبیل عبدالرحمن حیاوي، اللامرکزیةء الفیدرالیة، بغداد، 2006، ص. 48.
2 ) سەیوان کاکەرەش، بەراورد لە نیوان رژیمە فیدرالەکاندا، سلیمانی، 2002، ل.5.
3 ) نیگا، فەرهەنگی رامیاری، ل.297.

وخۆجێی، لەگەل پابەندبوون بەپێرەو کردنیان بەگوێرەی پرەنسیپی برِیاردانی ئارەزومەندانەو پرەنسیپی رێکەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکانو دەسترۆیشتنەکان (الصلاحیات)و ئەرکەکان (الوضائف) بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانو بۆ پاراستنی قەوارەی یەکێتیەکە. لە پێناسەیەکی تردا فیدرالیزم سیستەمێکی یاساییە لەسەر بنچینەی چەند رێسایەکی دەستوریی روون دامەزراوە کە ژیانی هاوبەش بۆ نەتەوەو ئاینو مەزهەبو لایەنە جیاجیاکان لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا دابین دەکات کە دامەزراوە دەستوریەکان لە دەوڵەتی قانوندا بەرێوەیان دەبەن. کەواتە بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم چەمکە دەکرێ بوترێت فیدرالیزم سیستەمێکی سیاسیە دەتوانێ یەکێتیەکی ناوەندی لەنێوان دوو کەرت یان دوو هەرێم، یان کۆمەلە کەرت وهەرێمێکدا دامەزرێنێ، بەشێوەیەك کە کەسێتی دەوڵەتیی هەر بۆ حکومەتی "ناوەندی"دەبێت لەگەل پاراستنی برێك لە سەربەخۆیی ناوخۆیی بۆ هەریەك لەیەکە پێکهێنەرەکانی یەکێتی فیدرالی. هەرێم یان ویلایەتە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدرالی بە یەکەی دەستوری دادەنرێن، نەك یەکەی کارگێری وەك ئەوەی پارێزگاکان لەدەوڵەتی یەکگرتودا هەیانە1". بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە پێناسەو چەمکی فیدرالیزم ئاماژە بەچوار رێچکە دراوە کە بریتین لە:

1. "رێچکەی ویر .(Whera) بەگوێرەی ئەم رێچکەیە فیدرالیەت هۆکارێکە بۆ دابەشکردنی سەرجەم دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی گشتیو حکومەتی هەرێمەکان، بەشێوەیەك کە هەم (متناسق) بمێننەوەو هەم سەربەخۆیی خۆشیان بپارێزن.

2. رێچکەی فریدریك .(Friedrich) بەپێی ئەم رێچکەیەش فیدرالی چەند پێکهاتەیەکی سیاسی سەربەخۆ دەهێنێتە کایەوە کە زۆرجار بەهاوبەش کاروبارەکانیان بەرێوە دەبەنو برِیاری هاوبەش دەدەن. زۆرجاریش سەربەخۆیی خۆیان لەدەست نادەنو کاروبارە تایبەتەکانی خۆیان بەرێوەدەبەنو بۆ باشترکردنی بارودۆخی خۆیان کار بەپرەنسیپی قوربانیدان ناکەن.

3. رێچکەی لیڤینستۆن .(Livingstone) ئەم رێچکەیە زیاتر پشت بە واقع دەبەستێت بە شێوەیەك فیدرالی لەروانگەو میانی دارشتنی دەستوریو دامەزراوەییەوە شرۆڤە ناکات بەلکو پشت دەبەستێت بەواقعی هەبوونی سیماکانی فیدرالی بەشێوەیەك کەهەر کاتێك سیماو سیفەتو تایبەتمەندێتیەکانی فیدرالی لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەدیکرا، ئەو کۆمەڵگایە بە کۆمەڵگایەکی فیدرالی دادەنرێت ئیتر با لەرووی رێکخستنە دەستوریەکانیشەوە نەگەیشتبێتە ئەو ئاستە. لەگرنگترینی سیماکانی فیدرالیش کە ئەم رێچکەیە باسی لێوەکردوە ئەوەیە کە توانای خودی خۆبەرێوەبردن هەبێتو شێوازێك لە لامەرکەزی پیادە بکرێتو دەسەلاتی خۆجێیەتی (محلی) هەبێت.

---

1 ) عەلی شەمەری، فیدرالیزمو سیستەمەکانی یەکێتی فیدرالی، وەگێرانی بۆ کوردی: حەسەن یاسین، سلێمانی، 2004، ل.6-7، 9 .

4. ڕێچکەی ریکەر .(Ricker) ئەم ڕێچکەیە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر جەخت لەسەردەستوری فیدرالی دەکاتو پێیوایە کە فیدرالی پێکهاتنو شێوازە ڕێکخستنێکی ناوخۆیی دەستورییە کە لەرێگای دەستورەوە بنەماکانی دادەرێژێت. ئەم دەستورەش جیاوازە لەودەستورەی کە رۆحی دەسەڵاتەکان لەدەستی تەنها دەسەڵاتیکدا کۆدەکاتەوە"1. " جیاوازی لە نێوان دوو جۆر فیدرالیدا دەکرێت کە بریتیە لە فیدرالیەتی تەقلیدی رۆژئاوایی کە ناودەبرێت بە فیدرالیەتی دەوڵەتەکان. ئەویتر ناودەبرێت بە فیدرالیەتی سۆشیالیستی مارکسی کە پێی دەوترێت فیدرالیەتی نەتەوەکان 2.

## باسی دووەم
## فیدرالیزم / سیستەمێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی

فیدرالیزم یان یەکێتی فیدرالی بەتەنیا بنچینەیەکی سیاسی نیە بەلکو ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتوریشە"3، " ، دەکرێ بوترێ فیدرالیزم وەك سیستەمێکی سیاسی ئەمرۆکە لە 27 ولات پیادە دەکرێ کە 40% ی دانیشتوانی سەر ڕووی زەوی تێدا دەژی کە خۆیان بە دەوڵەتی فیدرال پێناسە دەکەن یان بەگشتی بە فیدرال دەبینرێن



نەخشەی ژمارە 1

de.wikipedia.org/wiki/F%C3%B6deralismus
ڕەنگە تۆخەکان بریتین لەدەوڵەتە فیدرالیەکان

1 ) سۆران حوسێن قادر بەرزنجی، کێشە یاساییە نێودەولەتیەکانی هەرێمەکان لە دەولەتی فیدرالیدا، توێژینەوەیەکی بەراوردکاری، هەولێر، 2003، ل.13.

2 ) هەمان سەرچاوە، ل.13.

3 ) هەمان سەرچاوە، ل.9.

نزیکەی هەموو ئەو دەوڵەتانەی خاوەن ڕوبەری گەورەن یان خاوەن دانیشتوانی گەورەن دەوڵەتی فیدرالین وەك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کەنەدا، ئوستورالیا، هندستان، روسیا، بەرازیل، ئەرجەنتین (بروانە نەخشەی ژمارە 1). لەگەل پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردن ئەرجەنتین، بەرازیلو مەکسیك بەرەو فیدرالیزم هەنگاویاننا، بەلجیکا، ئەسیوبیاو ئیسپانیا پێشتر دەوڵەتی مەرکەزی بوونو دواتر بوونە فیدرالی.

دەوڵەتەکانی وەك بۆسنە، کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ، عێراق، سۆدانو خوارووی ئەفەریقا رویانکردە سیستەمی فیدرالی. سریلانکاو نێپال نزیکن لەقبول کردنی سیستەمی فیدرالی. یەکێتی ئەوروپا چەندین خەسلەتی فیدرالی پێوە دیارە"1.

فیدرالیزم جیاوازە لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیو ئابوریو دامەزراوەکانیدا. ولاتانی زۆر گەورەو ولاتانی زۆر بچووك، ولاتانی دەولەمەندو هەژاریش دەگرێتەوە. ولاتانی یەك جۆرو هەروەها فرەلایەنیش دەگرێتەوە (فیدرالی تاك نەتەوەو فرەنەتەوە). هەندێك لە سیستەمە فیدرالیەکان دەمێکە دیموکراتین بەڵام هەندێکی تر ئەزمونێکی کورتترو پرکێشەیان هەیە. شێوازی دارشتنی سیستەمەکە وەك یەك نیە لەگشت شوێنێك. لە هەندێك سیستەمی فیدرالیدا تەنیا یەك، دوو یان زیاتر هەرێم هەیە، بۆنمونە عێراق. هەندێك فیدرالی سەقامگیرنو بەپێچەوانەوە هەندێکیتر ناسەقامگیرو دابەشکراوە. هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕۆل بینینو سەرکەوتنی سیستەمە فیدرالیە جیاوازەکان لەیەکتر. تەنیا یەك مۆدێلی یەکگرتوی گونجاونیە بۆ هەموو بارودۆخەکان. توانای یەکخستنی چەندین شێواز یەکێکە لەخالە بەهیزەکانی فیدرالیزم، بەڵام لەگەل ئەم جیاوازیانەشدا چەندین خالی هاوبەشیش هەن کە سیستەمی فیدرالی لە شێوەکانی تری حکومەت جودا دەکاتەوە بۆنمونە دوو ئاستی دەزگای دەوڵەتیان هەیە کە یەکێکیان بۆ سەرجەم دەوڵەتەو ئەوی تریان بۆ هەرێمەکانە. هەر ئاستێك لەم دووانە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە هاوڵاتیەکانیەوە هەیەو هەموو ئەمانە بەیاساو دەستور رێکدەخرێن. ئاسایی دەبێت سیستەمی سیاسی فیدرالی دیموکراسیو قانونی بێت چونکە رژێمە نادیموکراسیەکان ئاوتۆنۆمی نادەنە یەکەکانی دەوڵەت"2.

هەموو ئەو 28 دەوڵەتانەی پێشتر ئاماژەی پێدرا هەموویان سیفەتەکانی فیدرالی بەتەواوی جێبەجێ ناکەن. هەندێکیان بەلای سەنترالیزمدا دەرۆنو کەمتر فیدرالینو

---

1) Föderalismus, , 2008. Opladen. S.15.

2 ) هەمان سەرچاوە، ل. 15-16.

هەندێکی تریان هەندێك سیفەتی دەوڵەتی یەکگرتویان هەیە کە ڕێگا بەحکومەتی مەرکەزی ئەدات خۆیان لە ئاوتۆنۆمی یەکەکانی دەوڵەت لابدەن. بەڵام ئایا ئەوە دەبەخشێت کە ئەم ولاتانە فیدرال نین؟ بۆ ئەوە وەلامێکی یەکلاکەرەوە نییە 1.

لە سەدەی 18و 19 ئەم مۆدێلە خزمەتی کۆمەلانی ئەوروپیو ئەمریکایی کرد لەچارەسەری قەیرانە کۆمەڵایەتیو ئابوریەکاندا. سیستەمی فیدرالی لە زۆرێك لە ولاتانی جیهاندا وەك لە ئەلمانیاو لە سویسرا بووە هۆی سەقامگیریو دیموکراسیەت. بەڵام ئەم سیستەمە سیاسیە لە گشت شوێنەکان وەك یەك سەرکەوتو نەبووە. لە نیجیریا بەکردەوە شکستی هێناو دوای 10 سال پراکتیزەکردن (1960- 1970) دوای سەربەخۆیی ئەم ولاتە لەسالی 1960 لەئەنجامی ناکۆکیو پێکدادانو تێکهەلچوونی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بووە هۆی کوژرانی پتر لە 2 ملیۆن مرۆڤ. لە هندستان دوای زیاتر لە 50 ساڵ هەر چەندە سەرکەوتنی ڕێژەیی بەدەستهێناوە بەڵام هەتا ئەمرۆکە نەیتوانیوە کێشە نەتەوەییو زمانیو کەلتوریو ئاینیو مەزهەبیەکان سەرکەوتوانە چارەسەر بکات. لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو دوای مردنی مارشال تیتۆو هەلوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت سیستەمی فیدرالی دوای زیاتر لە 20 سال لەبەر یەك هەلوەشایەوەو ئەم ولاتە بەهۆی جەنگو شەڕی خوێناوی ئاینیو نەتەوەییەوە بەش بەشو وێران بوو. هەروەها لە کەنەداو بەلجیکا کە لەڕیزی ولاتانی پێشکەوتوی جیهان دەژمێردرێن مۆدێلی فیدرالیزم تێیاندا توشی قەیران بووەو ڕوەو جیابوونەوەو دابەشبوون هەنگاو دەنێن2.

"فیدرالیزم مۆدێلی جیاوازی هەیە. دووان لەو مۆدێلە سەرەکیانە بریتین لە فیدرالی زۆرینەو فیدرالی فرەنەتەوە. یەکەمیان پێشی دەوترێت فیدرالی تاك نەتەوە. لەمەی دواییاندا گەل وەك تاکە نەتەوەیەك مامەلە دەکات. سیستەمی سیاسی ئەلمانیا سەر بەم جۆرە مۆدێلەیە. دوەمیشیان کە پێشی دەوترێت فیدرالی ئێتنیکی لەسەر بنچینەی دوو نەتەوە یان زۆرتر دادەمەزرێت. هاوڵاتیان لێرەدا لەسەرێکەوە سەر بە حکومەتی ئیتحادی "ناوەندی"و لەسەرێکی تریشەوە سەر بە حکومەتی هەرێمەکەیانن. سیستەمی سیاسی بەلجیکاو سویسرا لەجۆری فیدرالی فرەنەتەوەن"3.

---

1 ) هەمان سەرچاوە، ل. 17.

2 ) ئەسەدوللا ئەلەم، بنچینەکانی فیدرالیزم، وەرگێرانی بۆ کوردی: ڕێباز مستەفا، سلێمانی، 2004، ل.3-5.

3 ) خەبات عبدالله، گۆڤاری سڤیل، ژمارە 86.

## باسی سێیەم
## فیدرالیزم لە سیستەمی سیاسی دا ، ئەلمانیا وەك نمونە

"مرۆڤ ناتوانێت باس لە سیاسەت بکات بێئەوەی باس لە سیستەم[1] نەکات کە هەمووی لەسەر ئەم، بەواتا سیستەم دامەزراوە. بۆنمونە ئەلمانیا سیستەمی پەرلەمانی، کۆماری، فیدرالی پیادە دەکات. لە سیستەمی پەرلەمانیدا دانیشتوان هەر چوار سالێك ئەو حیزبو کاندیدانە هەلدەبژێرن کە دەبێت نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمان بکەن لە پەرلەماندا. بەڵام جگە لەم پێکهاتە سیاسیە لە هەمانکاتدا دەوڵەتە فیدرالیەکە خاوەنی چەندین هەرێمی جیاوازەو بەپێی سیستەمێکی گونجاوی فیدرالی کاردەکات. ئەلمانیای فیدرالی بەسەر شازدە هەرێمی فیدرالی دابەش کراوە. هەموو یەکێك لەم هەرێمانە خاوەنی سێ دەزگا سەرەکیەکەی دەوڵەتن کە بریتین لە (پەرلەمان، حکومەت، دادوەری) کە ئەرکو کاری گونجاو دەگرنە خۆ لەبوارە جیاوازەکاندا. لەناو شارەکانیشدا ئەنجومەنی پارێزگا هەیە (شێوازێك لەپەرلەمانی شار) بەڵام بەو پرەنسیپەی کە بڕیارەکان ناناوەندینو ئەمەش ئاراستەیەکی فیدرالیزمە. دەوڵەت لەسیستەمی ئیتحادی فیدرالدا دەتوانێت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی لە دەوڵەتدا بێڕەزامەندی هەرێمەکان بەڕێوە بەرێت بەتایبەت لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەوەو دارایی [2]. بۆ نموونە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزێك لە هەرێمێکدا پێویستبوون بەرەزامەندی حکومەتی ئیتحاد هەیە [3] *. ئەم نمونەیە سروشتی کێشەکانو پرەنسیپی فیدرالیزم لەنێوان حکومەتی فیدرالو هەرێمی فیدرالی نیشان ئەدات. فیدرالیزم هەمیشە بەر کاریگەری کێشەو ناکۆکیەکانی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتی سەرجەمو یەکەکانی دەوڵەت (دەوڵەتی فیدرالو هەرێمەکان) دەکەوێت کە دوورنیە بەرەو مەرکەزیەت یان نامەرکەزیەتی زۆرتر بروات (هەرێمی کوردستانو دەسەڵاتی "ناوەندی" بەغدا وەك نمونە). لە دەوڵەتی ئیتحادی فیدرالیدا ئەرکەکانی

---

1 ) فەرهەنگی رامیاری (نیگا)، ل. 276.

سیستەم (System) وشەیەکی فەرەنسیەو بەواتای کۆمەلە بنەمایەکی ڕێکخستن دێت بۆپێکهێنانی ئۆرگانێکی سیاسیو کارگێری، هەروەها مانای شێواز، ڕێسا، زنجیرەو دەزگاش دەبەخشێت. لەبواری سیاسیدا پتر بەواتای شێوازی حکومەتو پێکهاتەی نیزامی (سیستەم)ی سیاسی بەکاردێت.

2) de.answers.yahoo.com/question/index?qid

3 ) سایتی سبەی، 15.1.2010:

*بەرپرسانی حکومەتی هەرێم زیاتر لە دوو ساڵ هەوڵیاندان مەرزی کێلێ بکرێتە مەرزێکی نێودەوڵەتی، بەڵام تا ئێستا حکومەتی عێراق رەزامەندی خۆی نیشان نەداوە لەسەر داواکارییەکە، ئەگەرچی لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە پێشنیارەکە پەسەندە. قائمقامی پشدەر وتی:" ئێمە دوو ساڵە کاردەکەین بۆ ئەوەی رەزامەندی حکومەتی عێراق وەربگرین بۆ کردنی مەرزی کێلێ بەمەرزێکی نێو دەوڵەتی. بەنوسراوی رەسمی لەرێگەی ئەنجومەنی پارێزگاوە رەزامەندی حکومەتی ئێرانیمان ئاراستەي بەغداد کردوە بەڵام وەڵامی ئەوەیان داوینەتەوە کەبەپێی یاسا رێگە نادرێت هەر پارێزگایەک لە یەک مەرز زیاتری هەبێت".

دەوڵەت لە نێوان ئیتحادو هەرێمەکاندا وا دابەشکراوە کە هەردوو لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەرکە گونجاوەکان خۆیان بەرپرسن. ئاوتۆنۆمی هەرێمەکان لە سیستەمێکی فیدرالیدا لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە ئەندامەکانی (هەرێمەکانی) ئیتحاد خاوەنی شەرعیەتو مافو دەسەلاتی خۆیانن (دیاریکردنی بەپێی دەستور). هەموو هەرێمێك دەستورێکی هەرێمیی خۆی هەیەو بەم شێوەیە دامودەزگای سیاسی سەربەخۆی هەیە بۆ یاسادانانو راپەراندنو دادوەری. هەرێمەکان مافی چارەی خۆنوسینیان هەیە لە چوارچێوەی دەسەلاتەکەیاندا بۆنمونە پەروەردەو هێزی پۆلیسو ئاسایش. ناوەند کار لە زۆرێك لە یاساکان دەکاتو هەرێمەکان جێبەجێیان دەکەن1. بەم شێوەیە دەسەلاتەکان لە نێوان ئیتحادو هەرێمەکاندا دابەش دەکرێتو جیاوازی دەکرێت لە نێوان ئەرکەکانی هەردولادا .

## باسی چوارەم
## دروستبوون و کۆتاهاتنی دەوڵەتی فیدرال

ئەو بنەمایانەی دەوڵەتی فیدرال دەتوانرێ لەسەری دروستبێت:

- پێکەوەگرێدانی دەوڵەتانێکی سەربەخۆ بۆ دەوڵەتێکی گەورەتری فیدرال. بۆنمونە سویسرا. لە کۆنفیدرالیەوە گوازرایەوە بۆ فیدرالی.
- لە ئەنجامی دابەشبوونی دەوڵەتی ناوەندی بۆ دەوڵەتێکی فیدرالی ئیتحادی (بۆنمونە ئیسپانیا، بەلجیکا، عێراق، سۆدان).
- یان لەلایەن دەرەوە بەهۆی فاکتەرە سیاسیە نێودەوڵەتیەکانەوە ناچار بکرێت ببێتە دەوڵەتێکی فیدرالی. بۆنمونە ئەلمانیا، بۆسنەو هێرتسیگۆڤینا2. دوور نیە دولەتی عێراقیش بەم پرۆسەیەدا بروات .

"هەروەك چۆن دەوڵەتی فیدرالی دروستدەبێت بەهەمان شێوە تێکچوونو کۆتایشی دێتە رێگا وەك ئەوەی لەیۆگۆسلاڤیا رویدا. یان گۆڕانی دەوڵەتەکە لەدەوڵەتێکی فیدرالیەوە بۆ دەوڵەتێکی سەنترالو ساکار. ئەمە هەرچەندە کەمتر روو دەدات بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا حالەتێکی پێشبینی کراوە. "3

1) Leyla Özden, Der Föderalismus im Irak, Frankfurt, 2009, S. 29-30.
2) http://de.wikipedia.org/wiki/F%C3%B6deralismus .
3 ) سۆران حوسێن قادر بەرزنجی، ل.23.

## باسی پێنجەم
## لایەنە زیانبەخشەکانی فیدرالیزم

سەبارەت بە لایەنە بە سوودەکانی فیدرالیزم بروانە تەوەری دووەم، بەڵام لایەنە زیانبەخشەکانی بریتین لە:

سەربەخۆیی هەرێمەکان روبەڕوی هەندێك جیاوازی دەبێتەوە. بەم هۆیەوە دەکرێ کێشە دروست ببێت. لە هەندێك لە بوارەکان لە هەرێمەکان دەسەڵاتی دانانی یاسای هەرێمایەتیان هەیە بەپێی باروودۆخو پێویستی هەرێمەکەیان کە مەرج نیە لە هەرێمێکی تر هاوشێوە بێت. بۆنمونە ئەگەر خوێندکار بگوێزێتەوە هەرێمێکی تر دەکرێ روبەروی هەندێك جیاوازی ببێتەوە .

هاوڵاتی دەکرێ بۆنمونە شازدە سەنتەری بڕیاردانە جیاوازەکان لە ئەلمانیای ئیتحادی بە گران تێبگات. هەروەها پەرلەمان، حکومەتو ئیدارەی ئیتحادو هەرێمەکان دەبێت جاروبار گفتوگۆی دوورودرێژ لەگەڵ یەکتردا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرەکان .

پەرلەمانو حکومەتو ئیدارەکان لە ئیتحادو هەرێمەکان لەرووی داراییەوە گرانتر دەکەون وەك لە هەمان ئەم دامودەزگایانە لە دەوڵەتێکی سەنترالیزمدا ، یان لە پارێزگا لامەرکەزییەکان.

## باسی شەشەم
## دابەشکردنی دەسەڵاتەکان

بەپێی دیدگا ناوەکیەکان دەسەڵاتەکان لەنێوان ئیتحادو هەرێمەکاندا دابەش دەکرێنو جیاوازیش دەکرێت لەنێوان ئەرکەکانی هەردولادا:

حکومەتی فیدرالی ناوەند ئەرکی سیاسەتی دەرەوەو داراییو دراو ..تاد. دەگرێتە خۆی، لەکاتێکدا هەرێمەکان بەرپرسن لەبواری پەروەردەو ئاسایشی نێوخۆو پۆلیسو ژینگەو خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی هەرێمەکانیان.

- ناوەند کار لەزۆرێك لەیاساکان دەکاتو هەرێمەکان جێبەجێیان دەکەن 1.

سامانە سروشتیەکان هی ئەو هەرێمەیە کەتێیدایە. بەڵام ئەوەندەی سامانە سروشتیەکان زۆر جیاواز بەسەر هەرێمەکاندا دابەش بووبن، دەبێت ناوەند یەکسانیەك بەدەست بهێنێت بۆ ئەو هەرێمانەی تر کە کورت دەهێنن . بەڵام ئەم دابەشکردنەو سەلاحیاتی هەرێمەکان بەپێی رێکەوتن دەبێت لەنێوان دەسەڵاتی ئیتحادو هەرێمدا.

---

1) Leyla Özden, Der Föderalismus im Irak, Frankfurt , 2009, S. 29-30.





جار هەیە کە هەرێم دەسەڵاتی زۆرتر ئەدرێتێ بۆنمونە لەسەر ئاستی رێکەوتنامەی نێودەوڵەتی.

## باسی حەوتەم
## کاریگەری هەرێمەکان لەسەر سیستەمی سیاسی ئەلمانیا

لە سیستەمی سیاسی فیدرالی ئەلمانیا هەرێمەکان هەمان ئەو دەزگایانەیان هەیە وەك ئەوانەی لە ئیتحاد هەن (پەرلەمان، حکومەت، دادوەری) .

دادوەریی بالای ئیتحادی لە لایەن پەرلەمانی ئیتحادیو ئەنجومەنی فیدرالی (هەرێمەکان) هەلدەبژێردرێت. دادوەریی بالای هەرێم لە لایەن پەرلەمانی هەرێم هەلدەبژێردرێتو دەستنیشان دەکرێ. هەلبژێردەر هەر چوار سال جارێك لەنێو ئەو هەرێمەی تێیدا تۆمار کراوە پەرلەمانی هەرێمەکەی خۆی هەلدەبژێرێت. هەر چوار سال جارێك مافی هەلبژاردنو دەنگدانی هەیە بۆ هەلبژاردنی پەرلەمانی ئیتحادی. مافی دەنگدان لە تەمەنی هەژدە سالیەوەیە.

سێ پارتی هاوپەیمانی CDU/CSU ، FDPزۆرترین ژمارە پێکدەهێنن چ لەسەر ئاستی پەرلەمانی ئیتحاد وە هەروەها لەسەر ئاستی پەرلەمانی هەرێمەکانیش لەم کاتەدا کۆی گشتی دەکاتە 644 دەنگ.لە دەنگداندا رێژەی ژمارەیان زۆرتربووە هەر بەم شێوەیە کاندیدەکەی خۆیان بۆ سەرۆك کۆمار دەرچوو. لێرەدا رۆلو کاریگەریی هەرێمەکان دەبینرێت. بەڵام ئەگەر سەرنجێك بدەینە ژمارەکە دەبینین لە کۆی 644 ی دەنگەکانی CDU, CSU, FDP تەنیا 625 دەنگ دراوە بە کاندیدەکەیان کە دەکاتە 50,2 %، بەواتا 19 لە ئەندامەکانی ئەم حیزبی زۆرایەتیە دەنگیان بەکاندیدەکەی خۆیان نەداوە کەبریتی بوو لە Christian Wulff کە سەرەك وەزیرانی هەرێمی نیدەرزاکسن بوو. لەوانەیە ئەندامی حیزبێك کاندیدی حیزبەکەی خۆی پێپەسەند نەبێتو دەنگی پێنەدا. سەرۆکی پەرلەمانی ئیتحادی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئیتحادی دەکاتو هەمان پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی ئیتحادی بەندە بۆ ئۆرگانی کۆبونەوەی ئیتحادی. هەموو ئەندامێکی نێردراو بۆ ئەم ئۆرگانەو مافی کاندیدکردنی کەسێکی هەیە بۆ پۆستی سەرۆك کۆماریی. لە پراکتیکدا فراکسیۆنەکان پێشتر لەسەر کاندیدێك رێکدەکەون. هەموو ئەلمانێك یان هەلگری ناسنامەی ئەلمانی کە مافی هەلبژاردنی پەرلەمانی ئیتحادی هەیەو تەمەنی 40 سال بێت مافی هەلبژاردنی هەیە بۆ پۆستی سەرۆك کۆمارو ئەمەش بەپێی یاسا رێکخراوە. پێشنیاز کردنی کەسێك بۆ ئەم پۆستە دەبێت پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمانی ئیتحادی بکرێت. لە لایەن ئەنجومەنی بەرپرسەوە لێیدەکۆلرێتەوە. رەدکردنەوەی پێشنیازی کاندیدکراوێك دەبێت سەرجەم

(كۆبونەوەی ئیتحادی) بڕیاری لەسەر بدات. سەرۆك كۆمار مافی پێشنیازكردنو دانانو لابردنی حكومەتی هەیە. ئەگەر حكومەت لەلایەن پەرلەمانەوە هەلوەشێندرایەوە ئەوا حكومەتیش مافی ئەوەی هەیە داوای ڕاپرسی گشتی گەل بكاتو پەنا بۆ ئەم بەرێت .1

## بەشی سێیەم / سیستەمی سیاسیو فیدرالیزم لە ئەڵمانیا

### باسی یەكەم

بۆ تێگەیشتنێكی سیستێماتیكانە لە فیدرالیزمی هەرێمایەتی، هەروەها لەسەر بنەمای تیۆریو بەراوردكاری، ئاماژەیەك بە هەرێمی فیدرالی ئەدەم لە ئەلمانیا. هەرێمەكان (یەكەكانی دەوڵەت لە ئەلمانیا) خاوەن ئۆرگانی سیاسیو دەسەڵاتی خۆیانن بۆ ڕێكخستنو بەڕێوەبردنی كاروبارەكانیان. یەكێك لەو هەرێمە فیدرالیانەی كە تێمای توێژینەوەكەیە بریتیە لە (Nordrhein-Westfalenنۆردراین ڤێستفالن) كە دەكەوێتە بەشی ناوەراستی ڕۆژئاوای ئەلمانیا. دوای جەنگی دووەمی جیهانیو داگیركردنی ئەلمانیا لەلایەن هاوپەیمانەكانەوە، لە 1946/4 بڕیاری پێكهێنانی هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن دراو دروستبوو. دروستبوونەكەی تەنیا لە دەستی بەریتانیەكاندا بوو2. بیروڕاو بڕیاری ئەلمانەكان بۆ ئەم مەبەستە بەهەند وەرنەگیرا هەروەها ناكۆكی هەبوو سەبارەت بەگەورەیی ئەم هەرێمە. بۆ پێكهێنانی هەرێمی ناوبراو سێ ئالتەرناتیڤ هەبوو. ئالتەرناتیڤی یەكەم تەنیا ناوچەی RUHRGEBIET (ڕورگەبیت)ی دەگرتەوە، ئەو ناوچەیەی كە لە لایەن فەرەنسیەكانەوە پێشنیازی بەنێودەوڵەتی كردنی كرابوو (بڕوانە نەخشەی ژمارە 2).



نەخشەی ژمارە 2
ناوچەی ڕورگەبیت بەشێكی ئەمڕۆی هەرێمی نۆردڕاین ڤێستفالن

de.wikipedia.org/wiki/Ruhrgebiet

1) www.arag.de/rund-ums-recht/rechtstipps-und-urteile/sonstige/04442

2 ) *Hans Boldt, Hrg , Nordrhein-Westfalen und der Bund,Berlin, 1989, S. 23.*

ئالتەرناتیڤی دوەم ئەوەبوو کە مەمەرێکیشی لەسەر بێت لە ڕووی ڕۆژئاوای ڕوباری راین هەتا دەگاتە سنوری هۆڵەندا (بڕوانە بەری ڕۆژئاوای هێڵی روبارەکە بە ڕەنگی شین). ئەم هەرێمە سنوری بە هۆڵەنداو بەلجیکاوە هەیە). پێچەوانەی ئەم دوو ئالتەرناتیڤە ئالتەرناتیڤی سێیەم بریتی بوو لەپێکەوە گرێدانی ناوچەکانی سەروی ڕوباری ڕاین لەگەڵ ڕۆژئاوای فالن (بڕوانە نەخشەی ژمارە 3).



نەخشەی ژمارە 3
ناوچەی ڤێستفالن (ڕۆژئاوای ناوچەی فالن بەشێکی ئەمڕۆی هەرێمەکە)
de.wikipedia.org/wiki/Westfalen

مەترسی هەندێك لایەن بەرامبەر ڕەتکردنەوەی ئەم ئالتەرناتیڤەی سێیەم لەوەدا بوو کە هەرێمێکی ئەوەندە گەورە بەتوانایەکی گەورەی ئابوریەوە لەتوانایدا بێت سیاسەتێکی توندوتیژی سەردەمی پرۆیسن پیادە بکاتەوە[1]. کاتێك ئەلمانیای ئیتحادی فیدرالی لە 1949 دروستکرا هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن سێ سال بوو پێکهێنرابوو. هەروەك چۆن پێش دروستبوونی عێراقی ئیتحادی فیدرالی هەرێمی کوردستان بووە هەرێمێك بۆخۆی. بەوە ئەم هەرێمە وەك هەرێمەکانی تری ئەلمانیا خاوەن مێژوویەکی

1) *Hans Boldt, P. 41-42.*

تەقلیدیی خۆی نەبوە. لەلایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە (هاوپەیمانەکان) بەپێی بەرژەوەندی خۆیان وەك یەکەیەکی ئیداری دروستکرا. دروستبوونی ئەلمانیای فیدرالی بڕیارێکی ئازادانەی باوکانی دەستور نەبوو بەلکو یەکسان بوو بەئیرادەو خواستی هاوپەیمانەکان کە لەسەر بنەمای ئەزمونەکانیان لەگەل ئەلمانیا بەتایبەت دوای 1933 بەهۆی سیستەمی سیاسی نازیەوە ئارەزویان لەبێهێزکردنی دەسەڵاتی سەنترالیزمی ئەلمان هەبوو 1.

لێرەدا دەکرێ بگەینە تیۆریەکی بەراوردکاری لەنێوان واقعی عێراقو ئەلمانیا ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوەند (سەنترالیزم) لەهەردوو ئەم دوو دەوڵەتەدا جێگای مەترسی بوون بۆ نێوخۆی ولاتو بۆ دەرەوەش. دوو دەوڵەتی تۆتالیتێر 2 *

---

1) هەمان سەرچاوە، ل، 40.

2 ) وەرگیراوە لەچاپتەری کۆمەلناسی سیاسی، 2008، د.سالار باسیرە، کۆلێجی یاساو زانستە رامیاریەکان، وانەی کۆمەلناسی سیاسی، چاپ نەکراو).

***تۆتالیتاریزم** یەکێکە لەشێوازەکانی سیستەمی سیاسیو لەسیفاتە تایبەتیەکانی خۆیدا سیستەمێکی سیاسی نوێیە کە لەسەدەی بیستەمدا دەرکەوتو لەسالانی بیستەکان وسیەکان بەکارهات بۆ سیستەمە سیاسیەکانی نازی ئەلمانی وفاشی ئیتالیو بۆلشەڤیکەکانی یەکێتی سۆڤیەت. سیستەمی تۆتالیتێر لەسەر بنەماکانی تیرۆر دامەزراوە. تەنیایی وتەریك کردنی مرۆڤەکان لەیەکتری لەگەل تیرۆردا دوو تایبەتمەندی تری ناسینی تۆتالیتاریزمن.ئایدیۆلۆژیای ئەم سیستەمە لەرێگای گۆشەگیرکردنی مرۆڤەکانەوە لەگەل تیرۆری بەردەوامدا درێژە بەمانەوەی رژێمەکەی ئەدات.تیرۆر لای سیستەم ودەولەتە تۆتالیتێرەکان تەواوبوونی بۆ نیەو هەمیشەییە چونکە ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاریزم بەرگەی دایەلۆگی ئەقلانی ناگرێت، هەربۆیە بەردەوام تیرۆری پێویستە. گۆشەگیرکردنیش ئەو زەویە بەپیتەیە کەتیرۆری تێدا گەشە دەکات. گۆشەگیرکردن وتەنهاکردنی مرۆڤەکان کردەیەکی پێشینەیە بۆ حەلال کردنی تیرۆر، یان راستتر بۆ شەرعیەتدان بەتیرۆر. ژیانی تایبەتی لێرەدا بوونی نیەو کۆمەلی سیڤیل لەم سیستەمەدا جێگای نابێتەوە. کەسی تاك لەم سیستەمەدا وەك تاك جێگای نابێتەوەو ماف وئازادی تاکی خۆی نیەو پێویستە ببێت بەبەشێك لەکۆمەل (الكل). کۆمەلە "نوێیە" کەی تۆتالیتاریزم، ئەوەی کەئەم دەیەوێ کە تاکی نوێ خەسلەتی وەلاو وەفای بۆ سەرۆکی تۆتالیتێرو ئایدیۆلۆژیاو سیستەمە تۆتالیتارەکە هەبێت لەتیۆریو پراکتیکدا.ئەم سیستەمە نایەوێ بۆشایی لەنێوان دەولەت وکۆمەل دا هەبێت.کۆمەل پێویستە لێرەدا بەشێك بێت لەدەولەت ودەولەتیش دەست وەردەداتە ناو ژیانی تاك وکۆمەلەوە.شوێنێك بۆ جیاوازی سیاسی نیە.سیستەمی تۆتالیتێر کۆنترۆلی بیروفکری تاکو کۆمەل دەکات وتۆتالیتاریزم وەك تەواوی سیستەمە دیسپۆتیزم وستەمکارەکان ناتوانێت خۆی رابگرێت بەبێ ئەوەی بواری ژیانی گشتی وتوانا سیاسیەکانی مرۆڤەکانی کۆمەلگاکەی تێك نەشکێنێت. تۆتالیتاریزم ئینتیمای بۆ رژێمێکی وەسفکراوی نوێ هەیە کەتەنها پشت بە (گۆشەگیرکردن)نابەستێ،بەلکو لەهەولی ئەوەشدایە کەژیانی تایبەتی مرۆڤەکانیش کۆنترۆل بکات. بەم پێیە مانەوەی دەسەلاتی تۆتالیتاریزم دەوەستێتە سەر

بەئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمەوە. ئەگەر بروانینە خەسلەتە تایبەتەکانی ئەم دوو دەوڵەتە ئەوا دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە سیستەمی سەنترالیزم هەرگیز گونجاو نەبوە سەبارەت بەواقعی ئەم دوو دەوڵەتە. لەبەر رۆشنایی ئەم راستیە فیدرالیزم وەك یەکێك لەشێوەکانی سیستەمی سیاسی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەو مەترسی دەسەڵاتی ناوەندو گونجاوە بۆ ئەلمانیاو بۆ عێراق. دوای روخانی رژێمی نازی لەسالی 1945و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی نازیو داگیرکردنی ئەلمانیا لەلایەن چوار هاوپەیمانەکەوە (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، یەکێتی سۆڤیەت) لە مانگی چواری 1946 هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا لە ئەنجامی بارودۆخێکی نێودەوڵەتیدا بڕیاری دروستبونیدرا. ئەوکاتە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکە 15 ملیۆن کەس بوو. بەروبەری 34.067 هەزار کم دوجا ئەم هەرێمە لە پلەی چوارەمی هەرێمەکانی ئەلمانیا بوو دوای هەرێمی باڤاریا لە خواروی ئەلمانیا[1].

هەرێمی ناوبراو بەبەراورد لەگەل هەرێمەکانی تری ئەلمانیا ئەمرۆکە خاوەنی زۆرترین رێژەی دانیشتوانەو دلی پیشەسازی دەوڵەتە بەتایبەت لەناوچەی ڕور .(Ruhr) هەربۆیە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەلمانیا. دەیان سال سیاسەتی ئەم هەرێمە لەژێر کاریگەری سۆشیال دیموکراتەکان بووە. لە 5/2005 وە حکومەتی هەرێم لەلایەن هەردوو پارتی CDU/FDP لە هاوپەیمانیەتێکدا بەرێوەدەبرا. دوا هەلبژاردن لە بەرواری 13.5.2013 بوو. ئەحزابی براوە سۆشیال دیموکراتەکانو سەوزەکان بوونو

---

ئەوەی کە تۆ هەست نەکەیت بەوەی کەکەمترین ئینتیمات هەیە بۆ جیهان. قەناعەت پێکردن بەتاکەکانی کۆمەل، تیرۆرکردنی نەیارەکان، شەرعیەتدان بەدەسەلات بەهۆی کۆمەلگای جەماوەر ودواتریش گۆشەگیرکردنی مرۆڤەکان وتیرۆری بەردەوام بۆ درێژەدان بەمانەوەی خۆی. کۆمەل بەسیاسی دەکرێ بەپێی ئایدیۆلۆژیای سیاسی سیستەمی تۆتالیتێر.بۆ ئەم مەبەستەش حزب ودمەزراوەکانیو رێکخراوە حکومیەکان بەسەر کۆمەلەوە دەبنە چاودێر. قسە وبریار بەناوی گەلەوە دەکرێ بەلام بێ بەشدار بوونی گەل لەهیچ کام لەبریارە سیاسیەکاندا.یەکێك لەسیفەتەکانی تۆتالیتاریزم ئەوەیە لەلایەن تاك حزبی جەماوەریی فەرمانرەوایی بکرێ. ئەم حزبە لێرەدا لەژێر دەسەلاتی تەنیا یەك سەرکردەدا بێت کەبەشێوەیەکی هیراکیو هەرەمیو ئۆلیگارشی رێکخراوە. دەسەڵاتو فەرمانرەوایەتیەکە مەرکەزیەو رێگا نادەن بەهیچ شێوازێکی دەستوریو هەلبژاردن دەسەلاتیان لێبسەندرێتەوە. ئەم دەسەلاتە کۆنترۆلی هەر سێ دەسەلاتە سەرەکیەکانی دەولەت دەکات کە بریتین لە دەسەلاتی یاسادانان وجێبەجێکردن ودادوەری. لەسالی 2007 کتێبە بەناوبانگەکەی هانا ئارندت (Hana Arendt)، بنەماکانی تۆتالیتاریزم لەلایەن حەمەرەشید لەزمانی عەرەبیەوە وەرگێردراوە بۆ کوردی بە قەوارەی 432 لاپەرەو لەلایەن دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم لەچاپ دراوە.

1 ) هەمان سەرچاوە، ل. 43.

پێکەوە حکومەتی ئەم هەرێمەیان پێکهێنا. هەلبژاردنی ئاینده بۆ سالی 2017 دیاریکراوە. هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن 22%ی سەرجەم دەنگدەرانی ئەلمانیای پێکهێناوە. پێش سالی 1990 رێژەی دەنگدەران تێیدا 30% بوە. شاری دوسلدۆرف بە پایتەختی هەرێمەکە هەلبژێردراوە. دەستوری هەرێمەکە لە 6.6.1950 لەلایەن پەرلەمانی هەرێم پەسەندکراو لەبەرواری 18.6.1950 لە راپرسیەکی گشتیدا رەزامەندی لەسەردراو دواتر لەبەرواری 11.7.1950 خرایە کارپێکردنەوە . دەستوری هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن بەسەر سێ بەشی سەرەکی دابەش کراوە لە 92 ماددەدا. بەشی یەکەم بریتیە لەکۆمەلو سێ دەسەلاتەکە. بەشی دووەم باس لەمافە سەرەکیەکانی دەستور دەکات. خێزان، پەروەردە، کەلتور، ئاین، کارو ئابوری، دادوەریو حکومەتی هەرێم. کارگێریو دارایی هەرێم لەبەشی سێیەمی دەستوردا باسکراوە. وەزیرەکان لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دیاری دەکرێنو یەکێك لەمانە دەکاتە جێگری خۆی. وەزیرەکان مەرج نیە هەروەك لەهەندێ لەهەرێمەکانی تر هەیە لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە تەئید بکرێن. دوای دەستنیشان کردنیان لە پەرلەماندا سوێندی یاسایی دەخۆن. دەستوری هەرێمی ناوبراو تەنیا کاتێك دەگۆڕدرێت ئەگەر 2/3ی ئەندامانی پەرلەمانی هەرێم، یان 2/3ی هەلبژێردەرانی هەرێم بڕیار بۆ گۆرینی دەستور بدەن لە راپرسیەکدا. هەموو هەرێمێك بەرێگای حکومەتی هەرێمەکەیەوە لە بوندسرات* (ئەنجومەنی فیدرالی) نوێنەری خۆی هەیەو بەم رێگایەوە چالاکیو کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەلمانیا بەلام جۆرو قەوارەی کاریگەریەکە لە ئەنجومەنی فیدرالی وەك یەك نیەو ژمارەی کورسیەکانیش هاوشێوە نیە.

بە رێگای بوونی نوێنەرانی هەرێم لە نێو ئەنجومەنی فیدرالیدا بەرژەوەندیەکانی هەرێمەکان لە نێو ئیرادەی سیاسی سەرجەم دەولەتەکەدا رەچاو دەکرێت. بەوە ئەنجومەنی فیدرالی / هەرێمەکان بەرگی فیدرالیزم دەپۆشێت لە ئەلمانیا کە بەپێی ماددەی 79 گۆڕینی ئاسان نیە . هەرێمی ناوبراو لە ئەنجومەنی فیدرالیدا شەش دەنگی هەیە هەرچەندە بەبەراورد بەگەورەیی دانیشتوانەکەی لەژێر رێژەی پێویستیەکەی خۆیەتی. لە پەرلەمانی ئەلمانیا لە رێژەی 622 ئەندامی پەرلەمانی ئیتحادی، 135 کورسی بەر ئەم هەرێمە دەکەوێت کە بریتیە لە(22%). بەواتا کورسیەکانی پەرلەمانی ئەم هەرێمە بۆ نزیکەی 18 هەژدە ملیۆن کەس لەسەر روبەری34.088,31 کم دوجا بریتیە لە 135 کورسی. لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان ژمارەی کورسیەکان بۆ 4

ملیۆن کەس لەسەر ڕوبەری 40 هەزار کم دوجا ، بریتیە لە 111 کورسی، 43 کورسی لەپەرلەمانی بەغدا. لە ماددەی 20، فەقەرەی 1ی دەستور، هەرێمی ناوبراو Nordrhein-Westfalen وەك هەرێمێکی فیدرالی دامەزراوە. نەگۆڕیی ئەم یاسایە لەماددەی 78، فەقەرەی 3ی دەستوری ئیتحادی ئاماژە پێدراوە. تەنانەت 2/3ی زۆرایەتی پەرلەمانو ئەنجومەنی فیدرالی هەرێمەکان (بوندسرات) ناتوانێت پێکهاتەو ڕێکخراوەیی فیدرالی ئەلمانیا هەلبوەشێنێتەوە. تەنیا ئیمکانیەت پێکهاتەی فیدرالی ئەلمانیا هەلبوەشێنێتەوە بریتیە لە دەستورێکی نوێ بەپێی مادەی 146ی دەستور. ماددەی 30 ئاماژە بە سەربەخۆیی و لێپرسراوێتی هەرێمەکان دەکات. کاریگەریی هەرێمەکان لەسەر یاساکانی ئیتحاد لە ئەنجومەنی فیدرالی لە ماددەکانی 50و 23 دارێژراوە. هەروەها دابەشکردنی بەرپرسیارێتیەکان لەنێوان دەسەلاتی فیدرالی ئیتحادو هەرێمەکان لەماددەکانی 70-75ی دەستوردا چارەسەر کراوون. ئەرکە کارگێریەکانیش لەمادەکانی 83 - 87 رێکخراوە . لە 1989 کارکردنی ژن لەخێزاندا (کابانی مال) یەکسانکرا بەکاری پیشە. ئەم هەرێمە لە 8.12.1966 لە زۆر بواردا بووە پێشخەری گەشەکردن لە ئەلمانیا لە بواری سیاسەتی حکومەتیشدا. سیاسەتی ئیتحادو سیاسەتی هەرێم لە ئەلمانیا توند پێکەوە بەستراوە. لەدەستوریشدا هەمان شتە .1

## هەرێمی نۆردڕاین ڤێستفالن




وێنەی ژمارە 1

(کورسی حیزبەکان/ دەسەلاتو ئۆپۆزیسیۆن/ بەریزبەندی جیاکراونەتەوە لەنیو هۆلی پەرلەمان)

http://de.wikipedia.org/wiki/Verfassung_f%C3%BCr_das_Land_Nordrhein-Westfalen

## باسی دووەم
## ژمارەو دابەشبوونی دەنگەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی

ئەو حیزبانەی کە هەتا بەرواری ئەم نوسینە فەرمانرەوایی ئەلمانیا دەکەن (CDU/CSU لەگەل FDP ) لە ئەنجومەنی فیدرالی 37 دەنگیان هەیە. حکومەتەکانی (31) CDU-FDP دەنگیان هەیە لەنێو هەرێمەکاندا. حکومەتی CSU-FDP لەهەرێمی باڤاریا (6) دەنگ. بەم شێوەیە حیزبەکانی حاکم زۆرایەتیان هەیە لە ئەنجومەنی فیدرالی. 17 دەنگ بەر هاوپەیمانی حیزبی حاکم دەکەویت. حیزبەکانی ئۆپۆزیسۆن (11 SPD دەنگ)،و (3 Grüne دەنگ) لە هەرێمی HAMBURG ، هەمان حیزبی حاکم لەگەل GRÜNE و) FDP پارتی سەوزەکانو لیبەرالەکان) لە هەرێمی SAARLAND (3 دەنگ). بەتەواوی 15 دەنگ بەر ئۆپۆزیسۆن دەکەوێت، ئەمیش بەم جۆرەی لای خوارەوە : SPD و(8 der Linke دەنگ) لە هەردوو هەرێمی Berlin و Brandenburg. Grünen 3 دەنگ لە هەرێمی BREMEN. هەروەها دەنگەکانی SPD لەو هەرێمانەی کە بەتەنیا حوکم دەکەن ئەویش بریتین لە (4 Rheinland-Pfalz دەنگ). قورسایی ئەنجومەنی فیدرالی لە قەوارەی دەسەڵاتدا لە ئەلمانیا بەتایبەت بەرامبەر پەرلەمانو حکومەتی ئیتحاددا بەندە بەرێژەی زۆرایەتی حیزبی سیاسیەوە لە ناوەند (ئیتحاد) دا لەلایەکەوەو لە هەرێمەکان لەلایەکی ترەوە. ئەو سیاسەتمەدارانە تێیدا نوێنەرن کە سەر بەحیزبێکنو نوێنەری ئیدارەی سیاسی ئەو حیزبەن. بەم شێوەیە رێژەی زۆرایەتی حیزبی سیاسی لە هەرێمەکاندا کاریگەریان لەسەر دەسەڵات هەیە لەناوەنددا (ئیتحاد). کارە سەرەکیەکانی ئەنجومەنی فیدرالی لە لیژاندا ئەنجام ئەدرێن. ئەم ئۆرگانە دەستوریەو ئەندامەکانی لەلایەن گەلەوە هەڵنەبژێردراوە وەك ئەندامەکانی پەرلەمان بەلکو سەر بەحکومەتی هەرێمەکانن. بۆنمونە ئەگەر هەرێمێك لەلایەن سۆشیال دیموکراتەکان فەرمانرەوایی بکرێت ئەوا نوێنەری ئەم پارتە دەنێرێتە ئەنجومەنی فیدرالی. ئەمیش بەشێوەی خۆی بەشداری بڕیارە لەو یاسایانەی کەحکومەتی ئیتحاد (سەرۆك وەزیران وکابینەکەی) دەری دەکات. ئەنجومەنی فیدرالی دەتوانێت رەشنوس رەد بکاتەوە یان تێهەلچونەوە بکات چونکە هەندێ یاسا پێویستییان بەرەزامەندی ئەم ئۆرگانە دەستوریە هەیە. سەرۆکی ئەنجومەنی فیدرالی لەهەمان کاتدا جێگری سەرۆك کۆمارە. 1.

1) http://de.wikipedia.org/wiki/Bundesrat_(Deutschland).

## دابەشبوونی دەنگەکانی هەرێمەکان لەئەنجومەنی فیدرالی. ژمارەی دانیشتوان لەگەل حیزبە فەرمانڕەواکان لە هەرێمەکانی ئەلمانیا

m Bundesrat

| هەرێم | دانیشتوان | ژمارەی دەنگەکان | سەرۆکی حکومەت | حزبە حکومیەکان |
|---|---|---|---|---|
| Baden – Württemberg | 0,84 | 6 | Winfried Kretschmann | B90/DIE GRÜNEN / SPD |
| Bayern | 2,66 | 6 | Horst Seehofer | CSU / FDP |
| Berlin | ,53 | 4 | Klaus Wowereit | SPD / CDU |
| Brandenburg | ,49 | 4 | Matthias Platzeck | SPD / DIE LINKE. |
| Bremen | ,66 | 3 | Jens Böhrnsen | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| Hamburg | ,81 | 3 | Olaf Scholz | SPD |
| Hessen | ,11 | 5 | VolkerBouffier | CDU / FDP |
| Mecklenburg – Vorpommern | ,63 | 3 | Erwin Sellering | SPD / CDU |
| Niedersachsen | ,92 | 6 | Stephan Weil | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| Nordrhein – Westfalen | 7,84 | 6 | Hannelore Kraft | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| Rheinland – Pfalz | ,00 | 4 | Malu Dreyer | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| Saarland | ,01 | 3 | Annegret Kramp-Karrenbauer | CDU / SPD |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | Sachsen | ! ,13 | 4 | Stanislaw Tillich | CDU / FDP |
| | Sachsen – Anhalt | ! ,30 | 4 | Dr. Reiner Haseloff | CDU / SPD |
| | Schleswig – Holstein | ! ,84 | 4 | Torsten Albig | SPD / B90/DIE GRÜNEN / SSW |
| | Thüringen | ! ,22 | 4 | Christine Lieberknecht | CDU / SPD |

www.bundesrat.de/nn_8340/DE/.../stimmenverteilung-node.html?

| | |
|---|---|
| ژمارەی سەرجەم دانیشتوانی ئەلمانیا 82.438.000 | ژمارەی سەرجەم دەنگەکانی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی 69 دەنگە |

„http://de.wikipedia.org/wiki/Bundesrat_(Deutschland)“




نەخشەی ژمارە 4

## باسی سێیەم
## پێکهاتەی ئەنجومەنی فیدرالی ئەلمانیا

ئەنجومەنی نوێنەرانی (پەرلەمانی) ئەلمانیا لە دوو پێکهاتە دروستبوە کە بریتین لە بوندس ئەمت (پەرلەمان) لەگەل بوندسرات (ئەنجومەنی فیدرالی / ئەنجومەنی هەرێمەکان). (ماددەی 51 ی دەستور). تەنیا ئەوانە دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی فیدرالی کە کورسیو دەنگەکانیان لە حکومەتی هەرێمدا هەیە. ئەوانەش بریتین لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمو وەزیری هەرێمو هەروەها پارێزگارو سیناتۆرەکان. هەروەها سکرتێرەکانی دەوڵەتیش دەتوانن بچنە ناو ئەنجومەنی فیدرالیەوە بەلاّم ئەوەندەی پلەی کابینەیان هەبێت. هەموو هەرێمێك تەنیا دەتوانێت ئەوەندە ئەندامی لە ئەنجومەنی فیدرالی هەبێت بەقەد دەنگەکانی. ئەندامەکانی تری حکومەتی هەرێم دەتوانرێت وەك ئەندامی جێگر دابنرێن. هەر هەرێمێك خۆی بریار ئەدات کێ دەبێتە ئەندام یان جێگر لە ئەنجومەنی فیدرالی. "هەلبژاردنی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە لەلایەن حکومەتی هەرێمەکان دەبێت، هەروەها مافی لادانیشیان هەر لەدەسەلاتی حکومەتی هەرێمەکانە"1. ژمارەی دەنگەکانی هەر هەرێمێك بەپێی ژمارەی دانیشتوانەکەی رەچاودەکرێتو بەلایەنی کەمەوە سێ دەنگی هەیە. هەرێمەکانی کە ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لەدوو ملیۆنە چوار دەنگی هەیە. هەرێمەکانی پتر لە شەش ملیۆن کەس پێنج دەنگی هەیە. پتر لە حەوت ملیۆن شەش دەنگی هەیە لە ئەنجومەنی فیدرالی. بەم سیستەمی پەیڕەیە بۆ ئەم قۆناغەی ئەلمانیا دەنگەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی بریتین لە 69 دەنگ. بۆ بریارەکان پێویست بە 35 دەنگی موتلەق دەکات. تەنیا بە 2/3ی زۆرایەتی ئەندامەکانی ئەنجومەنی فیدرالی بەپێی ماددەی 79ی دەستور دەتوانرێ گۆرانکاری لە دەستوری ئەلمانیادا بکرێ. ئەمەش بەلایەنی کەمەوە بریتی دەبێت لە 46 دەنگ. دابەشکردنی دەنگەکان بەو جۆرەیە کە بریتی بێت لەنێوان مامەلەکردنی یەکسانی هەرێمەکان لەلایەك وە نوێنەرایەتی تەواوی دانیشتوانی هەرێمەکان لەلایەکی ترەوە. لێرەدا هەر هەرێمە یەك دەنگی هەیە لەو ئەنجومەنە جا هەر چەندێك بێت ژمارەی نوێنەرەکانی تێیدا. هەرێمە بچوکەکان بە بەراورد قورسایی لەدەنگدا وەردەگرن بەلاّم بێئەوەی بتوانن دەنگی خۆیان بەسەر هەرێمەکانی تردا زال بکەن. ئەندام بوون لە ئەنجومەنی فیدرالی پێگەی هەرێمەکان بەهێز دەکات. هەرێمە گەورەترەکان سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانەکانیان بۆ راگرتنی سەقامگیریی قورساییەکی کەمتریان لە ئەنجومەنی فیدرالی هەیە2. چوار گەورەترین هەرێم

1) خامۆش عمر عبدالله، تیۆری گشتی یاسای دەستوریو سیستەمی دەستوری لە عێراق، هەولێر، 2011، ل. 58.

2) http://de.wikipedia.org/wiki/Bundesrat_(Deutschland).

هەریەکەو شەش دەنگی هەیەو بەم پێیە پێکەوە لەتواناياندا هەیە لەبەردەم گۆڕینی دەستوری بنەرەتی کە2/3 ی زۆرایەتی دەوێت ببنە کەمایەتیەکی بەربەست بەڵام بەتەنیا زۆرایەتی کۆی دەنگەکان پێك ناهێنن بۆ بڕیارو وەستانەوە دژ، یان بەرامبەر هەرێمەکانی تر .

ئەو پرۆژە یاسایانەی لەلایەن ئەنجومەنی فیدرالی پێشنیار دەکرێت پێویستە لەرێگای حکومەتی فیدرالی لەماوەی حەوت هەفتە ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت. لەو ماوەیەدا حکومەتی فیدرالی راوبۆچوونی خۆی دەربارەی پرۆژە یاساکە دەربڕیت. ئەگەر پرۆژە یاساکەش لەلایەن ئەنجومەنی فیدرالی وەسفکرا بەوەی پرۆژە یاسایەکی بەپەلەیە، ئەوا پێویستە لەسەر حکومەت بیروبۆچوونی خۆی لەسەر پرۆژەکە لەماوەی سێ هەفتە دەربڕێت. پاش بڕیاردان لەسەری لەرێگای سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەدرێت بە ئەنجومەنی فیدرالی بۆ وەرگرتنی رەزامەندی کۆتایی1.

## باسی چوارەم
## سیستەمی سیاسی ئەلمانیا




---

1) خامۆش عمر عبداللة، ل. 59

نەخشەی ژمارە 5

ئەگەر سەرنجێك بدەینە نەخشەی ژمارە 4 كە باس لە پێكهاتەی سیستەمی سیاسی ئەلمانیا دەكات دەبینین لە سەرۆك كۆمار دەستپێدەكات كە بەرزترین كەسایەتیە لە دەولەتدا. لە رووی پرۆتۆكۆلەوە پۆستی سەرۆك كۆمار پێش پەرلەمانو حكومەتە بەلام دەسەلاتەكەی لە سیستەمی سیاسیدا بە ریگای دەستورەوە سنوردار كراوەو ئەركەكانی بەر لە هەر شت تەشریفاتیە. دەسەلاتی كردەیی لەدەست ئەنجومەنی وەزیرانە. لەبەر ئەم هۆیەشە وەك بێلایەن سەیر دەكرێت. دەسەلاتی سیاسی راستەقینەی دەگمەنە. بەپێی دەستور سەرۆك كۆمار ئۆرگانێكی دەستوریە كە نوێنەرایەتی ئەلمانیا بۆ ناوەوەو دەرەوە دەكات 1.

سەرۆك كۆمار لە ناو كۆبونەوەی ئیتحادی دا (بوندس فێرزاملونگ) هەلدەبژێردرێت. ئەركی ئەم ئۆرگانە دەستوریە بریتیە تەنیا لە هەلبژاردنی سەرۆك كۆمار، ئەمەش بەپێی ماددەی 54ی دەستوری بنەرەتیو یاسای هەلبژاردنی سەرۆك كۆمار. سەرۆك كۆمار دەبێت ناسنامەی ئەلمانی هەبێتو مافی هەلبژاردنی پەرلەمانی ئیتحادی هەبێتو تەمەنی چل سال یان زیاتر بێت. ئەگەر كەسەكە هەلبژێردرا ئەوا مەرجی تر دێنە پێش :

نابێت سەر بە حكومەتی ئیتحادی یان حكومەتی هەرێم بێت.
نابێت ئەندامی پەرلەمانی ئیتحادی یان هی پەرلەمانی هەرێمێك بێت.
نابێت لەپال پیشەكەی خۆیدا پیادەی پیشەی تر بكات2.

یەكەم هەلبژاردنی سەرۆك كۆمار لە ئەلمانیای ئیتحادی لەنێو ئەم ئۆرگانە دەستوریەدا لە 12.9.1949 بوو. بەواتا لەگەل دانانی یەكەم دەستوری بنەرەتی ئەلمانیا دوای جەنگی دووەمی جیهانی. دوا هەلبژاردنی سەرۆك كۆمار لە 30.6.2010 ئەنجامدرا كە چواردەهەمین كۆبونەوەی ئەم ئۆرگانە بوو. ئەوانەی لەناو ئەم ئۆرگانە دەستوریەدا سەرۆك كۆمار هەلدەبژێرن بریتین لە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی ئیتحادی كەژمارەیان 625 ئەندامە بەلام سەرۆك كۆمار بەتەنیا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی ئیتحاد هەلنابژێردرێت بەلكو بەقەد هەمان ژمارەی ئەندامەكانی پەرلەمانی ئیتحادی لەلایەن ئەندام پەرلەمانەكانی هەرێمەكانیشەوە هەلدەبژێردرێت. ئەم ئەندامانە دەنێردرێنە ئۆرگانی كۆبونەوەی ئیتحادی بۆ هەلبژاردنی سەرۆك كۆمار. بەم شێوەیە ئەم ئۆرگانە گەورەترین كۆبونەوەی پەرلەمانیە لەئەلمانیای فیدرالداو مافی هەرێمە فیدرالیەكانیش پارێزراوە تێیدا. ژمارەی ئەندامە هەلبژێردراوەكانی هەرێمەكان بۆ كۆبوونەوەی ئیتحادی بۆ هەلبژاردنی سەرۆك كۆمار بەندە بەژمارەی دانیشتوانی ئەو هەرێمەوە. لێرەدا سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوان تەنیا رەچاوی

1) www.focus.de › Politik › Deutschland › Bundespräsidentenwahl.
2) www.lpb-bw.de/bundespraesidentenwahl_2010.html.

هەلگری ناسنامەی ئەلمانی دەکرێ. بۆنمونە هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن بۆی هەیە 113 ئەندام هەبژێرێ. ئەم ئەندامانەی کە پەرلەمانەکانی هەرێمەکان دیاریدەکەن زۆربەی جار سیاسەتمەدار نین، بەلکو ئەکتەرو هونەرمەندو نوسەرو وەرزشەوان و... کەسایەتی جیاوازن 1. بۆ ئەم پۆستە هەر یەکێك لە حیزبی دەسەڵاتدارو ئۆپۆزیسۆن کاندیدی خۆیان دەستنیشان دەکەن. "ئەگەر هیچ کام لە پالێوراوەکان بۆ جاری دووەمیش زۆرینەی رەهایان بەدەست نەهێنا ئەوا ئەو پالێوراوەی لە پرۆسەی هەلبژاردنی سێیەم زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت دەبێتە سەرۆك کۆمار""2. ثي پێکهاتەی سیاسی حیزبیی بۆ (کۆبونەوەی ئیتحادی) بۆ سالی 2010 بۆ هەلبژاردنی سەرۆك کۆمار بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە:

ژمارەی سەرجەم ئەندامانی نێردراوی حیزبەکان (بونیان لە پەرلەمانی ئیتحاد) و ژمارەی ئەوانەی هەرێمەکان بۆ کۆبونەوەی ئیتحادی بۆ هەلبژاردنی سەرۆك کۆمار بۆ سالی 2010

| | | | |
|---|---|---|---|
| Bündnis 90/Die Grünen | 129 | 68 | 61 |
| Die Linke | 124 | 76 | 48 |
| Freie Wähler | 10 | 0 | 10 |
| NPD | 3 | 0 | 3 |
| SSW | 1 | 0 | 1 |
| كۆي طشتي | 1244 | 622 | 622 |

رێژەی دەنگەکان بۆ دوو سەرۆك کۆمارە کاندید کراوەکان
خشتەی ژمارە 3

wiki/Bundesversammlung_(Deutschland) - 143k/

1) http://www.bundestag.de/bundesversammlung - 39k.

2 ) خامۆش عمر عبدالله، ل. 61.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| *Christian Wulff* | *625* | *50,2 %* | | *CDU, CSU, FDP* |
| *Joachim Gauck* | *494* | *39,7 %* | *Parteilos* | *SPD, Bündnis 90/Die Grünen, SSW* |

بەپێی ماددەی 52ی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەلمانیا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەلدەبژێردرێت بەلام دەشتوانێت بەپێی ماددەی 61 بە لێسەندنەوەی متمانە لێی ناچاری دەست لە کارکێشانەوەشی بکات. بەلام حکومەتی هەرێمیش دەتوانێت بەرێگای راپرسیو برپیاری گەل حکومەت حەل نەکاتو داوای هەلبژاردنی نوێ بکات. هەتا ئەمرۆکە دەستوری ئەم هەرێمە زیاتر لە (14) گۆرانکاری بەخۆیەوە بینیوە. ئەمە لەخۆیدا رەنگدانەوەی گەشەکردنی گشتی دەولەتە. لەپال چەندین گۆرانکاری بۆنمونە لەبواری پەروەردە لە سالی 1969 وە هەروەها تەمەنی مافی هەلبژاردنیش کرا بە18 سال. لە سالی 1978 لەمادەی 4 دا پاراستنی زانیاری لەسەر هاولاتیان بەیاسا پارێزرا *.

پاراستنی زانیاری هاولاتی دەبێت یەکێك بێت لە پرەنسیپەکانی کۆمەلگای مەدەنیو ئازادی تاك. تاکی کۆمەل کام حیزبی سیاسی هەلدەبژێرێت مافێکی شەرعیو نهێنی خۆیەتی. هیچ پزیشکێك بۆی نیە زانیاری نەخۆشی کەسێك بدات بەکەسو لایەنێکی تر چونکە ئەم مافە پارێزراوەو ناکری لایەنەکەی تر بەکاری بهێنیت بۆ هەر مەبەستێك بێت. هیچ کارمەندێکی حکومی بۆی نیە زانیاری کەسایەتی بدات بەکەسو لایەنی تری ناپەیوەندیدار. ئەگەر دەزگایەکی تایبەتی حکومی زانیاری لەسەر هاولاتیەك ویست دەبێت بەپێی یاساو نوسراو بێت بۆنمونە بۆ حالەتێکی ئیجرامی. ئەم پێویستیە دەبێت بەیاسا رێك خرابێت.

## باسی پێنجەم
## سیستەمی سیاسی ئەلمانیاو فاکتەرەکانی سەقامگیری

لێرەدا کۆمەلێك ئۆرگان هەن کە دەبنە هۆی سەقامگیری سیستەمە سیاسیەکە، بۆنمونە: مەکتەبی چاودێری دارایی، لیژنەی نەزاهە، لیژنەکانی پەرلەمان بۆ لێکۆلینەوەو چاودێریی کارەکانی حکومەت، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، بێلایەنی دادوەری، کۆمەڵگای مەدەنیو ئازادی تاك، نەهێشتنی گەندەلی ئیداریو سیاسیو ئابوری، ریفۆرم کردنی یاسا نەگونجاوەکان، عەدالەتی کۆمەلایەتی، هەروەها بەدامودەزگاکردنی سیستەمە سیاسیەکە بەلاَم لە دامودەزگای دیموکراسیدا، جیاکردنەوەی سێ دەسەلاتەکە (یاسادانانو جێبەجیکردنو دادوەری) لەیەکتر وەك یەکێك لە پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت1. بەشێکی ئەم دەزگایانە لە عێراقو سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستانیش هەیە بەلاَم جیاوازی سەرکەوتنی ئەم دەزگایانە بەندە بە پراکتیزە کردنیو بە سروشتی سیستەمە سیاسیەکە.

هەروەها بەندە بە بوونی یەکسانی لەبەردەم یاساو ئازادی سیاسیو ئازادی تاك وەك خەسلەتێکی گرنگی کۆمەڵگای مەدەنی نەك بەحیزب کردنیو بەشەخسەنە کردنی سیاسەت و دەولەت. گەل سەرچاوەی دەسەلاتەکان بێت ئەویش بەرێگای هەلبژاردنی ئازادو راپرسی گەل لەسەر دەستور بۆ شەرعیەتدان پێی. حیزبی سیاسی لە هەموو سیستەمێکدا رۆلی گرنگ دەبینێت لە بەمۆدێرن کردنی سیستەمو دەسەلاتی سیاسیدا، ئەمەش بەندە بەئایدۆلۆژیای سیاسی حیزب. بەدەستهێنانی ئەم مەرجانە کارێکی ئاسان نیە بەلاَم دەسەلاتی سیاسی ئەگەر ئەوانە بکاتە ئامانجو ستراتیجیەتی خۆی ئەوا سیستەمە سیاسیەکە دەبێتە سیستەمێکی شەرعیو ئۆرگانەکانیش سەرکەوتو دەبن. دەسەلاتی سیاسی کە بەشێکی گرنگی سیستەمی سیاسیە بریتیە لەپیادەکردنی هێز لەفۆرمێکی شەرعیدا"2. زۆربەی جار ئەو گرفتانەی ڕوبەڕووی فەرمانڕەوایانو دەسەلاتداران دەبنەوە بریتیە لەچۆنیەتی هەلگێرانەوەی هێز بۆ دەسەلات. بەواتا ئەو دەسەلاتانەی لەبواری پراکتیکدا پیادەکردنی هێز لە شەرعیەتەوە وەرناگرن ڕوبەڕوی گرفتو پشێوی‌و ناسەقامگیری سیاسی جۆراوجۆر دەبنەوە .

---

1 ) سیستەمی دیموکراتی بەبیروبۆچونی من بریتیە لەسیستەمێکی ئەقلانی، شەرعی، دیموکرات، دەستوریی، پەرلەمەنتار، فرەحزبی بە دەستوری دیموکراتیانە بەدەسەلاتێکی دادوەری سەربەخۆ (دەولەتی قانونی لە سیستەمی دیموکراسیدا). هەلبژاردنی ئازاد لەگەل دیاریکردنی سەقفی زەمەنی فەرمانرەوایی کردن. هەروەها بوونی عەدالەتی ئابوری لە کۆمەلگایەکی هوشیاردا، کۆمەلگای مەدەنیو تاك گەراییو مافی تاك. لە حالەتی دەولەتی کۆمەلگای فرەنەتەوەدا مافی نەتەوەییو کەلتوریی ئەو نەتەوانە لەبەردەم یاسادا بە وشەو بەکردارو یەکسانییان لە مافی چارەی خۆنوسینی ئازادانەدا ددان پێدا بنرێت.

2 ) د. ناجي صادق شراب، وحدانية السلطةء وحدانية القوة، مقال، انترنيَت *www. Fustat . com / muawat / naji . shtml*.

## باسی شەشەم
## ڕێکخستنی پرەنسیپی فیدرالیزم لە ئەڵمانیا بە ڕێگای دەستوری فیدرالیەوە

پرەنسیپی فیدرالیزم لە ئەلمانیا بەرێگای دەستوری فیدرالیەوە ڕێکدەخرێت. دەستوری بنەرەتیی ئەلمانیا مافەکانی هەرێم ڕێکدەخات. لە یاسای ئیتحاددا مافی بەشداریی هەرێمەکان بەرێگای ئەنجومەنی فیدرالی ریالیزە دەکرێو لەماددەی 50ی دەستوری بنەرەتیدا ڕێکخراوە. بەڵام ئایا ئەم مافانە چۆن دابەش کراوون؟ ئیتحاد کام یاساو هەرێمەکان کام یاسای تر دەتوانن دەربکەن؟ یاسای دەستوری بنەرەتی لەماددەی 73چەند یاسایەکی جوداکردۆتەوە بۆنمونە کاروبارو سیاسەتی دەرەوە. هەروەها بەرگری، یاسای کۆچکردن بۆ ناوەوە دەرەوەی ئەلمانیا، هاتوچۆی ئاسمانی، دراو، ناسنامە، بڕیاری جەنگو ئاشتی... تاد. هەموو ئەمانە دەکەونە ژێر بڕیاری دەسەڵاتی فیدرالی ئیتحادەوە. لەم بوارەدا هەرێمەکان بەپێی ماددەی 71ی دەستوری بنەرەتی تەنیا ئەو مافەیان هەیە کە یاسای دەسەڵاتی فیدرالی ئیتحاد داوێتی پێیان. هەموو ئەو مافانەی بەر ئیتحاد ناکەون بەپێی ماددەی 70، فەقەرەی1ی دەستور بەر هەرێمەکان دەکەون. ئەمانەش بریتین لە هەلبژاردنەکانی هەرێمو پارێزگاکان، ئیدارەی هەرێم، پۆلیسو هاتوچۆ، بواری پەروەردەو پیشە، تەندروستیو بوارەکانی میدیا. مافی یاسایی هەرێمەکان لەبواری کێبرکێشدا لە ماددەی 74ی دەستووردا دەخوات. لە دەستورەکەدا هەرچی لە دەسەڵاتەکانی کە تایبەت نین بەحکومەتی فیدرالی دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان. ئەو کاتە ئیتحاد پێویست دەکات ڕوو لەرێنماییو یاساکانی هەرێم بکات بۆ ئەوەی یەکەی پەیوەندیە ژیانیەکانی سەرجەم ئیتحاد پێکەوە بنێت. ئەمەش لە ماددەی 72، فەقەرەی 2ی دەستوری بنەرەتی بۆ بەرژەوەندی مافی هەرێمەکان بەپێی یەکێتی ئەلمانیا لە دەستور لە سالی 1994 فۆرمەلە کردنەکەی بۆ یەکسانی پەیوەندیە ژیانیەکان گۆڕدرا 1.

لە برگەی 2ی ماددەی 32دا هاتووە "لەچوارچێوەی ئەو سنورەی کە هەرێمە فیدرالیەکان بەرپرسیارن لە دەرکردنی یاسا تێیدا، هەرێمەکان دەتوانن بە ڕەزامەندی حکومەتی فیدرالی ئیتحاد ڕێکەوتنامەی نێودەولەتی لەگەل دەولەتەکانی تردا ببەستن. لە برگەی 2 شدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە ئەو ڕێکەوتنامانەی کە حکومەتی فیدرالی

---

1) Gunnar Vollering, Das föderalistische Prinzip der BRD zwischen Solidarität und Autonomie, 2005, p. 78.

دەیبەستێتو بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەندی بە بارودۆخەکانی هەرێمێك لە هەرێمەکان هەیە پێویستە گوێ لە پێشنیازو بۆچوونەکانی ئەو هەرێمە بگیرێت لەکاتی گونجاودا. ئەو دەسەڵاتەی کە ئەم دەستورە بە هەرێمە پێکهێنەرەکانی بەخشیوە دەسەڵاتیکی ڕاستەقینەو واقعیەو هەرێمەکانیش بە کردار پراکتیزەی دەکەن بۆنمونە هەرێمی باڤاریا بە تەنها زیاتر لە 17 ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی لە بوارە جیاوازەکاندا بەستووە 1.

## باسی حەوتەم
## ڕۆڵو کاریگەری حیزبە سیاسیەکان لە ئەلمانیا لەسەر سیستەمی فیدرالی

زۆرن ژمارەی حیزبە سیاسیەکان لە ئەلمانیا بەلآم شەش حیزبی سەرەکی گۆرەپانی سیاسی ئەلمانیایان داگیرکردوە کەبریتین لە(CDU FDP ، CSU، SPD، DIE LINKE، BUNDNIS 90/Die GRÜNEN). بەلآم بەهێزترینیان بریتین لە SPDو CDU. ڕێژەی هێزو زۆریی جەماوەری ئەم حیزبانە لەهەرێمەکان وەك یەك نینو جیاوازن. لە هەرێمی Bayern حیزبی CSU بەهێزترینە بەلآم بوونی تەنیا لەم یەك هەرێمەدایە. بەلآم بەهۆی ئەوەی لەگەل حیزبی CDU لەهاوپەیمانیەتێکدایە هەربۆیە کاریگەری لەسەر سیاسەتی گشتی ئەلمانیاو دەسەلآتی ئیتحاد هەیە. لە هەرێمێکی وەك Saarland سێ حیزب لە هاوپەیمانیەتێکدا فەرمانڕەوایی دەکەن کە بریتین لە :CDU, FDP، BUNDNIS 90/Die Grünen. لەم هەرێمە حیزبی چەپەکان بە سەرۆکایەتی ئۆسکار لافۆنتێن لە هەلبژاردنی هەرێم لە 2009 بۆ یەکەمجار بەشداری هەلبژاردنیان کردو 22 کورسیان بەدەستهێنا کە گۆڕانو دیاردەیەکی نوێی سیاسیە لە مێژووی هەرێمەکەو لە ئەلمانیا، ئەم دیاردەیە دەکرێ بەراورد بکرێ بە بزوتنەوەی گۆران لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. بەلآم چەپەکان تەنیا لە دوو هەرێمدا بەشدارن لە دەسەلآتدا. ئۆسکار لافۆنتێن لەبالی چەپی حیزبی سۆشیال دیموکراتەکان بوو. دواتر حیزبەکەی جێهێشتو لەگەل هێزێکی تری سیاسیو چەند کەسایەتیەکی تردا حیزبێکی نوێی سیاسیان پێکهێنا کە دەنگی پێویستیان هێنا بۆچوونە نێو پەرلەمانی ئیتحاد لە شاری بەرلینی پایتەخت. هەروەها حیزبی سەوزەکان لە سێ هەرێمدا بەشداری دەسەلآتن. هەلبژاردنو ژمارەی دەنگەکانی هەرێمەکان کاریگەریو گرنگی خۆی هەیە بۆ سەر دەسەلآتی ناوەند. هەروەها لەسەر پێکهاتەی سیاسیو قورسایی لە ئەنجومەنی فیدرالی (ئەنجومەنی هەرێمەکان)2. لە دەوڵەتی ئیتحادی فیدرالیدا هەرێمەکان لەلایەن ناوەندەوە ئاسایی ڕێنمایی دەکرێن سەبارەت بەپێکهاتەی دەستور

1 ) سۆران حوسین، ل. 124 -125.

2) *Hans Boldt, S.105.*

بۆ ئەوەی هاوتایەك لە نێوان ئەوانو ناوەندا زەمان کرابێت. لەماددەی 28 فەقەرەی (1) دا هاتوە: "دەستورەکانی هەرێمەکان وەك یەك نین". هەرچەندە لە سیستەمی حکومەتی هەرێمەکان دەروازەی سیستەمی سەرۆکایەتی لەسەر شێوە ئەمریکیەکە لەلایەنی تیۆریەوە ئیمکانە بەڵام هەموو هەرێمەکان بڕیاریان بۆ سیستەمی حکومەتی پەرلەمانی داوە بەواتا سیستەمی سەرۆکایەتی پیادە ناکرێ .

سەرجەم هەرێمەکان سیستەمی فرەپارتایەتیان هەیەو خاوەن پلورالیزمی سیاسین. حیزبە جەماوەریەکان نەك تەنیا لە هەرێمێکدا بەلکو لەسەر ئاستی ناوەندیشدا دەردەکەونو جگە لە ڕێکخراوە هەرێمیەکانیان ڕێکخراوی ئیتحادی ناوەندیشیان هەیەو لە هەلبژاردنی ئیتحاددا لەسەر ئاستی سەرجەم دەوڵەت دەنگ دەهێنن. دوای روخانی رژێمی نازی لە سالی 1945 هێزەکانی هاوپەیمان پیادەی یەکێتی سیاسی ئەلمانیایان کرد. لەسەرەتادا تەنیا ئەو حیزبە سیاسیانە (حیزبەکانی ڕۆژئاوای ئەلمانیا) بۆیان هەبوو بەشداری هەلبژاردنی گشتی بکەن کە هاوپەیمانەکان (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەریتانیاو فەرەنسا) مۆلەتیان پێدابوون. حکومەتەکانی زۆربەی هەرێمە نوێیە دروستکراوەکان لەلایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە دروستکرابوون. ئەو حکومەتە هەرێمیانەی لە ئەنجامی هەلبژاردنی هەرێمەکانەوە هاتنە کایەوە خرانە ژێر کۆنترۆلی هاوپەیمانەکان. مۆلەت لەو کاتەدا حیزبەکانی SPD و KPDبەتایبەت لە هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن، حیزبیZENTRUM و هەروەها پارتە تازە دروستبوەکانی وەك CDUوە FDP ی نەگرتەوە 1. دیارە ئەم بڕیارەی هاوپەیمانەکان لە ئەلمانیای دوای رژێمی نازی بێهۆ نەبوە ئەگەر بروانینە ئایدۆلۆژیای نازیەکانی ئەلمانو ئەو ڕەگە کۆمەڵایەتیەی هەیبوو، بەڵام لە ئەنجامی داگیرکردنی دەوڵەتەکەشەوە بوو. ئەلمانیا سیستەمی تۆتالیتاریزمی بەخۆوە بینیو بووە هۆی هەلگیرسانی چەندین جەنگی گەورەی خوێناوی. ئەلمان بووە هۆی بەرپاکردنی هەردوو جەنگە جیهانیەکە. بۆنمونە بڕوانە ئەو پاشماوە کۆمەڵایەتیو ناسیۆنالیزمەی بەعس بەشێوە جیاوازەکان هێشتا لە عێراق ماویەتی، بەعسیش وەك پیادەکەرێکی سیستەمی تۆتالیتێر .

یەکێك لە فاکتەرەکانی گەشەکردنی سیاسی لە ئەلمانیا بریتی بوو لەهەلگرتنی بڕیاری قەدەغەکردنی حیزبەکان لەلایەن کۆمیسیۆنی بالای هاوپەیمانەکان لە 14.1.1950. لە ئەنجامی ئەم بڕیارە لە ئەلمانیای رۆژئاوا نزیکەی 30 حیزبی سیاسی نوێ دروستبوون بەشێکی لەسەر ئاستی هەرێمەکان بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گەشەی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی پارچەبوونی حیزبەکان. بۆ یەکەم هەلبژاردنی

---

(1 . . هەمان سەرچاوە ، ل 38

پەرلەمانیی لە ئەلمانیای رۆژئاوا لە 14.8.1949 ژمارەیەكی زۆر لە حیزب خۆیان بۆ هەلبژاردن تۆمار كرد. ژمارەیەك لەمانە گەیشتن بە كورسیەكانی پەرلەمان. حكومەتی ئیتحادی لە لایەن CDU بەڕێوە دەبرا. كۆمەلێك لە هاوپەیمانیی لەژێر سەركردایەتی SPDدا بوون لە هەرێمی (شلێسڤیگ هۆلشتاین) هەتا دەگاتە هەرێمی هێسن، لە كاتێكدا هەرێمەكانی خوارو لە بایەرن (باڤاریا) هەتا دەگاتە (راینلاندفالتس ) CDU و CSUبالادەست بوون تێیدا. هەرێمی زارلاند كە ئەو كاتە هێشتا سەر بە ئەلمانیای رۆژئاوا نەبوو ئەمیش لەلایەن CDU فەرمانرەوایی كرا . ماددەكانی دەستوریی سەبارەت بە پێكهاتەی رێكخراوەیی دەولەت بەروونی ئاماژە بە پێكهاتەی سیستەمی حكومەتی پەرلەمانیی ئەدات.

## بەشی چوارەم
## باسی یەكەم
## توانا فیدرالیەكانی ئیتحاد لە عێراقو مافی هەرێمەكان لەدەولەتە فیدرالەكاندا

بەپێی دەستوری عێراق دەولەتی ئیتحاد ئەم توانا ناوەندیانەی پێدراوە: "نەخشەكێشانی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دبلۆماسیو دانوستانی پەیوەست بەرێكەوتنو پەیماننامە نێودەولەتیەكانو سیاسەتی قەرز وەرگرتنو واژۆكردنی گرێبەستو رەسم كردنی سیاسەتی ئابوریو بازرگانی دەرەوەی پەیوەست بەسەروەریاتی، دانانو جێبەجێكردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی بۆ مەبەستی دابینكردنی پاراستنو دەستەبەركردنی ئارامیو ئاسایشی سەرسنورەكانی عێراقو بەرگری لێكردنیان. نەخشەكێشانی سیاسەتی داراییو گومرگی، دانانی بودجەی گشتی بۆ دەولەتو نەخشەدانانی سیاسەتی دراو[1].

بەلاّم مافی هەرێمەكان لەدەولەتە فیدرالیەكاندا وەك یەك نیە. لە هەندێك دەولەتی فیدرالدا هەرێمەكان خاوەن كەسایەتی یاسایی نێودەولەتین بۆنمونە دەسەلاّتی بەستنی گرێبەستو مۆركردنی پەیماننامەو رێكەوتنامەی نێودەولەتی[2]. " لە هەندێكی تردا ناوەند دەسەلاّتی زۆرترەو هەرێم كەمتر. بەلاّم بەشێوەیەكی گەوهەری دەولەتی فیدرالی بەوە لە دەولەتەكانی دیكە جوودا دەكرێتەوە كە لەپال دەستوری

1 ) دەستوری كۆماری عێراق، ئاب، 2005 ، ل. 47-48 .

2 ) سۆران حوسێن، ل.28.

فیدرالیدا کە بنەمای سیستەمەکەیەو بناغەی ڕێککەوتنی پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدرالیە، هەرێمو پێکهێنەرەکان خاوەنی دەستوری لۆکالیو تایبەت بەخۆیانن. بەگشتی دەستوری فیدرالی پێویستە دەستورێکی نوسراو بێت هەروەها بالادەستی غهەبێت بەسەر هەموو یاساو دەستورە ناوخۆییەکان. مەرجی دەستوری هەرێمەکانیش ئەوەیە نابێت پێچەوانەی بنەما سەرەکیو پرەنسیپە بەرچاوەکانی دەستوری فیدرالی بێت. ئەمەش مەرجێکە یان کۆتو بەندێکە لەسەرجەم دەستورە فیدرالیەکاندا لەسەر دەستوری هەرێمەکان دانراوە. گرنگی هەبوونی دەستوری هەرێمەکانیش لەدەوڵەتی فیدرالیدا هۆکارێکی بەرچاوە بۆ ڕێکخستنی خۆبەرێوەبردنی لۆکالی لەلایەن خودی هەرێمەکانەوە. لە هەمان کاتیشدا دەستەبەری سەربەخۆیی خودی هەرێمەکان دەکات کە ئەویش خۆی لەخۆیدا سیفەتێکی بەرچاوی دەوڵەتی فیدرالیە"1.

ماددەی 113، خالی 1ی دەستوری عێراق هەرێمی کوردستان بە دەسەڵاتەکانی ئێستای بە هەرێمێکی فیدرالی دەناسێت. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەدەسەڵاتی هەرێمەکان هەبێت لە عێراق، لەبەشی پێنجەمی ئەم دەستورەدا دەستنیشان کراوە 2.

## باسی دووەم
## مافە فیدرالیەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان دەستوری فیدرالیو هەرێمدا

لە بەشی پێنجەمی دەستوری عێراقدا لە ماددەی 116دا هاتوە: "هەرێم دەستورێك بۆخۆی دادەنێت کە دەسەڵاتو ئەرکەکانو شێوازەکانی کارپێکردنیان دیاری بکات بەجۆرێك ناکۆك نەبێت لەگەل ئەم دەستورەدا"3، بەواتا لەگەل دەستوری عێراقدا. بۆ تێگەیشتن لە باسەکە پێشەکی ئاماژەیەك بەمافو ئەرکە فیدرالیەکانی هەرێمی کوردستان ئەدەم چ لە دەستوری فیدرالی عێراقدا هەروەها لە دەستوری هەرێمی کوردستان4 خۆیدا. "لە دەستوری هەمیشەیی عێراقداو سەبارەت بەرێکخستنی

---

1 ) هەمان سەرچاوە، ل. 23-24.

2 ) هەمان سەرچاوە، ل. 51.

3 ) رەشنوسی دەستوری کۆماری عێراق، ل. 52.

4) بۆ ئەم بەشەی کوردستان چەند پێناسەیەکی جوگرافی بەکار دەهێنرێت وەك خواروی کوردستان یان کوردستانی خوارو، کە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان / عێراق دەگرێتەوەو لەرووی جوگرافیەوە دەکەوێتە سەرووی عێراق. لە سالی 1991 لە ئەنجامی جەنگی دوەمی کەنداو لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ناوچەیەکی ئارام لە سەروی هێلی 36 دروستکرا بۆ پاراستنی کورد لەبەردەم هێرشەکانی سوپای بەعس. لەو کاتەوە ئەم ناوچەیە ناوی هەرێمی کوردستانی عێراقی بەخۆیەوە گرتوە. هەرێمی کوردستان بریتیە لە سێ پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێرو دهۆكو هەلەبجە. ئەم هەرێمە خاوەن پەرلەمان، دەستور، حکومەتو دادوەری خۆیەتیو ئالاو سرودی نیشتمانی خۆیەتی.

دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی ناوەندیو هەرێمەکان بەتایبەت دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەکیو بەستنو مۆرکردنی ڕێکەوتنامەکان، ئەوا ئەم دەستورە هیچ بوارێکی بەهەرێمەکان نەبەخشیوە بەلکو ئەو دەسەڵاتەی بە یەکێك لە دەسەڵاتە هەرە حەسریەکانی حکومەتی فیدرالی داناوە. ئەوەش لەماددەی 110ی دەستورەکەدا کە تایبەتکراوە بەدەسەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی فیدرالی. لەبرگەی 1ی ماددەی ناوبراودا نەخشەکێشانی سیاسەتی دەرەکی بەبێ هیچ ریزپەرێك لە دەسەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی فیدرالی دانراوە. لە ماددەی 121ی دەستوری عێراقی کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان هیچ ئاماژەیەك بەدەسەڵاتی هەرێمەکان لەو بارەیەوە نەکراوە نەك هەر ئەوە بەلکو هیچ گەرەنتیەکیش بۆ هەرێمەکان دانەنراوە لەو ڕێکەوتننامانەی کە حکومەتی فیدرالی دەیبەستێتو پەیوەندی بە دەسەڵاتەکانی هەرێمەکانەوە هەیە. دەستورەکە بەتالەو هیچ ئاماژەدانێك نیە لەوەرگرتنی بۆچوونو ڕای هەرێمەکان لەو ڕێکەوتننامانەدا یان بەشداری پێکردنیان لەدانوستانەکاند"1.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسە ئەگەر هەردوو دەستوری هەرێمی کوردستانو ئەوەی دەسەڵاتی فیدرالی ئیتحاد لە بەغدا بەراورد بکەین پێکەوە سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆنمونە گرێبەستە نەوتیەکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان لە دەستورەکەیدا مافێکی تری بەخۆیداوە لەسەر ئەم ئاستە وەك لەوەی دەسەڵاتی فیدرالی ئیتحادی بەغدا نەیداوە پێی. (بڕوانە ماددەی نۆی دەستوری هەرێمی کوردستان).

لە ماددەی 9 ی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتوە:

یەکەم: "وەرگرتنی بیروڕای هەرێم بەر لەمۆرکردنی هەر گرێبەستو ڕێکەوتنێك لەنێوان حکومەتی فیدرالیو هەر دەوڵەتێك یان لایەنێکی بیانی پەیوەست بێت بە بارودۆخ، رەوش، یان مافەکانی هەرێمی کوردستان کەئێستا هەن، یان لەداهاتودا دەبن.

دووەم: هەرێم بۆی هەیە لەسنوری دەسەڵاتیدا بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتە دیارکراوەکانی حکومەتی فیدرالین لەگەل حکومەتەکانی هەرێمی دەوڵەتە بیانیەکان ڕێکەوتنامە مۆر بکات. سێیەم: هەرێم بۆی هەیە لە سنوری دەسەڵاتی دەرکردنی ئەو یاسایانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتە دیارکراوەکانی حکومەتی فیدرالین، بەرەزامەندی حکومەتی فیدرالی گرێبەستی ڕێکەوتنامە مۆر بکات، کە نابێت ئەویش بەبێ پاساوی یاسایی دلنیاکەر رەزامەندی نەنوێنێت "2.

1 ) سۆران حوسین، ل. 137–138.

2 ) هەمان سەرچاوە، ل.157.

## باسی سێیەم
## بەربەستەکانی فیدرالیزم لە عێراق

سویسرا ئەو دەوڵەتەی کە بریتیە لە 26 کانتۆن (هەرێم) لە سێ نەتەوەی سەرەکی پێکهاتوە کە بریتین لە ئەلمان، ئیتالیو فەرەنسی لە ناسنامەیەکی سویسریدا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالی هاوبەشدا. فیدرالیەت لە سویسرا لەسەر بنەمایەکی ئارەزومەندانە پێکهاتوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە. بەڵام ئەم دیاردەیە لەبەر ڕۆشنایی چەند فاکتەرێك لە عێراقدا بە پێچەوانەوەیە. ڕەگی مێژویی ناکۆکیو جیاوازیەکان زۆرو قولن لە عێراقدا. فیدرالیزم بەرهەمی ئەلیتەیەکی سیاسیە لە عێراق نەك بەرهەمی گەلانی ولاتەکە .

کورد لە عێراق بەگشتی هەست بە عێراقی بوونی خۆی ناکات بەلکو خۆی بە بەشێك لە گەلی کورد دەبینێت کە ولاتەکەی لە لایەن هێزە کۆلۆنیالیستەکانەوە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دژ بەخواستی ئەم دابەشو کۆلۆنیزە کراوە. ئەم هەلوێستەی کورد لە عێراق هۆکارو دەرئەنجامی خۆی هەیە. لە 90 سالی ڕابوردودا، لەو کاتەوەی عێراق دابەشکراوە ڕژێمە یەکبەدوای یەکەکانی عێراق کوردیان لەم دەوڵەتە دەستکردەدا هەمیشە وەك مرۆڤی پلە دوو مامەلە کردوە کە لە پرۆسە سیاسیەکاندا پەراوێز خراوە. ڕوبەڕوی دەربەدەریو لەناوبردنو جینۆسایدکردن کراوە. ئەم سیاسەتە بوە هۆی ئەوەی کورد کە بەپێی ئامارە گشتیەکان 20%ی[1] دانیشتوانی عێراق پێکدێنێت نەبێتە خاوەن ناسنامەیەکی ڕاستەقینەی عێراقی وە نە لەم بارودۆخەدا ئەم ناسنامەیەی قبول بێت. عەرەبە ناسیۆنالیستەکانو هەروەها لایەنە ئیسلامیە توندرەوەکان دروستبونی هەرێمێکی کوردی لە عێراق بەهەنگاوێك دەبینن بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی .

فاکتەرێکی تر ئەوەیە سونە کە زۆرتر لە ناوەراستی عێراقو دەوروبەری بەغدا کۆبۆتەوە، ناوچەیەکی جوگرافی کە نەوتی تێدا نیە. دیاردەیەك بۆتە هۆی دروستبوونی ترس لای سونەکانو ئەم ترسەش باکگراوندی خۆی هەیە، ئەوە هەرچەندە دەسەڵاتی سونە دەیان سال بەتەنیا فەرمانرەوایی عێراقی کردوە و کۆنترۆلو سامانی عێراقی بەدەستەوە بووە. بۆ ڕەواندنەوەی ترسی دوارۆژ ئەگەر عێراق ببێتە دەوڵەتێکی ڕاستەقینەی فیدرالی ئەوا پێویست بەپراکتیزەکردنی سیستەمێکی فیدرالی واقیعبینانە

1 ) Layla Özden، ل. 52. لە نامەی دوکتۆراکەیدا، فیدرالیزم لە عێراق (بەزمانی ئەلمانی)، 2009، لەلاپەرە 111-119 سەبارەت بەفیدرالیزم تیشکی خستۆتە سەر کێشەی کەرکوك لە دیدگا جیاوازەکانەوە.

دەکات بەپێی دەستورێکی واقیعبینانەو ڕێکخستنی بەپێی یاسا کە لێرەدا مافو یەکسانی هەرێمەکانیش دەبێت بەپێی دەستور پیادە بکرێت لەرووی ئابوریشەوە.

نەبوونی سەقامگیریو قەیرانی دیموکراسی ئەمانەش بەربەستن لەبەردەم پێکهێنانی سیستەمی فیدرالی لە عێراقدا.

"دوای هەرەسی مالیکی لە هەلبژاردنی پەرلەماندا لیستی دەولەتی یاسا داوای کرد شاری بەسرە بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. هەڕەشەی دەکرد ئەگەر ئەیاد عەللاوی ببێت بە سەرۆك وەزیر پارێزگاکانی دیکەش کە لیستی دەولەتی یاسا بالادەستە تێیاندا هەمان داوا بەرز دەکەنەوە. سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە رایگەیاند بەهەرێم کردنی بەسرە لە ڕووی ئابوریو سیاسیو کۆمەلایەتیەوە دەیانبوژێنێتەوە. پێشبینی دەکرا لەو نۆ پارێزگایانەی لیستەکەی مالیکی تێیاندا یەکەمە هەمان داوا بەرز بکەنەوە. بەلام ئەم داوایەی ئەو کاتە وروژاندی مەبەستی بەرژەوەندی گشتی تێدا نەبوو کە پێدەچوو نوری مالیکی لابرێتو ئەیاد عەللاوی ببێت بەسەرۆك وەزیران هەربۆیە مالیکی دەیویست لە یەکەم ساتی پێکهێنانی حکومەتدا العێراقیە بخانە قەیرانەوە"1. "بە ئیمزای 16 ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە نوسراوێك ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کرد. زیاتر لە 1/3 ی ئەندامانی ئەنجومەنی پاریزگاکە واژۆی داواکاری بە هەرێم کردنی پارێزگای بەسرەیان کردوە. دەبێت ئەنجومەنی ناوبراو ئەو پرسە ئاراستەی کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان بکات بە مەبەستی ئەنجامدانی راپرسی لەو پارێزگایەو ئەگەر ڕێژەی 50% زیاتر لە دانیشتوانی ئەو پارێزگایە دەنگ بدەن بۆ پێکهێنانی ئەو هەرێمە ئەوا هەرێمی بەسرە بەپێی دەستوری عێراق دروستدەبێتو دەبێت لەماوەی 15 ڕۆژدا ئەنجومەنی وەزیران ئەو دۆسیەیە ئاراستەی کۆمیسیۆن بکاتو کۆمیسیۆن لەماوەی 60 ڕۆژدا راپرسیەکە ئەنجام بدات. هەرچەندە دوای هەلبژاردنەکانو بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر لەپارێزگای بەسرە چاوەروان دەکرا ئیئتیلافی دەولەتی یاسا کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات پشتگیری لە بەهەرێم کردنی بەسرە بکات بەلام بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە وەلید عباس کە سەر بە ئیئتیلافەکەی مالیکیە ئاماژە بە دژایەتیکردنی بە هەرێم کردنی بەسرە دەکات لەلایەن دەولەتی یاسا... " . لێرەدا مرۆڤ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هەلوێستی دەسەلاتی سیاسی دەولەتی عێراق لەلایەنی دروشمو عەمەلیەوە ناکۆکە بەخۆی .

جگە لە هەرێمی کوردستان کە بۆتە واقع بەسەر دەولەتی عێراقەوە چیتر ناکرێ بە واقع باس لە سیستەمی فیدرالی بکرێت لەعێراقدا چ جای بوونی ئەنجومەنێکی فیدرالی کە هەرێمەکان یان هەرێمو پارێزگاکان ئەندام بن تێیداو نوێنەری هەرێمو

1) هاولاتي، 5.4.2010.

پارێزگاكانیان بنۆ قورسایی وكاریگەریان ببێت بەرامبەر بەو بڕیارانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەریدەكەنو دەبێت بە ئەنجومەنی فیدرالیدا تێپەڕنو دروستبوونی سیستەمێكی فیدرالی تەندروستی لێبكەوێتەوە. لێرەدا دەبینین لێكۆلینەوەی سیستەمە فیدرالیەكانی تری دەوڵەتانو ئەزمونەكانیان بە تایبەت كۆمەڵگا فیدرالیە پلورالیستەكان بۆ عێراقو بۆ هەرێمی كوردستانیش بەسوود دەبێت. بەڵام ئەگەر هاتو حكومەتی فەرمانڕەوا هەنگاوی بۆ گەشەكردنی سیستەمی فیدرالیو ئەنجومەنی فیدرالی نەگرتەبەرو لامەركەزی پارێزگاكانیش تەنیا تیۆری بێت ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە لایەنی بالادەست بەدوای فكری سەنترالیزمەوەیە ئیتر لەهەر بەرگێكدا بێت، بەواتا سیستەمە سیاسیەكە دەكەوێتە ژێر پرسیار. لێرەدا دەردەكەوێت نەبوونی ئەنجومەنی فیدرالی بەربەست دەبێت لەبەردەم دروستبوونی سیستەمێكی فیدرالی تەندروستو ڕاستەقینە.

## باسی چوارەم
## ئەنجومەنی فیدرالی لە دەوڵەتی عێراق دا

لە بەشی سێیەم، ماددەی 62 ی دەستوری عێراق باس لە ئەنجومەنی فیدرالی كراوە بەڵام ئەم ئۆرگانە دەستوریە لە عێراق كاری پێنەكراوە. ڕاستە لە عێراق تەنیا یەك هەرێم هەیە كەبریتیە لە هەرێمی كوردستان بەڵام لە دەستوری عێراق لە ماددەی 113دا هاتوە: "ڕژێمی فیدرالی كۆماری عێراق پێكدێت لە پایتەختو هەرێمەكانو پارێزگا ناناوەندی (لامەركەزی) یەكانو بەرێوەبەرێتیە خۆمالیەكان. حكومەتی فیدرالی دەسەلاتی داوەتە پارێزگاكان"1. لە ماددەی 62 دا هاتوە: "ئەنجومەنێكی یاسادانان دادەمەزرێت بەناوی (ئەنجومەنی فیدرالی) كە نوێنەرانی هەرێمەكانو ئەو پارێزگایانەی لەنێو هەرێمێكدا نین دەگرێتەوە..."2. بەم پێیە دەبێت پارێزگاكان لە ئەنجومەنی فیدرالی ئیتحاد بتوانن كورسیو دەنگیان هەبێت. بەڵام هەر پارێزگایەكیش دەتوانێت ببێتە هەرێمێكی سەربەخۆ. ئەم مافە لەماددەی 115ی دەستورەكەدا هاتووە دەڵێت: "هەر پارێزگایەك یان زیاتر مافیان هەیە هەرێمێك پێكبێنن لەسەر داوایەك كە ڕاپرسی لەسەر بكرێت، بە یەكێك لەم دوو ڕێگایانە پێشكەش دەكرێت:

یەكەم: داوایەك لەسێ یەكی ئەندامانی هەر ئەنجومەنێك لە ئەنجومەنەكانی ئەو پارێزگایانەی دەیانەوێت هەرێم پێك بهێنن. دووەم: داوایەك لە دەیەكی (10/1)ی دەنگدەران لەو پارێزگایانەی دەیانەوێ هەرێم پێك بهێنن . دواتر لە ڕاپرسیەكداو

1 ) ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عێراق، وەرگێرانی بۆ كوردی: باست حەمە غریب، 2005، سلێمانی، ل. 78.

2 ) ڕەشنوسی دەستوری كۆماری عێراق، ئاب، 2005، شوێن نادیار، ل.33.

بەپێی دەستور دەکرێ ئەم داوایە ببێتە واقع. لێرەدا ئەنجومەنی فیدرالی (هەرێمەکان) دەبێت بریتی بێت لەئۆرگانێکی دەستوریی کە نوێنەری هەرێمەکانی تێدابن بۆ نوێنەرایەتی کردنی خۆیان. بوونی ئەنجومەنی هەرێمەکان لە دەسەڵاتو دیکتاتۆریەتی پەرلەمانو سەرۆك کۆمار کەمدەکاتەوە .

هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەدوای پاراستنی دەستوریدا بگەرێت لەپاش نەمانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کە ئەویش لە (ئەنجومەنی فیدرالی ئیتیحاددا) خۆی دەبینێتەوە، چونکە ئەنجومەنی ئیتیحاد (ئەنجومەنی فیدرالی) بەناوك و دڵی دەوڵەتی فیدراڵی دادەنرێت لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران بەهەردوکیان لەپاش هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەبێت دروستبکرێتو دەبنە دەسەڵاتی یاسادانان. زەنگێکی دەستوریو یاسایی چاوەڕێی عێراقو هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمەش وا دەخوازێت کەهێزو لایەنە عێراقییەکان خۆیان یەکلایی بکەنەوە، ئاخۆ عێراق بەرەوپێش دەبەن، بەپشتبەستن بە مەرجەعیەتی دەستوری، یان پاشەکشەی پێدەکەن بۆ عێراقی رابردوو. سەرەڕای ئەوەی دەبێت وەڵامی یەکلاکەرەوەیان پێبێت بۆ سەرجەم پرسە هەنووکەییە گرنگەکان، وەك: فیدراڵییەت لەعێراق.

## بەشی پێنجەم
## باسی یەکەم
## ئەزمونی دەوڵەتی فیدرالی سویسرا

سەرجەم بڕیارەکان، یاساکانی ئیتحادو هەمووارکردنی دەستورو بڕیارە نێودەوڵەتیەکان لە سویسرا لەنێو هەردوو ئەنجومەنەوە (ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی هەرێمەکان) بەواتا لە لایەن پەرلەمانی ئیتحادیو ئەنجومەنی فیدرالیەوە مامەلەی لەگەلدا دەکرێو رەزامەندی لەسەر دەدرێ. هەردوو ئەنجومەنەکە لەسەر ئاستی سیاسی تەواو یەکسانن. بڕیارێك ئەو کاتە تەواوە ئەگەر لەلایەن هەردوو ئەنجومەنەکەوە رەزامەندی لەسەر بدرێ. کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی کانتۆنەکان (ئەنجومەنی فیدرالی) لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی کانتۆنەکان سەرپەرشتی دەکرێت کە بۆ سالێك هەلدەبژێردرێت. ئەنجومەنی هەرێمەکان (ئەنجومەنی فیدرالی) بەپێچەوانەی ئەنجومەنی فیدرالی ئەلمانیا بەبێ سەرنجو رێنمایکردنی کانتۆنەکانیان / حکومەتی کانتۆنەکان دەنگ ئەدەنو لە پیادەکردنی پۆستەکەیان بەتەواوی ئازادن1. جێگای ئامارە پێکردنە کە بە پێچەوانەی ئەنجومەنی فیدرالی ئەلمانیا، ژمارەی نوێنەرانی هەرێمەکان (کانتۆنەکان) لە سویسرا بەپێی ژمارەی دانیشتوان نیە بەلکو هەموویان یەکسانن لە ژمارەی نوێنەرەکانیاندا. بۆنمونە

1) *Wolf Linder: Schweizerische Demokratie. Verlag Paul Haupt, Bern 1999, ISBN 3-258-05803-2.*

دانیشتوانی هەرێمی (کانتۆن)ی Zürich بریتیە لە ملیۆنو نیوێك لە ئەنجومەنی فیدرالی هەرێمەکان هەمان ئەو قورساییەی هەیە وەك هەرێمی Uri کە دانیشتوانەکەی بریتیە لە 35.000 کەس1. ئەگەر هەردوو ئەنجومەنە پەرلەمانیەکە لەیەکەم دانیشتندا لەسەر پرۆژەیەك نەگەنە ئەنجامێکی هاوبەش ئەوا دوای سێ هەولی بێئەنجام ئەو کاتە کۆنفرەنسی ڕێکەوتن ئەنجام ئەدرێت. ئەگەر پێشنیازی کۆنفرەنسی ڕێکەوتن لە لایەن یەکێك لەئەنجومەنەکانی پەرلەمانەوە ڕەدکرایەوە ئەوا پرۆژەکە هەلدەوەشێتەوە. 2. پەرلەمانەکانی کانتۆنەکان زۆربەی ناوی ئەنجومەنی کانتۆنی هەیەو لەهەندێکی تر پێی دەوترێ پەرلەمان. ژمارەی ئەندامەکانی لە نێوان 49- 180 یە. ئەمانە ئاسایی لەلایەن گەلەوە بۆ ماوەی چوار سال لە کانتۆنەکانی Freiburg und Waadtبۆ ماوەی پێنج سال هەلدەبژێردرێن.

## باسی دووەم
## حکومەت لە سویسرا

حکومەتی سویسرا کەپێی دەوترێ (ئەنجومەنی ئیتحادی) بەرزترین دەسەلاتە. حکومەتی ئیتحادەو دەسەلاتی جێبەجێکردنەو لە حەوت ئەندام پێکدێت کە بڕیارەکانیان بە تەوافوق ئەنجام ئەدەن. ئەنجومەنی هەرێمەکان / کانتۆنەکان (کۆمەلەی فیدرالی) هەلدەستێ بە هەلبژاردنی ئەو حەوت ئەندامە بۆ ماوەی چوار سال. بە هەلبژاردنی یەکێکیان بۆ پۆستی سەرۆك یەکێکی تر بۆ پۆستی جێگر 3.

حکومەت بەرپرسە لە جێبەجێکردنی یاساکان. ئەو یاسایانەی کە پەرلەمانو گەل بڕیاریان لەسەرداوە. حکومەت (ئەنجومەنی ئیتحادی) بڕیارەکانی لەسەر پرەنسیپی مافو ئەرکی یەکسانیی ئەندامەکانی ئەنجام ئەدەن. دوای هەر هەلبژاردنێکی نوێی پەرلەمان گۆرینی حکومەتیش ئەنجام ئەدرێت. ئەندامانی حکومەت (ئەنجومەنی ئیتحادی) بەرزترین دەسەلاتی جێبەجێکردنە لەلایەن کۆبونەوەی ئیتحادی کە بریتیە لە هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی هەرێمەکان (بڕوانە نەخشەی ژمارە 6) بەزۆربەی دەنگ بۆ ماوەی چوار سال هەلدەبژێردرێ. حکومەت لەکاتی ئەم چوار سالەدا

1) http://de.wikipedia.org/wiki/Ständerat - 43k.

*http://de.wikipedia.org/wiki/Ständerat - 43k. 2)*

( خامۆش عومەر عبدالله، ل. 47 *3*

ناتوانرێ بەرێگای متمانە لێسەندنەوەش دەسەلآتی لێبسەندرێتەوە. هەموو حکومەتێکی (ئەنجومەنێکی ئیتحادی) سویسرا خۆی لەبەردەم بەشێکی بەرپرسدا دەبینێتەوە. ئەم بەشە بەرپرسانە بەرزترین یەکەی ئیداریی ئیتحادن. لێرەدا سەرۆك کۆمار لەلایەن کۆبونەوەی ئیتحادی (ئەنجومەنی فیدرالیو ئەنجومەنی نوێنەران) هەلدەبژێردرێ. هەلبژاردنی سەرۆك کۆمار لەئەلمانیاو لەعێراقیش وەك سیستەمی فیدرالی، هەمان ئەو شێوازی سیستەمە نیە کە لە سویسرا بۆ هەلبژاردنی ئەم پۆستە هەیە.

لێرەدا تێبینی دەکرێت کە پێکهاتەی سیستەمە سیاسیەکان لەنێو سیستەمە فیدرالیو دیموکراتیەکانیشدا وەك یەك نیە بەلآم لە دەرئەنجامدا خەسلەتە دیموکراسیەکانی هەلگرتوە وەك جوداکردنەوەی سێ دەسەلآتەکە لە یەکتر. سویسرا نە لەرووی ئێتنیکیەوە، نە لەڕووی زمانو کەلتورو مەزهەبیەوە بریتی نیە لە یەکێتیەك بەلکو خۆی وەك کۆمەلێکی پێکەوە یەکگرتو پێناسە دەکات لەسەر بنەمای ئیرادەیەکی ئارەزومەندانە. لێرەدا ڕەچاوی سویسرای کۆنی پێش سالی 1848 دەکرێ وەك یەکێتیەکی تێکەلو هەمەلایەنەی کۆمارە بچوکە سەربەخۆکان. نەوە سەرەتاییەکانی کانتۆنەکانی ئەمرۆ.

نەخشەی ژمارە 6

(سیستەمی سیاسی فیدرالی سویسرا / ئامادەکردنی لە لایەن نوسەرەوە)




## باسی سێیەم
## سەرنجێك بۆ باری ئاینو زمان لەسویسرا

ئەگەر سەرنجێك بدەینە باری ئاینو زمان لە سویسرا دەبینین لە 41% كاسۆلیك، 40% ئێفێنجیلی (پرۆتیستانت) پێكهاتوە. دوو مەزهەبی جیاواز ، سەر بە یەك ئاین كە مەسیحیە. 5.5% سەر بە مەزهەبی جیاواز، 11% سەر بەهیچ ئاینێك نین. بەڵام لە سویسرا وەك لە زۆربەی رۆژئاوا بە پێچەوانەی عێراق لە نێوان ئاینو مەزهەبەكان لێك تێگەیشتن هەیە. لە عێراق 60% شێعە، 35% سونە كە هەردوو لایەن موسلمانە، 3% مەسیحی ... بەڵام جەنگێكی خوێناوی رقو كینە هەیە لە نێوان شێعەو سونەدا ئیتر هۆكارەكانی هەرچیەك بن بەڵام ئەمە دیاردەیەو بوونی فەناتیزمی ئاینیو مەزهەبیو نەبوونی هوشیاری بۆ دیموكراسیەت رێگرن لەبەردەم پرۆسەی دیموكراسیەتو لێكتێنەگەیشتن.

## باسی چوارەم
## فیدرالیزم رێگاچارەیەكی گونجاو بۆ كەمكردنەوەی ناكۆكیەكان

(سویسراو بەلجیکا وەك نمونە)

ئەگەر دەوڵەتانی وەك سویسراو بەلجیکا بە نمونە بهێنینەوە ئەوا لێرەدا فیدرالیزم ڕێگاچارەیەکی گونجاوە لە ڕووی سیاسیو ئابوریو ئیداریو مەزهەبیشەوە. هەروەها لە نەسەپاندنی بیرکردنەوەو کەلتورو زمانی لایەنێك بەسەر لایەنێکی تردا. زمانەکان لە سویسرا بریتین لە ئەلمانی، فەرەنسی، ئیتالی، ڕێتۆرۆمانیش. ئەوەی دوایی لەسەر ئاستی تاك وەك زمانی فەرمی بەکار دەهێنرێتو لە مادەی 70ی دەستوری سویسرا ئاماژەی پێدراوە. دەستوری ئیتحادی دەستنیشانی ناوچەی زمانەکان ناکات بەلکو ئەم توانایە بە ماددەی 70، فەقەرەی 2 دراوەتە کانتۆنەکان (هەرێمەکان) و دەبێت ڕەچاوی مافو زمانی کەمایەتیەکان بکرێت. هەر یەکێك لە ناوچەی زمانێکی ترەوە بگوێزێتەوە زمانی ناوچەیەکی تر مافی ئەوەی نیە بەزمانی ئەسلی خۆی لەگەڵ کانتۆنە نوێیەکەو کاربەدەستانیدا مامەلەی فەرمی بکات (پرەنسیپی ناوچەیی). لە کانتۆنە فرەزمانەکان بەتەنیا (بێرنو والیس) ناوچەی زمانەکانیان بەپێی جوگرافیا دەستنیشان کردوە. کانتۆنەکانی (تێسینو یورا) خۆیان بەتەواوی بەناوچەی ئیتالی زمان یان فەرەنسی زمان دەبینن هەرچەندە ناحیەو قەزای تێدایە کە ئەلمانە. کانتۆنە فرەزمانەکانی تری وەك (فرایبورگو گراوبوندن) ڕێکخستنی زمانە فەرمیەکان ڕوبەروی قەزاو شارۆچکەکان دەکەنەوە. هەندێ ناوچەش هەن کە خۆیان بە فەرمی بە دوو زمان دەبینن. لێرەدا دەبینین کە لامەرکەزیەت هەیە بۆ هەرێمو شارو شارۆچکەکان بۆ بڕیارەکان بەلاَم مانەوە لە چوارچێوەی دەستوری دیموکراسی فیدرالی دەوڵەتدا. زۆرینەی دانیشتوانی سویسرا لە ناوچە زمان ئەلمانەکانی سویسرا دەژی. لە 26 کانتۆنەکەی سویسرا، لە 18 کانتۆندا زمانو زاراوەی ئەلمانی قسە دەکرێ. لەرۆژئاوای سویسرا لە  Suisse romandeلە (4) کانتۆندا زمانی فەرەنسی قسە دەکرێ کە بریتین لە Genf / Waadt / Neuenburg /Jura.. لە (3) کانتۆن دوو زمان قسە دەکرێ (ئەلمانیو فەرەنسی) کە بریتین لەBern,Freiburg :، Wallis.کانتۆنی  Graubünden فرە زمانە. لێرە ئەلمانی، ئیتالیو ریتۆرۆمانیش قسە دەکرێ. ڕێژەی ریتۆرۆمانیش کە دەکاتە 0,5% ی دانیشتوان بچوکترین گروپی زمانی سویسریە (وەك مەسیحیەکان لە عێراق). لەنێو ئەم گروپەدا (ریتۆرۆمانیش) شەش زمانی جیاواز هەن کە بریتین لە Sursilvan, Sutsilvan, Surmiran, Puter، Vallader.لەسالی 1982وە زمانێکی کەشی هاتۆتە سەر کە بریتیە لە Rumantsch Grischunکە ڕێکەوتنێکە لەنێوان پێنج زمانە ( rätoromanischریتۆرۆمانیش)ەکە. لە ناوچەی Tessin لە دۆلی خواروی

( Graubündensخواروی ڕۆژهەلاتی سویسرا) زمانی ئیتالی قسە دەکرێ. بەپێی ئامارێکی فەرمیی حکومیی ئەلمانیا بۆ سالی 2002 زمانەکان لە سویسرا بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە: ئەلمانی 63.7%، فەرەنسی، 20.4%، ئیتالی، 6.5%، ریتۆرۆمانیش 0.5%،و لایەنە جیاوازەکانی تر 1.




نەخشەی ژمارە 7
هەرێمەکانی (کانتۆنەکانی) سویسرا

## باسی پێنجەم
## سیستەمی فیدرالی / بەلجیکا لە بەراوردا

بەلجیکاش دەوڵەتێکی فیدرالیو فرەنەتەوەیەو بۆ سێ (ناوچە) دابەش کراوە کە بریتین لە ناوچەی فلاندەرن (هۆلەندی زمان) و سنوریان بەەولەنداوەیە. ناوچەی ڤالۆن (فەرەنسی زمان)، سنوریان بە فەرەنساوەیە. هەروەها ناوچەی سێیەم بریتیە لە بروکسلی پایتەخت (فەرەنسیو هۆلەندی زمان/ فلامی). ئەلمان زمانەکان لەناوچەیەکی ئاوتۆنۆم ئەژینو سنوریان بە ئەلمانیاوە هەیە بەلاّم وەك هەرێمێکی تایبەت دیارینەکراوەو بە "کۆمەلەی زمان ئەلمانەکان" ناودەبرێن. ژمارەیان تەنیا 74 هەزار کەسەو لە ناوچەیەکی جوگرافی بچوکدا دەژین (بڕوانە نەخشەی ژمارە 8). دیارە ئەم

1) *www.swissworld.org/de/bevoelkerung/sprachen/*

فاکتەرەو بچوکی شوێنە جوگرافیەکەیان هۆیەکە کە بەناوچەی چوارەمی بەلجیکا ناونەبراوە. ڕێژەی دانیشتوانی بەبەراورد بەدانیشتوانی سەرجەم بەلجیکا 1% کەمترە بەڵام خاوەنی پیادەکردنی مافەکانی خۆیەتی . ئەزمونی ئەم کەمایەتیەی بەلجیکا دەشێت وەك مۆدێلێك وەربگیرێت بۆ مەسیحی زمانزانەکانی عێراق بەڵام بێگومان لێرەدا گرنگە مەسیحیەکان بونیان لە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی بێت وەك کۆمەڵە ئەلمان زانەکانی بەلجیکا نەك بە شێوەیەکی پەرشو بلاو لەناوچەکانی عێراقدا بن




دەوڵەتی فیدرالی بەلجیکا
نەخشەی ژمارە 8
de.wikipedia.org/wiki/Belgien

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە سیستەمی سیاسی بەلجیکاو بەتایبەت ناوچەی ئەلمان زانەکان لە بەرواری 14.10.2010 بۆ جاری دووەم گەڕامەوە بەلجیکاو وتووێژم لەگەل هەردوو سەرۆك وەزیرانو سەرۆك پەرلەمانی هەرێمەکە ئەنجامدا لە بارەگاکانی خۆیان. "ڕوبەری ناوچەی ئەلمان زمان بریتیە لە 854 کم دوجا. ژمارەی دانیشتوانی 74 هەزار کەسە. ئەم ناوچەیە هەتا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەر بە بەلجیکا نەبوو بەلکو سەر بە ئیمپراتۆریەتی ئەلمانیا بوو

بەشی شەشەم

## نۆ مۆدێلی سیاسی بۆ عێراقی ئاینده

سەبارەت بەو ئالتەرناتیڤانەی سیستەمی سیاسی عێراقی ئایندەی وەك دەوڵەتێکی پرئالۆز لێ پێکبهێنرێ نوسەر لێرەدا دە مۆدێلی سیاسی خستۆتە بەردەم:

سیستەمی سەنترالیزمو کێشە سیاسیو فکریەکان
- سیستەمێکی ئیسلامی سیاسی
- بە سێ هەرێم کردنی عێراق
- بە پێنج هەرێم کردنی عێراق
- بە زیاتر لە پێنج هەرێم کردنی عێراق
- فیدراسیۆنی کوردستانو فیدراسیۆنی عەرەبستان
- عێراق / سێ فیدراسیۆنی سونەو شێعەو کورد
- عێراق / سێ دەوڵەتی شێعەو سونەو کورد
- دوو دەوڵەتی کۆنفیدرالی کوردستانو دەوڵەتی عێراق

## (1)

## سیستەمی سەنترالیزمو کێشە سیاسیی و فکرییەکان

لەگەل هاتنی حیزی بەعس لەسالی 1968 بۆ سەر دەسەلآت ئەم حیزبە عەرەبیە ئامادە نەبوو دەسەلآت لەگەل هیچ لایەنێکی تردا دابەش بکاتو ددانی بەهیچ کام لەلایەنە سیاسیەکانی تردا نەدەنا. لەعێراق مێژووی دەسەلآتیکی تۆتالیتاری دەستی پێکرد کەسەرجەم ولاتی بە ئامرازی زەبروزەنگ خستە ژێر کۆنترۆلی تەنیا یەك حیزب 1. دەسەلاتدارە یەك لەدوای یەکە عێراقیەکان هەمیشە دەسەلاتی دەولەتی موتلەقی ناوەندیان دروستکردوە کەتەنها لەم . دەسەلآتدارە یەك لەدوای یەکە عێراقیەکان هەمیشە دەسەلآتی دەوڵەتی موتلەقی ناوەندیان دروستکردوە کەتەنها لەم بۆچوونە سیاسیەوە هەولی فەرمانرەوایی دەوڵەت وکۆمەلیان داوە. ئەم شێوازی بیرکردنەوە سیاسیە لەسالی 1921وە لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بەم شێوەیە ماوەتەوە. عەرەبە ناسیۆنالیستەکان کە زۆرتر لەنێو سونەکاندان عێراق بەبەشێکی نەبچراوی نیشتیمانی عەرەبی2. دەزانن کە لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئەوروپیەوە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دابەشو کۆلۆنیزە کراوە. لە دەستوری عێراقدا هاتبوو کە عێراق بەشێکە لەنیشتمانی عەرەبی . سروشتی ئەم ناسیۆنالیزمە شمولیە عەرەبیە چۆنبوو لە کاتی فەرمانرەوایی حیزبی بەعسدا بە روونی بینرا. ناسیۆنالیزم وەك

1)Naseef Naeem, Die neue bundesstaatliche Ordnung des Irak, Frankfurt,2008,S.81.

2 ) د.سالار باسیره، سیستەمی سیاسی بەعس لە عێراق، نامەی دوکتۆرا بەزمانی ئەلمانی، ڤوپەرتال، 2004، ل. 163.

ئامرازێکی ئایدۆلۆژی لە خزمەتی شەرعیەتدان بوە بە دەسەڵاتی ناوەند. لەو دەیان ساڵەی دوایدا ناسیۆنالیزمی عەرەبی گۆڕانێکی سیاسیو مێژویی بەخۆیەوە بینی بەڵام ئەم گۆڕانە کۆپی کراوە پاسیڤ بووە نەك وەك پرۆسەیەکی چارەی خۆنوسین وەك ئەوەی لەئەوروپا بوو 1.لێرەدا مێژووی سیاسی عێراق بەروونی نیشانیداوە کەدەسەڵاتی ناوەند (سەنترالیزم) بۆ ولاتو کۆمەڵگایەکی پلورالیزمی وەك عێراق بەجیاوازیو پێکهاتە ئێتنیکیو سیاسیو مەزهەبیو کەلتوریەکەیەوە هەرگیز سەرکەوتو نەبووەو نابێتە ئالتەرناتیڤێکی دیموکراسی. سەنترالیزمو دیموکراسیەت دوو شتی نەگونجاوون پێکەوە. هەربۆیە پیادەکردنی سیاسەتی سەنترالیزم ئیتر هەر حیزبو ئاینو مەزهەبێك بیەوێ پیادەی بکات مێژوو نیشانیدا سەرکەوتو نابێت. بڕوابوون بە مەرکەزیەت بڕوانەبونە بە دیموکراسیەت. مەرکەزیەت مەبەستی مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتو بڕیارە. پیادەی سیاسەتی زەوتکردنی مافو ئازادیو چارەنوسی ئەوانی ترە. بەڵام تەنیا لە ئازادیدا فرەیی دەتوانێت بژیو بەردەوام بێتو واتای خۆی بهێلێتەوە. "تەنگژەی ماوەی رابوردو بەروونی ئەوەی سەلماند بێ دێسێنترالیزەکردنی دەسەڵاتو دابەشکردنی دەسەڵات هیچ حکومەتێك ناتوانێت حکومەتێکی جێگیرو لەڕووی نوێنەرایەتیەوە نوێنەری هەموو گەلانی عێراق بێت. "2. بۆ بوونە ئەم شێوە دەوڵەتە عێراق پێویستی بە مەرجی گرنگ هەیە کە ئەوانەش بریتین لە دیموکراسیەتو سەقامگیریو دەوڵەتێکی دەستوریی تەندروستو لامەرکەزی.

## (2)
## سیستەمی ئیسلامی سیاسی

سیستەمێکی ئیسلامی سیاسی کە نەیەوێت دەوڵەتو دین لەیەکتر جودا بکاتەوە ئەوا ئەمیش نابێتە ئالتەرناتیڤێکی واقعبینانەو لەم تێڕوانینەوە ناکرێ هەلگری فکری سەنترالیزم نەبێت. باسەکە لێرەدا بەوە کۆتایی نایەت بەتەنیا روبکەینە زاراوەی گشتی ئیسلامی سیاسی. لە عێراقدا دوو مەزهەبی ئاینیی سەرەکی بەرامبەر یەکتر وەستاوون کە هەر یەکێکیان دەیەوێ خۆی بەتەنیا فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عێراق بکات. بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیە ئەوا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەدەی 16 وە هەتا جەنگی یەکەمی جیهانی فەرمانڕەوایی عێراقی کردوە.

1) Bassam Tibi, Vom Gottesreich zum Nationalstaat, Islam und panarabischer Nationalismus, Frankfurt/M 1987.S.71.

2 ) خەبات عبدوللا، گۆڤاری سڤیل، ژمارە 80.

عێراقی ئەمرۆ ئەو کاتە پێی دەوترا میزۆپۆتامیا. سونە مەزهەب لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا مەزهەبی فەرمی دەوڵەت بوو. شێعە مەزهەب [1] لە عێراق دەروازەی بەشداری بوونیان نەبووە بۆ دەزگا ئیداریە بالاکانی دەوڵەتو بۆ سوپا. ئەگەر مرۆڤ سەرنجێك بداتە مێژووی شێعە لە عێراق دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە شێعە هەمیشە لەپال سێبەری دەسەڵاتدا ژیاوە تەنانەت دوای دروستبوونو سەربەخۆیی روکەشی دەوڵەتی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیو دروستکردنی رژێمی مۆنارشی لەعێراق. سەرانی پێشووی سوپاو کاربەدەستانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە سونە مەزهەب بوون دەزگا سەرەکیەکانی دەوڵەتیان لە دەستی خۆیاندا هێشتەوە . لایەنی سونە ئامادە نەبوو دەسەڵات لەگەل شێعە بەش بکات لەکاتی وە لەدوای سەردەمی عوسمانیدا. کەمایەتیەکی عەرەبی سوننە مەزهەب فەرمانرەوایی عێراقی دەکرد بە شێوازی دەوڵەتێکی مەرکەزی. ئەم فاکتەرانەو ئەوەی کە پێکهاتەکانی عێراق نەیتوانیوە بە پرۆسەیەکی لەیەکتر تێگەیشتندا بروات بەتایبەت کە حەساسیەتو ناکۆکیە مێژوییو ئێتنیکیو مەزهەبیەکان هەر هێشتا لە هزری ئەم لایەنانەدا ماون. بەشێك لە شێعەکان لەگەل بایەخی مەزهەبی شێعەدا هەلگری بزوتنەوەی قەومی عەرەبیشنو خوازیاری دەسەڵاتی مەرکەزین. شێعەکانی عێراق لە لایەکەوە عێراقینو لە لایەکی ترەوە شێعەن بەڵام دەشکرێ بوترێ شێعەی باشوور بە شیوەیەکی بنەرەتی جیاوازن لە سوننەی ناوەراست. بارودۆخە جوگرافیەکە کاریگەریی خۆی هەیە. شیعەکانی باشور پەیوەندی نزیکیان بە شێعەی ئێرانەوە هەیەو سوننەکانی ناوەراستو سەروش بە سێ کوچکەی سنورەوە، ئەوە بۆخۆی فەرامۆش کردنی ئەو پەیوەندیە مرۆییەیە کە لە نێوان ئەو دوو هەرێمەدا هەیە.

"چەوساندنەوەی سیستیماتیکانەی تەنانەت سوننەکان لە لایەن حکومەتی سەدامەوەو لەنێوبردنی توێژی رۆشنبیری بەعس لەگەل گرتنە دەستی پۆستی سەرۆکایەتی لەلایەن سەدامەوە. لەدوای نەمانی ئەو توێژە حیزبەکە پڕبوو لە سوننەی دەشتەکی. هەموویان دلسۆزی تەواو بوون بۆ سەدامو ئارەزویان لە هیچ جۆرە پێشخستنێکی ئایدۆلۆژیو سیاسی نەبوو جگە لەوەی لە سەرکردەوە دەهات. بەم هەنگاوە سەدام بە کردەوە سەرکردایەتی سیاسی عێراقی کرد بە خێلەکی. سەدام سوننی بوو، عەشیرەتەکەی سوننی بوو، لەمەوە دەزگاکانی دەوڵەتەکەیشی بە پلەی یەکەم بە سوننەکان پڕدەکرانەوە. ئامانجو ستراتیژیە نیشتیمانیەکەی بەعس لەخۆگرتنی کۆمەلگەی فرەرەنگو فرەکەلتوریی عێراقی بێکێشە بوو تا ئەو جێگەیەی دەزگاکانی دەوڵەت هەر لە دەستی سوننەکاندا دەمێنێتەوە بەزۆری تکریتیەکان

*1) Die religiös-politische Bewegung im Irak, in: iz3,Nr.147,Freiburg,1988, S.28-33.*

نوێنەرایەتی دەکردن"1. کۆلۆنیالیزمی بەریتانی لە ماوەی دەسەڵاتو فەرمانرەوایی کۆلۆنیالیزمی خۆیدا هەرگیز هەولی جدی نەدا بۆ چارەسەرێکی ئەقلانی پێکهاتەکان لەعێراقو لە رۆژهەلاتی ناوەراستداو دیارە مەبەستیشی نەبووە. بەریتانیا لەکاتی دابەشکردنی عێراقدا بەهیچ شێوەیەك رەچاوی پێکهاتەی ئێتنیکیو ئاینیو مەزهەبیو کۆمەڵایەتی ولاتەکەی نەکردوەو دەسەڵاتی دایە دەست کەمایەتیەکی سوننە بێرەچاوکردنی لایەنەکانی تر وەك کوردو شێعە. بڕیارێکی سیاسی کە بۆ دەیان سالو هەتا ئەمرۆکە بۆتە کەرەسەی ناکۆکی. هەردوو بلۆکی رۆژئاواو رۆژهەلاتیش نوێنەرایەتی سیاسەتی ڕاگرتنی پێکهاتەی جوگرافی ناوچەکەی دەکرد بەعێراقیشەوەو بەعسی سوونە مەزهەب سوودی زۆری لەم بارودۆخە وەرگرت بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات. ئەو گەلانەی کە لەناو ئەم دەوڵەتانەدا ژیاوون دەبێت بەم پێیە لەناو ئەم پێکهاتەیەدا کێشەکانیان چارەسەر بکەنو گوایە گەشە بەخۆیان بدەنو بەم شێوەیە بەر سیاسەتی دیکتاتۆرانەی ناوەند کەووتن. ئەنجامێکی ناواقیعبینانە ئەگەر بروانینە سیاسەتی لە ناوبردنی شێعەکانو وشککردنی هۆرەکانیان هەروەها تراژیدیاکەی هەلەبجەو ئەنفال. ئەگەر بەریتانیا لەدوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لەسالی 1920 هەموو پێکهاتە ئاینیو مەزهەبیو کۆمەڵایەتیەکانی عێراقی بەکوردو شێعەشەوە بەشداری دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق بکردایە ئەوا کێشە چارەسەرنەکراوەکان نەدەبوە کێشەیەکی موزمن لەم ولاتەدا کە هەتا ئەمرۆکەش لەسەر ئاستە جیاوازەکاندا رەنگدانەوەی خۆی هەیەو رەگی قولی خۆی جێهێشتوە2.

لێرەدا دەکرێ بوترێ کە سوننەو شێعە مەزهەب تەنها کاتێك دەتوانن تاکرەوانە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عێراق بکەن کە ببنە دیکتاتۆرێکی موتلەق وەك ئەوەی سوننەکان بۆ دەیان سال کردیان. کەمایەتیەکی سوننە پیادەی دیکتاتۆریەتی کەمینەیەکی کرد بەسەر زۆرینەدا. مردن لەسەر شێعەو کورد بوو دەسەڵات بۆ سوننەی عەرەب بوو. ئێستە زۆرێك لە لایەنە شێعەکان دەیانەوێ پیادەی دیکتاتۆریەتی زۆرینە بکەن بەسەر کەمینەوە. روانینە دیموکراسیەت وەك زۆرینەو کەمینە دیدێکی هەلەیە ئەگەر عێراق بەنمونە بهێنمەوە. دەوڵەتە ئیسلامیەکانی دەوروبەریش بەعەرەبو غەیرە عەرەبیەوە بێبەش نەبوون لە پشتگیری کردنی لایەنە مەزهەبیەکانی نێو عێراق لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان. وەك دەبینین ئاینو سیاسەت، ئاینو دەوڵەت لە یەکتر جودا نەکراونەتەوە لە مێژووی سیاسی ناوچەکەو دین بە پێچەوانەی ئەوروپای ئێستە لە ناوچە ئیسلامیەکان بە تەقدیس کراوە. ئەگەر دەسەڵاتدارەکانی نێو دەوڵەتی عێراق بیانەوێ سوود لە مێژووی سیاسی خۆیانو مرۆڤایەتی وەربگرن ئەوا تەنیا رێگایەك

1) لیام ئەندەرسن، ئایندەی عێراق، سلێمانی، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە: کامیار (خەتاب) سابیرو دلشاد حەمە، 232 - 223.

2 ) د. سالار باسیرە، سیستەمی سیاسی بەعس ل. 189-188.

ئەوەیە ژیرانەو ئەقلانی بیربکەنەوەو رەفتار بکەن، کار لەسەر بە هاوڵاتی بوون بکەن‌و ددان بە جیاوازیەکانیشدا بنێن. لەوانەیە لایەنێك بتوانێت بە حوکمی هێزو ئامرازی زەبرو زەنگ سیاسەتی خۆی، مەزهەبی خۆی، فکری خۆی بەزۆر بسەپێنێت بەسەر دەوڵەتو کۆمەڵگادا بۆ مەودای دوریش بەڵام حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق‌و دواهەمیشیان کە رژێمی بەعس بوو دەبێت بە روونی ئەو راستیەی نیشان دابێت کە هیچ سیستەمێك نەگۆر نیەو دەسەڵاتو زولموزۆر هەتا سەر بەزۆر ناسەپێندرێ. ئاشتکردنەوەی شێعە/ کورد لەگەل دەوڵەتدا پێویستە. بەڵام لێرەدا کێشەکە لەوە گەورەترە. "لە ڕوخانی دەوڵەتی بەعسەوە عێراق لەغیابی دەوڵەتدا دەژی. هەر ئەمەشە وای کردوە لەغیابی دەوڵەتدا ئینتیمای تاك روو لەو ڕوبەرانە بکات کە پاش نەمانی دەوڵەت لێرەولەوێ لەمیانەی گروپی ئاینی‌و مەزهەبیی، خێل‌و تائیفە جیاجیاکان... کەوتنە هەولی خۆناساندن"1. بەڵام دوای گێڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان بۆی. فکری بە سێ هەرێم (ویلایەت) کردنی عێراق بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لەوانەیە جێگای بیرکردنەوە بێت بۆ کوردو شێعەو سونە. بارودۆخی نیشتەجێبوون‌و دیمۆگرافی ئەمرۆی عێراق لە ئەنجامی سیاسەتی رژێمی بەعس گۆڕانی سەرەکی بەخۆیەوە بینیوە. بەهۆی باری خراپی ئابوری‌و بەپێی نەخشە دەرکردنی شێعەکان لە هۆرو شارۆچکەو گوندەکان‌و هەروەها کۆچو ڕەوی شێعەکان بۆ بەغداو بۆ شارە سوننە نشینەکانیش گۆڕانی لە پێکهاتە مەزهەبیەکەش خولقاند، ئەوە جگە لە سیاسەتی (تهجیرو تەرحیل‌و تعریب) ی کوردەکان کە ئەمیش ئەنجامی خراپی خۆی هەبوە.2

## (3)
## بەسێ هەرێم کردنی عێراق

دابەشکردنی عێراق وەك پرۆژەکەی جۆزێف بایدن باسی لێوەکردوە (بروانە نەخشەی ژمارە 9) بۆ سێ هەرێمی (سونە، شێعەو کورد) بۆ سەرو ناوەراستو خواروی عێراق لە ڕووی روکەشەوە سەرنجراکێشە بەڵام بۆ عێراقی ئەمرۆ لەرووی پراکتیزەکردنەوە بێکێشە نابێتو سەرکەوتنی سنوردار دەبێت. ئەم مۆدێلە بۆ کوردستان بە سوود دەبێت

1) خەبات عبدوللا، گۆڤاری سڤیل، ژمارە 86.

2) هەمان سەرچاوە.

ئەگەر بروانینە نەخشەی ژمارە 10 دەگەینە وەلامێك بۆ ئالتەرناتیڤەكەی جۆزێف بایدن: شارێكی وەك بەغداد كە بەپێی ئامارە گشتیەكان خاوەنی زیاتر لە حەوت ملیۆن دانیشتوانەو زیاتر لە دوو ملیۆن شێعەی تێدا دەژی. هەروەها نزیكەی نیو ملیۆن كوردی فەیلی كە بە گشتی شێعە مەزهەبن. ئایا لەبەر رۆشنایی ئەم راستیە دەكرێ بوترێ بەغدا وەك بەشێكی ناوەراستی عێراق بكرێتە هەرێمێكی تەنیا سونە نشین؟ بەلام بەغداش لە رووی مێژوییەوە ناوچەیەكی سونە نشینە. ئەگەر سەرنج بدەینە نەخشەكە دەبینین خواروی رۆژئاوای عێراق پێكهاتەیەكی تێكەلە لە عەرەبی سونەو عەرەبی شێعە لەبەر ئەوە ناكرێ بوترێت بكرێتە ناوچەیەكی یان هەرێمێكی تەنیا شێعە نشین بەلام لەروانگەی مێژووەوە بۆی بروانین ناوچەی شێعەنشین بووە. بروكسلی پایتەختی بەلجیكا كەوتۆتە نێو ناوچە (فیدراسیۆنە) هۆلەندیەكەوە (فلاندەرن) بەلام كراوەتە هەرێمێكی (ناوچەیەكی) جودای سێیەمو هەردوو نەتەوەكەی تێدا دەژیو ژمارەی فەرەنسیەكان زیاترە تێیدا . هەربۆیە ناكرێ بوترێ بروكسل هەرێمێكی تەنیا هۆلەندی نشینە بەلام لە رووی مێژوییەوە بۆی بروانین ناوچەیەكی هۆلەندیە (فلاندەریەكان). بەلام دەكرێ ناوچە تەواو سوننە نشینە عەرەبیەكان، یان تەواو شێعە نشینەكان بكرێنە هەرێمی سەربەخۆ. هەرێمە تێكەلەكانیش لە سوننەو لە شێعە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزریتەوە بۆنمونە پیادەكردنی پرەنسیپی تەوافوق. روانینە ئەزمونی ولاتانی هاوشێوە لێرەدا بە سوودمەند دەبینم.




نەخشەی ژمارە 9
نەخشەی جۆزێف بایدن بۆ بە
سێ هەرێم كردنی عێراق



ئەگەر بروانینە نەخشەی ژمارە 10 دەگەینە وەلامێك بۆ ئالتەرناتیڤەكەی جۆزێف بایدن: شارێكی وەك بەغداد كە بەپێی ئامارە گشتیەكان خاوەنی زیاتر لە حەوت ملیۆن دانیشتوانەو زیاتر لە دوو ملیۆن شیعەی تێدا دەژی. هەروەها نزیكەی نیو ملیۆن كوردی فەیلی كە بە گشتی شیعە مەزهەبن. ئایا لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیە دەكرێ بوترێ بەغدا وەك بەشێكی ناوەراستی عێراق بكرێتە هەرێمێكی تەنیا سونە نشین؟ بەلام بەغداش لە ڕووی مێژوییەوە ناوچەیەكی سونە نشینە. ئەگەر سەرنج بدەینە نەخشەكە دەبینین خواروی ڕۆژئاوای عێراق پێكهاتەیەكی تێكەلە لە عەرەبی سونەو عەرەبی شیعە لەبەر ئەوە ناكرێ بوترێت بكرێتە ناوچەیەكی یان هەرێمێكی تەنیا شیعە نشین بەلام لەروانگەی مێژووەوە بۆی بروانین ناوچەی شیعەنشین بووە. بروكسلی پایتەختی بەلجیكا كەوتۆتە نێو ناوچە (فیدراسیۆنە) هۆلەندیەكەوە (فلاندەرن) بەلام كراوەتە هەرێمێكی (ناوچەیەكی) جودای سێیەمو هەردوو نەتەوەكەی تێدا دەژی ژمارەی فەرەنسیەكان زیاترە تێیدا . هەربۆیە ناكرێ بوترێ بروكسل هەرێمێكی تەنیا هۆلەندی نشینە بەلام لە ڕووی مێژوییەوە بۆی بروانین ناوچەیەكی هۆلەندیە (فلاندەریەكان). بەلام دەكرێ ناوچە تەواو سوننە نشینە عەرەبیەكان، یان تەواو شیعە نشینەكان بكرێنە هەرێمی سەربەخۆ. هەرێمە تێكەلەكانیش لە سوننەو لە شیعە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزریتەوە بۆنمونە پیادەكردنی پرەنسیپی تەوافوق. ڕوانینە ئەزمونی ولاتانی هاوشێوە لێرەدا بە سوودمەند دەبینم.




نەخشەی ژمارە 10
Richard Nyrop, Iraq, A Country Study. 1979, Washington,D.C.
(ناوچەی نەتەوەیی و مەزهەبی جوگرافی عێراق)

## (4)
## بە پێنج هەرێم کردنی عێراق

"موفق الربیعی راوێژکاری ئاسایشی پێشووی نەتەوەیی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە پێکهاتەکانی جوگرافی عێراق وادەخوازێت عێراق دابەش بکرێت بەسەر پێنج هەرێمی فیدرالدا. بە وتەی الربیعی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە لەرووی جوگرافیو نەتەوەییەوەو دەشتوانرێت چەند ناوچەیەکی دەوروبەریشی بخرێتە سەر ئەم هەرێمە. هەرێمێکی تریش کە ناوچەکانی خۆرئاوای عێراق، ناوچەکانی موسلو فورات دەگرێتەوەو زۆرینەیان سونە مەزهەبن. هەروەها لە ناوچەی کوفە کە ناوچەکانی فوراتی ناوەراست دەگرێتەوەو ناوچەی باشورە دەتوانرێ بکرێت بەهەرێمێکی تر. ناوچەکانی وەك بەسرەو دەوروبەری هەردوو روباری فوراتو دیجلە بکرێتە هەرێمێکی تر. هاوکات شاری بەغداو چەند ناوچەیەکی پارێزگاکانی سەلاحەدینو دیالە لەخۆ بگرێت ئەمیش بکرێتە هەرێمێك بۆخۆی" (نەخشەی ژمارە 11). الربیعی لە مۆدێلەکەیدا ئاماژەی بە کێشە مەزهەبیەکانو هەروەها گۆڕانە دیمۆگرافیەکان نەداوە.1

(1) رۆژنامەی سبەی، 12.8.2008، ژمارە 281، سلێمانی، ل. 6.




نەخشەی ژمارە 11

دابەشبونی عێراق بۆ پێنج هەرێم بەپێی بۆچونەکەی سەرۆکی پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق

سەرچاوە: سایتی سبەی، 12.8.2008، ژمارە 281، سلێمانی، ل. 6

## (5)
## بە زیاتر لە پێنج هەرێم کردنی عێراق

عێراق دەکرێ دابەش بکرێت بەسەر زیاتر لە سێو لە پێنج هەرێمە پێشنیازکراوەکانی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراقو جۆن بایدن. یەکێك لەم فرە هەرێمیە بریتبە لە کردنی عێراق بۆ 18 هەرێم ئەمەش لە ئەنجامی بەهەرێم کردنی 18 پارێزگاکەی عێراق (بروانە نەخشەی ژمارە 12)، بەلاّم پێویستە هەمیشە رەچاوی ناوچە جێناکۆکەکان بکرێن. بەپێی دەستوری عێراق یەك هەتا سێ پارێزگا دەتوانێت ببنە هەرێمێك. لەوانەیە عێراق بەم شێوەیە ببێتە 10 - 12 هەرێم.

بە پێی دەستوری عێراقی ئەگەر پارێزگاکان هەست بە زەوتکردنی مافەکانیان بکەن لەلایەن مەرکەزەوە ئەوا دەتوانن پەنا بۆ فیدرالیەت بەرن. ئەم فرە هەرێمیە دەبێتە هۆی بێهێزکردنی دەسەلاّتی مەرکەزو بەربەست دەبێت لەبەردەم گەرانەوەی سیستەمی فەرمانرەوایی مەرکەز لە دەولّەتی عێراقداو رەوینەوەی ترسی کۆمەلانی عێراق لێی. هەر هەرێمێك لەم سیستەمی فیدرالیە فرە هەرێمیە ببێتە خاوەن سێ دەسەلاّتەکە (پەرلەمان، حکومەتو دادوەری)و ئیدارەی تایبەتی خۆی گونجاو لەگەل واقعی هەرێمەکە لە عێراقێکی پلورالیزمدا پالپشت بە پیادەکردنی دیموکراسیو

سیاسەتی تەوافوق. ئەم مۆدێلی سیستەمە سیاسیە دەکرێ عێراق لە کۆمەلێك قەیرانی ئیداریو سیاسیو مەزهەبی دوربخاتەوەو ڕێگاچارەیەکی گونجاو بێت بۆ سەقامگیریو دیموکراسیەت، سەرەتایەکی باش بۆ دوارۆژێکی باشتر.




نەخشەی ژمارە 12
دەوڵەتی عێراق
سەرچاوە: http://de.wikipedia.org/wiki/Irak - 243k

## (6)
## فیدراسیۆنی کوردستانو فیدراسیۆنی عەرەبستان

عێراق بکرێتە دوو فیدراسیۆن (کوردستانو عەرەبستان) لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدرالی بەلاّم بە چارەسەری ماددەی 140 ەوە (نەخشەی ژمارە 13). لێرەدا کە باس لە فیدراسیۆنی کوردستان دەکەم مەبەست لەسەرجەم باشوری کوردستانە. لەم حالەتەدا پارێزگاکانی کوردستان

دەبنە هەرێمی فیدرالی سەربەخۆ. سەبارەت بەناوچە دابرێنراوەکانیش (داگیرکراوەکان) (نەخشەی ژمارە 13) ئەو ناوچانەی سەر بە سێ پارێزگاکەی هەرێمن بخرێنەوە سەر ئەم پارێزگایانە / هەرێمانە. کەرکوك لەبەر رۆشنایی واقعی کەرکوك خۆیو وەك چارەسەرێك بۆ پێکهاتەکان بکرێتە هەرێمێکی تایبەتی سەربەخۆ بەلاّم

مانەوەی ماددەی 140 لەگەڵیدا بەڵام پارێزگای کەرکوکیش بەگشت پێوەرەکان سەر بە باشوری کوردستانە وەك چۆن بەغدا بە پێکهاتە جیاوازەکانیەوە عەرەبستانە. ئەوە لەسەر مۆدێلەکەی بەلجیکایە کە بریتیە لە دوو فیدراسیۆنی هۆڵەندیەکانو فەرەنسیەکانو پارێزگاکانی دوو فیدراسیۆنەکە کە هەر یەکەی ژمارەیان پێنجە هەرێمی فیدرالین (بروانە نەخشەی ژمارە 8).




نەخشەی ژمارە 13
هەرێمی کوردستان / ناوچە دابراوەکان (داگیرکراوەکان)




نەخشەی ژمارە 14
فیدراسیۆنی کوردستان، بە هەرێم کردنی پارێزگاکان

## (7)
## عێراق / سێ فیدراسیۆنی سونەو شێعەو کورد

مۆدێلێکی تر بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق بریتیە لەوەی ئەم ولاتە بکرێتە سێ فیدراسیۆن لە نێو دەولەتێکی عێراقی فیدرالدا بەواتا (فیدراسیۆنی کوردستان ، فیدراسیۆنی سونە، فیدراسیۆنی شێعە) لەگەل ئەنجامدانی ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانەکەی دەیەوێ لە پارێزگایەکەوە ، یان هەرێمێکەوە بچێتە سەر یەکێکی تر. بۆنمونە دوزخورماتوو بۆ سەر پارێزگای کەرکوك ، دوجەیل بۆ سەر هەرێمی بەغدا... روداوەکانی ئەم دواییەی عێراق نیشانیدا کە بەهەرێم بوونی پارێزگا سونەکان لە لایەنی شێعەوە بەتوندی رەد دەکرێتەوە ، ئەوە لە کاتێکدا ئەم مافی بە هەرێمبوونە لە دەستوردا هاتووە. راستە دوو فیدراسیۆنە عەرەبیەکە دەبنە دوو فیدراسیۆنی زۆرتر مەزهەبیی بەلام لە رووی ئیداریەوە بەسوود دەبێت و لەگەل کاتدا ببێتە کەلتورێکی جێگیر .

یەکێك لە باشیەکانی دروستبوونی هەرێمی عەرەبی سونە بۆ کورد ئەوەیە عەرەبە سونەکان کە سنوریان بە کوردستانەوە هەیە کێشەی مەزهەبی لە نێوان ئەوان و کورددا نیە. دەکرێ لە نێوان کوردستان و هەرێمە عەرەبیە سونەکان پەیوەندی بازرگانی و کەلتوریش گەشە پێبدرێت و ئەوەش پێچەوانەی دەستور نیەو هەردولا سودمەند دەبن لێی. ئەوە هەرچەندە بەشێکی بەرچاوی عەرەبە سونەکان ناسیۆنالیزمانە بیردەکەنەوەو لە رابوردودا بەشێکیان جەماوەری حیزبی بەعس بوون و بۆ دەیان سال فەرمانرەوایی عێراق بەدەست ئەمانەوە بووە بەلام بەسوود وەرگرتن لە ئەزمونە سیاسی و مێژوییەکان و تەندروست هەلسەنگاندنی دەکرێ یارمەتیدەر بێت بۆ گۆڕینی فکرو سیاسەت بە ئاراستەیەکی ئەقلانی. ئێستە سونەکان کە چارەنوسیان بەدەست شێعەوە کەوتۆتە مەترسیەوە بۆ پاراستنی خۆیان داوای هەرێمی تایبەت بەخۆیان دەکەن. لە راستیدا دروستبوونی هەرێمی زیاتری فیدرالی راستەقینە عێراق بەرەو سیستەمی فیدرالی دەبات بەتایبەت کە دەسەلاتی مەرکەزی لەسایەی سیستەمی فیدرالی فرە هەرێمیدا لاواز دەبێت و دەسەلاتەکان دابەش دەبن. فیدرالیزم یان یەکێتی فیدرال بەتەنیا بنچینەیەکی سیاسی نەبێت بەلکو ئابوری و کۆمەلایەتی و ئیداری و کەلتورییش بێت. بەم پێیە سونەکانی ئەو پارێزگایانە ، ئەگەر ببنە هەرێمی فیدرالی دەتوانن فەرمانرەوایی هەرێمیانەی خۆیان بکەن و دەسەلاتەکانیان زۆرتر دەبن وەك لە لامەرکەزیەتی پارێزگاکان بەلام لە چوارچێوەی دەولەتێکی عێراقی فیدرالدا. دەبێت روون بێت کامانەیە ئەو ناوچە داگیرکراوانەی کوردستان کە دەکەونە ئەو پارێزگایانەی عەرەبە سونەکان دەیانەوێ ببنە هەرێم تێیدا. ئەو ناوچانەی بەهۆی بریاری





رەگەزپەرستانەی حیزبی بەعسی روخاو خراونەتە سەر ئەو پارێزگا عەرەبیە سوننانە. غەدرێکی نەتەوەیی لە کورد و نیشتیمانەکەی کراوە. پێشتر چارەسەر کردنی هەندێك کێشە وەك ئەو ناوچە غەیرە عەرەبیە ، یان غەیرە سونەیە کە دانیشتوانەکەی ئەو کاتە دەیەوێ لە هەرێمێکەوە بچێتە سەر  هەرێمێکی ترو تەنیا بەم مەرجە کورد پشتگیری خۆی بۆ دروستکردنی هەرێمە نوێیە سوننەکان دەربرێت.

## (8)
## عێراق / سێ دەولەتی شێعەو سونەو کورد

لەبەر رۆشنایی واقعی عێراق و قەیرانە مەزهەبی و ئێتنیکیە قولەکانی ئەم دەولەتە دەستکردە مۆدێلێکی تری چارەسەر بریتیە لەوەی دەولەتی عێراق بکرێتە سێ دەولەتی کوردی و شێعەو سوننەو دەشکرێ بکرێتە سێ دەولەتی کۆنفیدرالی. بەلام لێرەدا دەولەتە سوننەکە کێشەی ئابوری دەبێت بە بەراورد لەگەل ناوچە کوردی و شێعە نشینەکان چونکە سەرچاوە نەوتیەکان کەوتونەتە دوو ناوچەکەی ترەوە. لێرەدا گرنگە کار بۆ رێکەوتنێکی نێودەولەتی بکرێت ، دوو دەولەتەکەی تری کورد و شێعە بۆ مەودایەکی پێویست هاوکاری ئەم دەولەتە سوننە نوێیە بکەن هەتادێتە سەرپێی خۆی .

## (9)
## دوو دەولەتی کۆنفیدرالی کوردستان و دەولەتی عێراق

ئالتەرناتیڤی تر ئەوە دەبێت عێراق لەیەکتر دەترازێت و وەك دەولەت هەلدەوەشێتەوەو لە ئەنجامی ئەم دیاردەیە باشوری کوردستان ببێتە دەولەتێکی سەربەخۆ بەلام لەبەر گرنگیی ئەو فاکتەرانەی لەم توێژینەوەیەدا سەبارەت بە گرنگی سیستەمی فیدرالی و لامەرکەزی ئاماژەم پێداوە ببێتە دەولەتێکی فیدرالی فرە هەرێم بەلام وەك دوو دەولەتی کۆنفیدرالی کوردستان و دەولەتی عێراقی عەرەبی بە گرێدانی چەندین بواری وەك بەرگری و کەلتوری و بازرگانی...تاد. دەکرێ بەم رێگایە کێشەکانی نێوان کورد و عەرەب و عەرەب خۆیشی سەبارەت بە دۆزی کورد چارەسەر بکرێت.

# تەوەری دووەم
# بەهەرێم (کانتۆن) کردنی پارێزگاکانی باشوری کوردستان لە ناو یەکێتییەکی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا

ناوەڕۆک
پێشەکی

- ئەم پرۆژەیە بۆچی؟
- سودەکانی ئەم فرە هەرێمیە (کانتۆنیە) فیدرالیە
- پارێزگای سلێمانی وەک نمونە
- باری ئابوری پارێزگای سلێمانی بۆ بوون بە هەرێم (کانتۆن)
- ئەزمونی سویسرا
- مۆدێلی بەلجیکا
- ڕێگری یاسایی نیە بۆ بە هەرێم بوونی پارێزگاکانی باشوری کوردستان
- دەستوری عێراق (ماددەی 119)
- فیدرالی بۆ عێراق، مەرکەزیەت بۆ کوردستان

## پێشەکی

ئەو دنیابینیە خۆسەپێنەی کە لەپشت ویستی دەسەلاتە بۆ حوکمو بەڕێوەبردنێکی مەرکەزی دەمێکە بۆتە ستراتیژێکی سیاسییو تائێستاش، ئەگەرچی لە روالەتدا پەرلەمانو حکومەتێکی یەکگرتووی هەرێمیی هەیە، بەلام بەکردارو لە بنەڕەتدا پرۆسەی بەڕێوەبردنو ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان دابەشبوونە ئیدارییەکەی سەردەمی شەڕی ناوخۆی وەك خۆی هێشتۆتەوە، هەڵبەت ئەو پرۆسە دابەشکارییەی شەڕی ناوخۆ ئەو راستیەی یەکلاییکردەوە، ئێستاش بەچەشنێکی تر درێژەی پێدەدرێ.

لەژێر رۆشنایی ئەو راستییەو وەك پێویستییەکی ژیارییو سیاسییو کۆمەلایەتیو ئابووریو ئیداری، هەروەك بەشێك لە ئەزموونی پەیڕەوکراوی جیهانییو چارەسەرێکی لۆژێکیی، دەشێت ئەگەرەکانی بە (کانتۆن) کردنی ـ فیدرالی سەربەخۆ، وەك ئەگەرێکی پێویست لە کوردستانو بۆ پارێزگاکان پەیڕەو بکرێت، بەتایبەت لەدۆخێکدا، کە قۆناغی دابەشکاریی ئیداری، بەتەنها نەبۆتە هۆی دابەشکردنی کوردستان لەرووی کارگێڕییەوە، بەلکو هاوکات دنیابینی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوریشی لەگەڵ خۆیدا دابەشکردووەو هەریەك خستنەوەیەك لە چوارچێوەی ئەو مۆدێلە شکستخواردووەی ئێستا جگە لە قەیرانی سیاسییو ئابووریی هیچی تری لێناکەوێتەوە، هەربۆیەش بەهەرێم کردنی (سلێمانی)، (هەولێر)، (هەڵبجە)، (دهۆك) دەشێت لەو چارەسەرییە نوێیەی لە ئەزموونی ولاتان سەرکەوتنی هێناوە بکرێنە کانتۆنی سەربەخۆ، لە راستیدا ئەو مۆدێلە بۆ پارێزگای کەرکوکیش هەر راستەو لیرەدا دەکرێتو بۆ رەوینەوەی هەندیك ترسو بیرکردنەوەی سیاسیش کەرکوكو سلیمانی، یان هەلەبجەش لەکەلیدا بکریتە هەریمیکی سەربەخۆ،و پایتەختی هەریمەکە ش کەرکوك یان سلیمانی بیت.



هەروەها دەکرێ هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك بکرێتە یەك هەرێم، هەرچەندە ئەوە بە هۆی واقیعە جیاوازەکانی نێوان ئەم دوو پارێزگایە بە دوور دەزانرێت.




ئەو فرە هەرێمییەش بێگومان لەناو جوگرافیایەکی (فیدراسیۆنێکی) سەربەخۆی کوردستان، تەنانەت لە ئایندەدا لەناو دەوڵەتێکی کوردیدا، کە خواستێکی ریالیستانەی نەتەوەی کوردە، مۆدێلێك بێ ئەوەی کاریگەریی خراب لەسەر یەکێتیو هەستی نەتەوەیی‌و نشتیمانی دروست بکات .

لەراستیشدا بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی جددیو بەجێ لەبەرامبەر ئەگەرەکانی سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە بکرێت، دەبێت لەبنەڕەتەوە لەسەر ئەزموونی دیکەی وڵاتان قسە بکرێت، ئەو ئەزموونانەی کۆمەڵگەی فرە چەشنو جوگرافیای جیاوازیان لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی گرنگترو گەورەتر وەرگۆڕیووە.

## ئەم پرۆژەیە بۆچی؟

قەیرانە کەڵەکەبوو هەمەچەشنەکانی هەرێمی کوردستان لەماوەی بیستو پێنج ساڵی رابردوودا، نەك هەر ئاسۆی چارەسەرییان بەو شێوە دابەشبوونو بەڕێوەبردنە نییە، بەڵکو رۆژ بەرۆژ تادێت قەیرانەکان ئاڵۆزتر دەبنو بەرەنجامی ئەو قەیرانانەش دابەشبوونو سنوورە دەستکردە سیاسییەکە گەورەتر دەکەن. لای هەندێك دەستبردن بۆ دابەشکردنێکی کارگێڕیانەی هەرێم لەسەر بنەمای لامەرکەزییەتو بەکانتۆکردنی پارێزگاکان وەك مەترسی دابەشکردنی کوردستان لێکدەدرێتەوە، لەکاتێکدا ئەوەی سیاسەتو سیاسییەکان لەرابردووو ئێستادا دابەشیانکردووەو دابەشی دەکەن، ئەو پرۆژەو دنیابینیە بۆ بە کانتۆکردنی پاریزگاکان جارێکی تر پرۆسەی یەکخستنەوەی





کوردستان لەچوارچێوەی فیدراسیۆنێکی نەتەوەیی راستەقینەدا دروست دەکات. ئەوە سەرباری سوودە سیاسیی‌و نەتەوەییەکانی، لەروی کارگێڕیی‌و ئابوریشەوە، چیتر هاوڵاتی‌و هاونشتیمانی باجی ئەو قەیرانە سیاسییە دروستکراوانە نادەن، کە لە بنەڕەتەوە هۆکەی لە دابەشبوونە سیاسیی‌و دوو ئیدارەیەکەوە سەرچاوەی گرتووە. خۆئەگەر وەک واقیع بۆی بڕوانین هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەیە. هەروەک ئەوەی دوو هەرێمی جیاواز بێت لەیەکتر هەرچەندە بە ناوی یەک پەرلەمان‌و یەک حکومەتی هاوبەشەوە قسەدەکرێ.




بادینان (پارێزگای دهۆک) بە کردەوە لەلایەن پارتیەوە مامەڵەی هەرێمێکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێ‌و هەموو شتێکی لە سۆران جودایە تەنانەت ئاڵوگۆڕی نوسین لەنێوان دائیرەکانیداو خوێندنی قوتابخانە لە بادینان بە زاراوەی بادینیە، کەواتە لێرەدا خاوەنی زمانێکی ستانداریش نین بۆ تەواوی هەرێمی (باشوری) کوردستان.

سودەکانی ئەم فرە هەرێمیە (کانتۆنیە) فیدرالیە:

1- دەبێتە هۆی دابەشبوونی دەسەڵاتو ڕێگر دەبێت لەچڕبوونەوەی دەسەڵاتو مەرکەزییەت لە دەستی لایەنێکدا.

2 - فیدرالیەتو فرە هەرێمیی وەک خۆی دەبێتە بەهێزکردنی دیموکراسیەت سەقامگیریی سیستەمی سیاسی‌و کەمکردنەوەی گەندەڵی بەڵام دیموکراسیەتو سەقامگیریی مەرجی پێشوەختیش بۆ دروستبوونی سیستەمێکی فیدرالی لامەرکەزی تەندروست .

3ـ سودێکی تری ئەم فرەهەرێمیە دروستبونی کێبرکێیە لە نێوان هەرێمەکان (کانتۆنەکان)و بە ڕوونی دەردەکەوێت کام لا توانیویەتی بوارە جیاوازەکانی ژیان ببوژێنێتەوەو ببێتە مۆدێلێکی باشتری حوکمرانی بۆ هەرێمەکەی (کانتۆنەکەی) خۆی .

4ـ دەبێتە هۆی ئاسانکردنی بەشداری سیاسی هاولاتیان. هەروەها بەرێوەبردنی هەرێمەکە لەلایەن خەلکی ناوچەکە خۆیەوە ئەنجام بدرێ کە لە ڕووی کەلتوریو کۆمەلایەتیو سیاسیەوە نزیکە لێوەی.

5ـ خەلکی ناوچەکە باشتر ئاشنان بە کەلتورو سیاسیەکانی ناوچەکەی خۆیان وەک لەوەی کە ئاشنا نین بۆنمونە ناوچەی سلێمانیو هەلەبجە بەوانەی دهۆکو بادینانو هەروەها بە پێچەوانەشەوە. دیاردەیەکی خراپ بەلآم لە ئەنجامی ئەقلّی دەسەلآتی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە خولّقێندراوە .

6ـ بۆنمونە پارێزگای سلێمانی دەبێتە هەرێمێکی سەربەخۆو دەبێتە خاوەن پەرلەمانێکی هەلبژێردراوی خۆیو حکومەتی هەرێمی خۆی بە وەزارەتە پێویستیە هەرێمیەکانیەوە.

7ـ لەم شێوازی سیستەمەدا دابینکردنی لامەرکەزی بۆ شارۆچکەو ناحیەو قەزاکان لەچوار چێوەی ئەو کانتۆنەدا (هەرێمەدا) بەپێی سیستەمی لامەرکەزی فیدرالی.

8ـ هەر هەرێمە (کانتۆنە) توانای بەسەر ئیدارەکەی خۆیدا باشتر دەشکێتو کاری دانیشتوان خێراتر بەرێوەدەچێتو کێشەو پێداویستیەکان (ئابوری، کۆمەلایەتی، ئیداری، پەروەردە، ژینگە..) باشتر دەبینرێن .

9ـ هاولاتیان دەتوانن بەهۆی کورتی رێگاکان لەم سیستەمی فرە هەرێمیە فیدرالیەی کوردستان زووتر پەیوەندی بە سیاسەتمەدارو دامودەزگاکانەوە بکەنو لە پرۆسەی سیاسی زۆرتردا بەشداربن، هەروەها ڕێگای فشاری جەماوەرییش کورتترو کاریگەرتر دەبێت. دیاردەیەک دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی زۆرێک لە گرفتەکان .

10ـ ئەو تۆمەتبار کردنانەش کە هەن لە نێوان هەولێرو سلێمانیدا کەمتر دەبنەوەو ئەو کات دەردەکەوێ حیزبەکانی ناو ئەو هەرێمە تاچەند توانای دروستکردنی سیستەمێکی سیاسیو هەرێمایەتیو ئیداریی کارای هەیە بۆ چارەسەری کیشەکانی هاولاتیانی ناو هەرێمەکەی .

11ـ لەم سیستەمی فرەهەرێمیە (فرە کانتۆنیە) فیدرالیە لامەرکەزیەدا مەترسی لایەنێک بۆ سەر ئەوەی تر کەمە .

12ـ لەم سیستەمەدا هەریمەکان هەمان ئەو دەزگایانەیان هەیە وەک ئەوانەی لە دەولّەتی ئیتحاد هەن (پەرلەمان، حکومەت، دادوەری... تاد). هەلبژێردەر بە پێی بڕیاری پەرلەمان هەر چوار سالّ جارێک، لەناو ئەو هەرێمەی تێیدا تۆمار کراوە پەرلەمانی هەرێمەکەی خۆی هەلّدەبژێرێتو هەروەها توانای چاودێری کردنی ساختەکاری لە هەلّبژاردنەکانیشدا ئاسانتر دەبیتو خوێندنەوەی باشتری بۆ دەکرێت .

13ـ حیزبە سیاسیەکانی ناو هەرێمەکان (کانتۆنەکان) دەتوانن چۆنایەتی سەرکردەبوون لە هەرێمەکانیاندا تاقیبکەنەوەو بەم هۆیەوە دەتوانن مومارەسەی سیاسەت لەسەر ئاستی "ناوەند" بەرز بکەنەوە وەک ئەو پێکهاتە سیاسیە جیاوازانەی هەرێمی کوردستان ئێستە لە بەغدا پیادەی دەکەن. بۆ کورد لە باشوری کوردستان پیادەکردنی فەرمانڕەوایی سیاسیو مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمی سیاسی لەسەر ئاستی هەرێم ئەزمونێکی گرنگە بۆ مامەلەکردن لەگەل دەوڵەتی ئیتحادیدا، یان لە دواڕۆژدا لەگەڵ ئەنجومەنی فیدرالی عێراق (ئەنجومەنی هەرێمەکان) هەروەها ڕۆژگارێک لە دەوڵەتێکی کوردیدا .

14ـ لەوانەیە زۆرێک لە کێشمەکێشی ناو ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بەم ریگایەوە کەم بێتەوە .

15ـ بە پێی ئەزمونی دەوڵەتە فیدرالیەکان، هەرێمەکان یان کانتۆنەکان بۆیان هەیە بە پێی پێویستی هەرێمەکەیان هەندێک یاسا دەربکەن گونجاو لەگەڵ دانیشتوانی هەرێمەکەی خۆیدا، بۆنمونە لەسەر ئاستی پەروەردەو خوێندنی بالا.

16ـ ئەم مۆدیلە کێشمەکێشی بودجەو نەوتو وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەکرێ کەمبکاتەوە لەوەدا بۆنمونە هەرێمی تازە دروستبووی سلێمانی بودجەی خۆی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای بەغداوە بۆ دێتو هەریم داهاتو خەرجیەکانی دەخاتە روو .. ڕێگایەک بۆ ڕزگار بوون لەو کێشمەکێشانەی پارتی لەگەڵ بەغدا دروستی کردوون بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە بە تایبەت پرسی نەوت. هەرێمە (کانتۆنە) نوێکە دەتوانێت مامەلە لەگەڵ سامانە سروشتیەکانی ناو هەرێمەکەی خۆی بکات بە پێی یاسا فیدرالیەکانی ناوەند. ڕزگار بونێکیش دەبێت لەو تۆمەتانەی ئێستە لە نێوان هەولێرو سلێمانیدا هەیە بەرامبەر بە پەراوێز خستنی پارێزگای سلێمانی .

17ـ لێرەدا دەبێت سەرجەم حیزبە سیاسیەکان توانای سیاسیو جەماوەریی خۆیان لە ناو ئەو هەرێمەدا تاقی بکەنەوە بە حیزبە گەورەو بچوکەکانیشەوەو کۆتایی هێنانیکیش بێت بە حیزبەکانی سێبەر.

18ـ هەر هەرێمە مامەڵەی خۆی لەگەل ئێتنیکو کەمایەتیە کەلتوریو ئاینیەکانی ناو هەرێمەکەی خۆی دەکات لە پێدانو ڕێکخستنی مافەکانیانو ئەوەش بەپیی یاسا ریك دەخات .

19ـ هەرێمی (کانتۆنە) نوێکان، بۆنمونە سلێمانیو هەڵبجە سیستەمی سەرۆکایەتی لابەرێتو دەسەڵاتەکان بەسەر پەرلەمانو حکومەتدا دابەش بکات.



## پارێزگای سلێمانی وەك نموونە

سەبارەت بە هەرێم (کانتۆن) بوونی پارێزگاکانی هەرێم پێویستە پەنا بۆ ڕێکارە مەدەنیو یاساییەکان ببرێت ئەویش وەک هەنگاوی یەکەم بە ڕێگای ئەنجومەنی پارێزگاوە بە پێی یاسا نوسراوەکانی دەستوری عێراقی. ڕێگایەک بۆ بە دەست هێنانی ئارامیو ئاشتیو دادپەروەری کۆمەلایەتیو ئاسایی کردنەوەی دۆخی پارێزگاکەو پارێزگای سلێمانیش سوودمەند دەبێت لەم بیرۆکەیە. بەم ڕێگایەوە دەکرێ مەترسی شەڕی ناوخۆش دوور بخرێتەوەو بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو،و هەڕەشەی لایەنێکی تر بۆ سەری دەکرێ پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی سلێمانی، یان هەریمە نوێکان بڕیاری خۆی بەرامبەری دەربکات وەک ئۆرگانێکی یاساییو دەستوریی وشەرعیەتی یاساییو جەماوەریی بدات بە خۆی بۆ هەر بەرگریکردنێک لە بەرژەوەندی هەرێمەکەی .

هەر پارێزگایەک دەتوانێت ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. ئەم مافە لەماددەی 115ی دەستوری عێراقدا هاتووە دەلێت: "هەر پارێزگایەک یان زیاتر مافیان هەیە هەرێمێک پێکبێنن لەسەر داوایەک کە ڕاپرسی لەسەر بکرێت، بە یەکێک لەم دوو ڕێگایانە پێشکەش دەکرێت:

یەکەم: داوایەک لەسێ یەکی ئەندامانی هەر ئەنجومەنێک لە ئەنجومەنەکانی ئەو پارێزگایانەی دەیانەوێت هەرێم پێک بهێنن.

دووەم: داوایەک لە دەیەکی (10/1)ی دەنگدەران لەو پارێزگایانەی دەیانەوێ هەرێم پێک بهێنن. دواتر لە ڕاپرسیەکداو بەپێی دەستور دەکرێ ئەم داوایە ببێتە واقع. پارێزگای سلێمانیو...هتد. دەتوانن سوودمەند بن لەم یاسا نوسراوەی پەرلەمانی ئیتحاد کە کورد خۆشی دەنگی پێداوە.

ئەوە ڕەفتاری چەوتی حیزبە کوردیەکانە بەرامبەر بە کەرکوک بووە هۆی دروستبوونی بیرۆکەی هەرێمی سەربەخۆ لای کەرکوکیەکانیش.

باری ئابوری پارێزگای سلێمانی بۆ بوون بە هەرێم (کانتۆن)

لە ڕاپۆرتێکی تایبەتی ڕێکخراوی دۆر سەبارەت بە نەوتو گازی پارێزگای سلێمانی کە لە مسای 2015 بلاوکراوەتەوە، هاتوە: پارێزگای سلێمانی خاوەنی 70% ی نەوتی هەرێمەو 15% یەدەگی نەوتی عێراقە. دوەم پارێزگای عێراقە دوای بەسرە لە ڕووی یەدەگی نەوتو گازی سروشتیو بەشێکی زۆری ئەم ڕێژەیە دەکەوێتە ناوچەی گەرمیان. کەواتە پارێزگای سلێمانی لە ڕووی ئابوریشەوە، نەوتو بواری کشتوکالو پیشەسازی محەلیو .. تاد. لە توانایدایە کێشە ئابوریو داراییەکانی خۆی چارەسەر بکاتو دانیشتوانی هەرێمەکەی خۆی خۆش گوزەران بکات ئەگەر دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتو خاوەنی سیستەمێکی سیاسیو ئابوری ئەقلانی بێت .

پاریزگای سلێمانی پەراوێز خراوە هەروەک پارێزگاکانی بەسرەو ئەنبار هەربۆیە کاردانەوەکانیش لای ئەمانە بەهێزە بۆ دروستبوونی هەرێمی سەربەخۆ.

## ئەزموونی سویسرا

وەك پیشتر ئامارەم پیدا سویسرا کە لەچەندین نەتەوەو ئێتنیک پێکهاتوە خاوەنی 26 کانتۆنە (شەشیان نیو کانتۆنە). زۆرینەی دانیشتوانی سویسرا لە ناوچەی زمان ئەڵمانەکان دەژی کە شارو شارۆچکەکانی دابەشکراوە بەسەر 18 کانتۆندا (هەرێمدا، خۆبەرێوەبەریدا). وەک ئەوە وایە بوترێ پارێزگاکانی باشوری کوردستانو شارۆچکەکانی وەک گەرمیان (کەلارو کفری)، ڕانیەو کۆیەو قەلادزەو چەمچەمالو سۆرانو زاخۆو ..تاد. لە چوارچێوەی دەولەتی عێراقدا کە فیدرالیزمی کردۆتە دروشمی خۆی بەسەر کۆمەلێک کانتۆندا دابەش بکرێتو ئیدارەو خۆبەرێوەبەری لامەرکەزیو بودجەی خۆیان هەبێت بێئەوەی کاریگەریی لەسەر کورتهینانی هەستو هوشیاری نەتەوەییو نیشتیمانی هەبێت، باشترین مۆدیل بۆ ئیدارەو چارەسەری کێشەکانیان کە خۆیان باشتر لێی تێدەگەنو ڕێگا بیرۆکراتیەکانیش کورت دەکاتەوە .

لەم تێڕوانینەوە دەکرێ ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانی کانتۆنی (ئیدارەی) سلێمانی، هەولێرو دهۆک یان هەلەبجە دیاری بکرێت. حکومەت بەرپرسە لە جێبەجێکردنی یاساکان. ئەو یاسایانەی کە پەڕلەمانو گەل بریاریان لەسەر داوە.

## مۆدێلی بەلجیکا

دوبارە سەبارەت بە بەلجیکا دەولەتێکی فیدرالیو فرەنەتەوەیەو لە دوو فیدراسیۆنی هۆلەندی زمانو فەرەنسی زمان پێکهاتوە کە بریتین لە ناوچەی فلاندەرن (هۆلەندی زمان) و سنوریان بە هۆلەنداوە هەیە. ناوچەی ڤالۆن (فەرەنسی زمان)، سنوریان بە فەرەنساوەیە. هەر فیدراسیۆنێکیش لەم دووانە پێنج پارێزگای هەیەو کراون بە پێنج هەرێمی سەربەخۆ لە ناو فیدراسیۆنە یەک نەتەوەییەکەدا، لەناو دەولەتێکی ئیتحادی بەلجیکادا .

بەم جۆرە دەکرێ باشوری کوردستانیش، لانی کەم لەم دۆخەی ئێستەدا هەرێمی کوردستان بکرێتە فیدراسیۆنێکی کوردیو لەناو ئەم فیدراسیۆنەدا پارێزگاکانی بکرێنە هەرێم یان کانتۆنی سەربەخۆ. ئەڵمان زمانەکان لە بەلجیکا لە ناوچەیەکی ئاوتۆنۆم ئەژینو سنوریان بە ئەڵمانیاوە هەیە، بەلام وەک هەرێمێکی تایبەت دیارینەکراوەو بە "کۆمەلەی زمان ئەڵمانەکان" ناودەبرێن. ژمارەیان تەنیا 76 هەزار کەسەو لە ناوچەیەکی جوگرافی بچوکدا دەژین لە ڕوبەرێکی 854 کم دوجا. ژمارەی

پەڕلەمانتارەکانی بریتیە لە 25و حکومەتیش لە 4 وەزیر پێکهاتوە. ئەم ناوچەیە هەتا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەر بە بەلجیکا نەبوو، بەلکو سەر بە ئیمپراتۆریەتی ئەلمانیا بوو. دیارە فاکتەری ژمارەی دانیشتوانو بچوکی شوێنە جوگرافیەکەیان هۆیەکە کە بەناوچەی چوارەمی بەلجیکا ناونەبراوە. ڕێژەی دانیشتوانی بە بەراورد بەدانیشتوانی سەرجەم بەلجیکا 1% کەمترە بەڵام خاوەنی پیادەکردنی مافەکانی خۆیەتی .

ئەزمونی ئەم کەمایەتیەی بەلجیکا دەشێت وەک مۆدێلێک وەربگیرێت بۆ تورکمانو مەسیحیو ئێزیدیو هەموو ئاینو ئاینزاو پێکهاتە ئیتنییەکانی تری عێراق بە باشوری کوردستانیشەوە، بەڵام بێگومان لێرەدا گرنگە ژمارەی ئەو کەمایەتیانە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیدا ئەو مەرجە بەدی بهێنێت. ڕاستە، بۆنمونە مەسیحیەکان، یان تورکومانەکانی کوردستان پەرشوبلاون، بەڵام ئەگەر بڕوانینیە مۆدێلەکەی سویسرا ئەوا چارەسەر هەیە بۆ پاراستنی مافی ئەو کەمایەتیە پەرشو بلاوانەش. کەواتە لێرەدا هەمان مۆدیلی سویسراشمان هەیە.

ڕێگریی یاسایی نییە بۆ بەهەرێمبوونی پارێزگاکانی باشووری کوردستان

ڕێگری یاسایی نیە بۆ بە هەرێم بوونی پارێزگاکانی باشوری کوردستان. لە بەشی پێنجەمی دەستوری عێراقدا لە ماددەی 116دا هاتوە: "هەرێم دەستورێک بۆخۆی دادەنێت کە دەسەڵاتو ئەرکەکانو شێوازەکانی کارپێکردنیان دیاری بکات بەجۆرێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستورەدا"، بەواتا لەگەل دەستوری عێراقدا .

1) بەڵام ئەگەر هەردوو دەستوری هەرێمی کوردستانو ئەوەی دەسەڵاتی فیدرالی ئیتحاد لە بەغدا بەراورد بکەین بە یەکتر ئەوا سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆنمونە گرێبەستە نەوتیەکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان لە دەستورەکەیدا مافێکی تری بەخۆیداوە لەسەر ئەم ئاستە وەک لەوەی دەسەڵاتی فیدرالی ئیتحادی بەغدا نەیداوە پێی. (بڕوانە ماددەی نۆی دەستوری هەرێمی کوردستان). لەوانەیە ئەوەش یەکێک بێت لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوان بەغداو هەولێر. ئەوە دەکرێت بۆنمونە لە هەرێمی سلێمانیدا چارەسەر بکرێتو ببێتە هۆی چارەسەریکی بەرچاو لەو کێشە لەسەرانە.

لێرەدا حکومەتیکی هەرێمی (کانتۆنی) سلێمانی بەڵام گونجاو لەگەڵ دەستوری عێراق بۆی هەیە هەندێک لە پەیوەندیە هەرێمیو نێودەوڵەتیەکانی خۆی دروست بکات بۆنمونە لەسەر ئاستی بازرگانیو نەوتیش .

(2) خالێکی تری گرنگ بۆ پتەوکردنی پێگەی هەرێمو پارێزگاکانی عێراق کردنەوەی نوسینگەیە ... لە مادەی 118ی دەستوری عێراقدا هاتوە: "نوسینگە بۆ هەرێمو پارێزگاکان دەکرێتەوە لە باڵیۆزخانەو قونسولگەریەکاندا بۆ بەدواداچوونی کاروباری

کەلتوریو کۆمەلایەتیو گەشەپێدان". هەرێمی (هەرێمەکانی، کانتۆنەکانی ئایندەی کوردستان) دەتوانن سوود لەم یاسایە وەربگرن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیە دبلۆماسیو کەلتوریو ئابوریەکانی خۆی. کارێک کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان ئەنجامی نەداوە. لەبری ئەوە نوێنەری حیزبو حکومەتی هەرێم هەن لە دەرەوە کە تەنیا نوینەرایەتی حیزبو خیزانو سەرۆکەکانیان دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان خۆی لە دەستورەکەیدا ئاماژەی پێداوەو لەماددەی 10، فەقەرەی 2 دا هاتوەو وەک مافێکی دەستوریو بنچینەیی هەرێمەکە ئامازە پێدراوەو دەلێت: "هاوبەشی کردنی لە پۆستو فەرمانبەرایەتیەکانی فیدرالی بە شێوەیەکی هاوشانو ڕێژەیی". ئەو کاتە هەریمە نوییەکان بۆنمونە هەریمی سلێمانی دەتوانن بەم کارە دەستوریە هەستن، بە تایبەت کە ئێستە تەواوی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم لە دەستی (پ. د. ک) دایە. بەڵام هەموو ئەوانە ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێمە نویکان دەسەڵاتێکی تەندروست بن، نەوەک دوبارە کردنەوەی هەمان مۆدیلە تەقلیدیەکەی ئێستای هەریمی کوردستان.

(3) ڕێگری دەستوریی نیە بۆ کردنەوەی قونسولگەریو نوێنەرە دبلۆماسیە نێودەوڵەتیەکان لە هەرێمە نوێکاندا، دیاردەیەک نەک هەر کاری وەرگرتنی فیزە ئاسان دەکات بۆ هاولاتیانی ئەو هەرێمە بەڵکو پەیوەندیە پەیوەندیە دبلۆماسیەکانی هەرێم (کانتۆنە) نوێکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش دروستدەکات، ئەوە لە کاتێکدا شاری سلێمانی خاوەن فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتیە دیاردەیەک کە بە گشتی بە سوودی نەتەوەیی دەگەرێتەوەو پەیوەندیەکانی دەرەوەش بۆ کورد بەهیزتر دەکات .

(4) ئاسایی لە دەوڵەتی فیدرالیدا ناوەند بەرپرسە لە بابەتی جەنگو پاراستنی تەواوی دەوڵەت لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی، بەڵام لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئێستەی هەرێمی کوردستان بەو جۆرەیە خاوەن هێزی چەکداری خۆیەتی بە تایبەت کە هێزە چەکدارەکان لە کرداردا نیزامی نین بەڵکو بە پێوەری حیزبی بەرێوە براوە تەنانەت لە شەڕی دژ بە داعشیشدا، هەربۆیە ئەو لایەنانە دەتوانن لە هەرێمە نوێکەی خۆیاندا هەروەک ئەوەی ئێستە هەیە ناوچەکەی، هەرێمەکەی خۆیان بپارێزن.. بەڵام دەکرێ لە نێوان هەرێمە (کانتۆنە) کوردیەکاندا ئەوەندەی غیابی ناوەند هەبێت ڕێکەوتنی هاوبەش هەبێت بۆ بواری ئاسایشی نەتەوەییو نیشتیمانیو پاراستنی کوردستان، لێرەدا خالێکی ئیجابی هەیە لە کوردستان بەوەی شەڕی تائیفیو مەزهەبی تێدا نیە بە پێچەوانەی خوارووی عێراق .

(5) هەر پارێزگایەکیش نەیەوێ ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئەوا دەتوانێت بە پێی دەستوری عێراقی فیدرالی وەک پارێزگا بە سیستەمی لامەرکەزی بمێنێتەوە، بەڵام پارێزگاکانی ئێستەی هەرێمی کوردستان بێ دەسەڵاتو مەشلول کراوون.

## دەستووری عێراق و ماددەی 119

بەپێی دەستوری عێراق (ماددەی 119) هیچ ڕێگریەک نیە لە بریاری بە هەرێم بوونی پارێزگایەک بۆنمونە بەهەرێم بوونی پارێزگای سلێمانی. عێراق دەستورێکی هەیەو لەو دەستورەدا مافی فیدرالیزم بۆ پارێزگاکان چەسپێندراوە. لە دەستوری عیراقدا هاتوە : "هەر کاتێک پارێزگاکان هەست بکەن کە مافو ئیرادەیان زەوت دەکرێت دەتوانن پەنا بۆ فیدرالی بەرن". بەلام بە پێی برگەی 3 ماددەی 2 ی ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان هاتوە "نابێت هەرێمێکی نوێ لەناو سنوری هەرێمی کوردستاندا دابمەزرێت". بریارێک پێچەوانەی دەستوری عێراقە، ئەو دەستورەی کورد خۆی دەنگی پێداوەو لە دەسەلاتەکەشی بەشداری کردوە لە دروستبونەوەی ئەم دەولەتە دوای ڕوخانی دەولەتی بەعس. ئەوە لە کاتێکدا کە دەستوری هەرێم کێشەی لەسەرەو ڕاپرسی گەلی لەسەر نەکراوە بەواتا شەرعیەتی نیە. لێرەدا پێویستە برگەی 3 ماددەی 2 لە دەستووری هەرێمدا لابرێت. بۆنمونە ئەگەر پارێزگای سلێمانی بیەوێت ببێتە هەرێمێکی فیدرالی سەربەخۆ ئەوا بەپێی ماددەی 120ی دەستوری عێراقی بۆی هەیە دەستوری هەرێمیی خۆی هەبێتو هەروەها بە پێی ماددەی 121 ببێتە خاوەنی هەر سێ دەسەلاتەکان. بەم پێیەو بە پێی برگەی 3 ی ئەو ماددەیە دەبێتە خاوەن بودجەی خۆی لەلایەن حکومەتی ئیتحادیەوە ئەوەش بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمەکە. سامانە سروشتیەکان هی ئەو هەرێمە خۆیەتی. بەلام ئەوەندەی سامانە سروشتیەکان زۆر جیاواز بەسەر هەرێمەکاندا دابەش بووبن دەبێت ناوەند یەکسانیەک بەدەست بهێنێت بۆ ئەو هەرێمانەی تر کە ئابوریيان کورت دەهێنن، ئەوەش بەشێکە لە سروشتی دەولەتی فیدرالی. دروستبوونی هەرێمی زۆرتری فیدرالی لە عێراقدا فشارێک دەبێت بۆسەر دەسەلاتی ئیتحادیش (ناوەند) بۆ دروستکردنی ئەنجومەنێکی فیدرالی / هەرێمەکان (ئەو ئەنجومەنەی کە هەرێمەکان تێیدا نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن)و هەروەها دەبێتە هۆی دابەشبوونی دەسەلاتەکانیش‌و لاواز بوونی دەسەلاتی ناوەندو دوور کەوتنەوەیە لە دەسەلاتی مەرکەزی. ئەوە ئەوەندەی کورد بیەوێ لە ناو دەولەتی عێراقدا بمێنێتەوە .

ئەو بۆچوونەی ئەگەر پارێزگای سلێمانی ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ دەبێتە هۆی پەرتبوونی قورسایی کورد لە عێراقداو کاریگەریی لەسەر سەنگی نەتەوەیی دەبێت، لێرەدا دەبێت بوترێت کورد بە هۆی جۆری جیاوازی پەیوەندیە دەرەکیەکانیەوەو ململانێی حیزبی، لە بەغداش یەکگرتوو نەبووە. بوونی فرەهەرێمی لە کوردستان نابێتە ڕێگر بۆ قورسایی کورد لە بەغدا ئەگەر خاوەن ستراتیژیەکی نەتەوەییو نیشتیمانی هاوبەش بێت.




## فیدرِاڵی بۆ عێراقو مەرکەزییەت بۆ کوردستان

ناکۆکە بەخۆی ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان خۆی بەفیدرالی ناوزەند بکاتو داوای فیدرالیەت بکات بۆ عێراق بەڵام لە هەرێمەکەی خۆیدا بڕوای بەلامەرکەزی پارێزگاکان نەبێتو ئەنجومەنی پارێزگاکان بێدەسەڵات کرابن. یاسای پارێزگاکان وەک پێویستیەکی ئیداریی گرنگ لەلایەن پەرلەمانەوە دادەنرێت، بەڵام بە حیزبی کردنی پەرلەمانو بە پەیرەو نەکردنی سیستەمی لامەرکەزی لە ولاتدا ڕۆلی ئەنجومەنەکانیش نامێنێت .

سیستەمی لامەرکەزی ئەمڕۆکە لە جیهانی هاوچەرخدا مۆدێلێکی گونجاوی فەرمانڕەواییەو جیهان لە سیستەمی مەرکەزیی بێزار بووەو داوای حوکمو بەڕێوەبەرایەتی لۆکالی دەکات.

مەرکەزیەت نەک تەنها کۆی ئەقلی سیاسیو سیستەمی سیاسی دەوڵەتی عێراقی تەنیوە بەلکو لە هەرێمی کوردستانیشدا هێشتا لە ژیانی حوکمرانیو سیاسیو حیزبیشدا ئەقلیەتو سیستەمی مەرکەزیو کەلتوری مەرکەزی زاڵە. کارەکانی هاولاتیانو پارێزگاکان ئەمڕۆکە لە سایەی ئەو دەسەڵاتەی ئێستەدا لە هەرێمی کوردستانو بەپێی ئەزمونەکان لەسەر سیستەمی لامەرکەزی ناڕۆن بەرێگاوەو سیستەمەکە سیمای سەنترالیزمی هەلگرتوە. ئەوە ناکۆکە بەخۆی دەسەلاتی کوردی ئیدیعای ئەوە بکات گوایە حوکمرانی مەرکەزیی لە عێراقدا قبوڵ ناکات کەچی لە کوردستاندا خۆی مەرکەزیەت پەیرەو دەکات .

مەرکەزیەتو دیموکراسیەت دوو شتی ناکۆکن بە یەک. هەتا ئەمڕۆکەش هەندێک لە لایەنە عێراقیەکان بە کوردیشەوە کار بۆ دەسەڵاتی مەرکەزی دەکەنو دژ بە دروستبوونی هەرێمی فیدرالین. کورد لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا گرفتاری سیاسەتی مەرکەزیەتو بەو هۆیەوە ڕوبەرووی زیان بۆتەوە. هەربۆیە مەرکەزیەت لە بەرژەوەندی کوردیشدا نیە. فکری مەرکەزیەت لە عێراقو لە کوردستاندا بە تەنها بۆ بەرژەوەندی نوخبەیەکی دیاری دەسەڵات بووە.

## دەرەنجام

فیدرالیزم یەکێکە لەشێوازی سیستەمە سیاسیەکان کە لەزۆرێك لەدەوڵەتان بەسەرکەوتویی پراکتیزەکراوەو بۆتە هۆی چارەسەری زۆرێك لەکێشەو جیاوازی ئەتنیکیو مەزهەبیو ئیداریو کەلتوریو فاکتەرێکی گونجاو بووە بۆ سەقامگیریو دیموکراسی. بەڵام لە هەندێك لە دەوڵەتانیش ئەم سیستەمە لێکهەلوەشاوە وەك لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، یۆگۆسلاڤیاو ئەنگۆلا، بەڵام لەهەندێ شوێنیش لە لەقیندایە بۆ نمونە لە کەنەدا .

- وەك لە توێژینەوەکەدا دەبینرێت فیدرالیزم لایەنی باشو خراپیشی هەیە بەڵام دەرئەنجام لایەنە بەسودەکان زۆرترو کاریگەرترن.
- فیدرالیزم ناکرێ لەهەموو ولاتێكو کۆمەڵگایەك وەك یەك پراکتیزە بکرێت. بۆ هەندێ ولاتو کۆمەڵگا لە قۆناغێکی نەگونجاودا پراکتیزە کردنی نەگونجاوە، بۆنمونە لە ئەفغانستان.
- کێشەی فیدرالیزم لە تێنەگەیشتنە لەچەمکی فیدرالیزم نەوەك لەخودی فیدرالیزم خۆی .
- دیموکراسیو سەقامگیریو هوشیاری کۆمەڵایەتیو سیاسیو خواستی ئارەزومەدانە فاکتەرو بنەمای گرنگن بۆ پراکتیزە کردنی فیدرالیزم.
- بەتەنیا یەك ئێتنیك، یەك حیزبی سیاسیو تاك مەزهەبێك جێگای فەرمانڕەوایی نیە بۆ عێراق. یەکتر قبولکردنی لایەنە سیاسیو ئاینیو مەزهەبەکانو ددان نان بەجیاوازیەکان پێویستیەکی ژیانیە بۆ پرەنسیپی فیدرالیزم .
- بە کۆمەلگەیی بوون مەرجێکی تری ئەم سیستەمە سیاسیەیە کە لە عێراق هێشتا نیەو پێنەگەیشتوە.
- لەپال پراکتیزە کردنی ئەم شێوازی سیستەمە سیاسیە لەعێراقدا هێشتا سیاسەتو دیموکراسی تەوافوقی پێویستە .
- ئەگەر دەسەڵاتو کۆمەلگە لەعێراق بتوانن ببنە خاوەنی سیستەمێکی فیدرالی واقیعبینانە ئەوا عێراق دەبێتە مۆدێلێکی بەسوود بۆ ناوچەکەش. لێرەدا سوود وەرگرتن لە سیستەمی فیدرالی ولاتەکانی تر پێویستە بەتایبەت کۆمەلگە پلورالیستەکان وەك سویسرا .
- فکری فیدرالیزم بەرهەمی کۆمەلی عێراقی خۆی نەبووەو لەخوارەوە بۆ سەرەوە ئەنجام نەدراوە بەلکو بەرهەمی فکری ئەلیتەیەکی سیاسیەو هەربۆیە بڕیار لە کۆمەلگەی عێراقیش لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەدرێ نەك بەپێچەوانەوە.

•دروستبوونی ئەنجومەنی فیدرالی یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان بۆ نوێنەرایەتی کردنی هەرێمەکانو ئێتنیە جیاوازەکان. مۆدێلی ئەنجومەنی فیدرالی (کانتۆنەکان) لە سویسرا بەسوودمەند دەبینرێت بۆ عێراق .

•سیستەمی سیاسی سەنترالیزم لەمێژووی سیاسی عێراق بەروونی نیشانیدا گونجاو،و ئەقلانی نیە بۆ سروشتو پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق. ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمو لکاو بەسیاسەتو فکری تۆتالیتاریزمەوە وەك ئەوەی حیزبی بەعس لە عێراقدا پیادەی کرد لە هاوکێشەی کۆتایدا ناسەقامگیری دەوڵەتو کۆمەڵگەی لێکەوتەوە. سەقامگیری لە عێراقی دەوڵەتی بەعسدا تەنیا بەرێگای میکانیزمی زەبروزەنگی ناوەندەوە راگیرابوو. ئەگەر سەنترالیزم هەتا رادەیەك بۆ دەوڵەتێکی تاك نەتەوە "گونجاو" بێت ئەوا بۆ کۆمەڵگەو

دەوڵەتێکی فرەنەتەوەو فرە کەلتورو فرە ئاینو فرە مەزهەب گونجاو نیە. بەڵام مێژوو بە روونی نیشانیداوە هیچ سیستەمێکی سیاسی نەگۆر نیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژی زەمەنییش فەرمانرەوایی بکات. لەبەری ئەوەی سەنترالیزم چیتر گونجاو نیە بۆ عێراق، ئەگەر ئەم دەوڵەتە نەبێتە فیدرالیو سیستەمی لامەرکەزی تێیدا پیادە نەکرێت ئەوا دوور یان نزیك مەترسی لەیەکتر ترازانو هەلوەشانەوی هەیە. باشوری کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی کوردی بەڵام فیدرالی چونکە سروشتی ئەم سیستەمە سیاسیە فیدرالیە بۆ باشوری کوردسانیش گونجاوە .

•بە هەرێم بوونی پارێزگاکانی باشوری کوردستان لەسەر بنەمایەکی فیدرالی بۆتە پێویستیەك لەبەر ئەوەی مەرکەزیەت تێیدا پراکتیزە دەکرێتو دەسەڵاتە سیاسیەکەی بروای بە سیستەمی لامەرکەزی نیە.

## سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بەزمانی کوردی
*عەلی شەمەری، فیدرالیزمء سیستەمەکانی یەکێتی فیدرالی، وەگێرانی بۆ کوردی: حەسەن یاسین.
*ئەسەدوللا ئەلەم، بنچینەکانی فیدرالیزم، وەرگێرانی بۆ کوردی: ریباز مستەفا.
*دەستوری کۆماری عیراق، 2005.
*ئۆرسۆلا مۆنخء هاینز لۆفەر، دەرگایەك بۆ باس لەسەر فیدرالیزم لە ئالمان، وەرگیرانی : لەفارسیەوە: ناسر بابامیری .
*بەهادین ئەحمەد محەمەد، تیۆری دەولەتء سیستەمە رامیاریەکان.
*سەیوان کاکەرەش، بەراورد لە نیوان رژیمە فیدرالەکاندا.
*ئازاد وەلەد بەگی، نیگا (فەرهەنگی رامیاری.(

ئینتەرنێت
www.abipur.de/hausaufgaben/.../666213448.html

de.answers.yahoo.com/question/index?qid

http://de.wikipedia.org/wiki/F%C3%B6deralismus

www.abipur.de/hausaufgaben/.../666213448.html

de.wikipedia.org

www.abipur.de/hausaufgaben/.../666213448.html

de.wikipedia.org/wiki/Kanton_(Schweiz

de.wikipedia.org/wiki/Deutschland

www.theglobaleducationproject.org/.../info/.../iraq_ethnic_religious_map.html

سایتەکان
سایتی سبەی، 12.8.2008، ژمارە 281 .
سایتی سبەی، 15.1.2010.

رۆژنامە
کوردستانی نویَ، 2010/8/14
رۆژنامەی رۆژنامە 18.2.2008
خەبات عبداللە، گۆڤاری سڤیل، ژمارە 86.

سەرچاوەکان بەزمانی ئەلمانی

گۆڤار
*Aus Politik und Zeitgeschichte (B 24-25/2003)

کتیَب
- Leyla Özden, Der Föderalismus im Irak, Frankfurt.
- Naseef Naeem, Die neue bundesstaatliche Ordnung des Irak.
- Bassam Tibi, Vom Gottesreich zum Nationalstaat. Islam und panarabischer Nationalismus.
- Wolfgang Jung, Grundbegriffe aus Politik Gesellschaft, Wirtschaft.
- Holtmann, Politisches System, allgemeine Definition.

• Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft.

• Kleines Lexikon, S. 120-121.
• Föderalismus,Opladen. 2008.
• Hans Boldt, Nordrhein-Westfalen und der Bund.
• Gebhard Ziller, Georg-Berndt Oschatz: Der Bundesrat. 10. Auflage. Droste, Düsseldorf, 1998, ISBN 3-7700-7068-2،Weblinks
• Gunnar Vollering, Das föderalistische Prinzip der BRD zwischen Solidarität und Autonomie.
• Kringe,Wolfgang, Hrsg, Die Verfassung für das Land Nordrhein-westfalen, von der Landeszentrale für politische Bildung Nordrhein-Westfalen, Düsseldorf,1990; "Verfassung" in: Nordrhein-Westfalen.Landesgeschichte im Lexikon. Veröffentlichungen der staatlichen Archive des Landes Nordrhein-Westfalen, Reihe C: Quellen und Forschungen,Band 3, Düsseldorf 1933.
• Wolf Linder: Schweizerische Demokratie. Verlag Paul Haupt, Bern 1999, ISBN 3-258-05803-2.
• Richard Nyrop, Iraq, A Country Study. 1979, Washington,D.C.
• Belgien verstehen, Brüssel.
• Die religiös-politische Bewegung im Irak, in: iz3,Nr.147.

نەخشەکان

نەخشەی ژمارە 1: دەوڵەتە فیدرالەکان
نەخشەی ژمارە 2: ناوچەی رورگەبیت، بەشێکی ئەمرۆی هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن / ئەلمانیا.
نەخشەی ژمارە 3: ناوچەی ڤێستفالن (رۆژئاوای ناوچەی فالن) بەشێکی ئەمرۆی هەرێمەکە.
نەخشەی ژمارە 4: شازدە هەرێمەکەی ئەلمانیا.
نەخشەی ژمارە 5: سیستەمی سیاسی ئەلمانیای فیدرال (لەلایەن نوسەرەوە کراوە بەکوردی(
نەخشەی ژمارە 6 : سیستەمی سیاسی فیدرالی سویسرا.
نەخشەی ژمارە 7: هەرێمەکانی (کانتۆنەکانی) سویسرا.
نەخشەی ژمارە 8: دەوڵەتی بەلحیکا.
نەخشەی ژمارە 9: نەخشەی جۆزێف بایدن بۆ بە سێ هەرێم کردنی عێراق.
نەخشەی ژمارە 10 : نەخشەی عێراق، نەتەوەییء مەزهەبیء جوگرافی.
نەخشەی ژمارە11: دابەشبوونی عێراق بۆ پێنج هەرێم بەپێی بۆچوونەکەی سەرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق.
نەخشەی ژمارە 12: دەوڵەتی عێراق.
نەخشەی ژمارە 13: هەرێمی کوردستان / ناوچە دابراوەکان (داگیرکراوەکان)
نەخشەی ژمارە 14: فیدراسیۆنی کوردستان، بە هەرێم کردنی پارێزگاکان





خشتەكان
خشتەی ژمارە 1: هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن لەسەر نەخشەی ئەلمانیا.
خشتەی ژمارە 2: دابەشبوونی دەنگەكانی هەرێمەكان لە ئەنجومەنی فیدرالی .
خشتەی ژمارە 3: ژمارەی سەرجەم ئەندامانی نێردراوی حزبەكان (بونیان لە پەرلەمانی ئیتحاد) .

و ژمارەی ئەوانەی هەرێمەكان بۆ كۆبونەوەی ئیتحادی بۆ هەلبژاردنی سەرۆك كۆمار .

وێنە
وێنەی ژمارە 1: كورسی حزبەكان بەوانەی دەسەلاتدارو ئۆپۆزیسۆنەوە لە هەرێمی نۆردراین ڤێستافالن، بە ریزبەندی جیاكراونەتەوە لەنێو هۆلی پەرلەمان.
تەوەری دوەم / كۆمەلیك نەخشە تایبەت بە بابەتەكە.